زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# پاڕستە لە کوردیی ناوەڕاستدا

## نامەیەکە

پێشکەش  بە ئەنجومەنی کولێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە وەك
بەشێك لە  پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی  کوردیدا


## لەلایەن

**ڤیان بەکر عەبدولڕەحمان**

بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی -  ٢٠٠٧


## بە سەرپەرشتیی

**پ . د .  وریا عومەر ئەمین**

گەلاوێژ ٢٧١٥

## بەڵێنامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیەکە ناونیشانەکەی بریتیە لە (پاڕستە لە کوردیی ناوەڕاستدا) هەمووی کاری ڕەسەنی ناکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: ڤیان بەکر عەبدولڕەحمان

بەروار: / /٢٠١٥

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆری زمانی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: پ.د. وریا عومەر ئەمین واژوو:

بەروار: / / ٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د. گۆران سۆران فەیزی

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ

واژوو:

ناو:

بەروار:

هەوالنامەی کتێب

# بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (**پاڕستە لە کوردیی ناوەڕاستدا**) خوێندەوە و قوتابیەکەمان بە ناوی (**ڤیان بەکر عەبدولڕەحمان**)بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی زمانی کوردیدا تێدایە.

واژوو :

ناو: **پ.ی.د. عومەر محمود کەریم**

ئەندام

بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:

ناو: **د. دیار عەلی کەمال**

ئەندام

بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو :

ناو: **پ. د. وریا عومەر ئەمین**

ئەندام

بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:

ناو: **پ. د. عەبدوڵڵا حسێن ڕەسول**

سەرۆکی لیژنە

بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:

ناو: **پ. ی. د. سعید عمر ابراهیم**

ڕاگری کۆلیژی پەروەردە- بریکار

زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

بەروار: / / ٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

# پێشکەشە بە

- دایک و باوک و خوشک و برا خۆشەویستەکانم.

- هەموو ئەوانەی خزمەتی زمانە شیرینەکەمان دەکەن.

# سوپاس و پێزانین

**ڕێز و سوپاسی بێپایانم بۆ :**

*** سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین و ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەو لیژنەی خوێندنی باڵا و بەشی زمانی کوردی کە ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساندم بتوانم خزمەتێکی بچوکی زمانە شیرینەکەمی پێ بکەم.**

*** هەمو ئەو مامۆستایانەی لە ماوەی خوێندنی باڵادا وانەیان پێ وتومەتەوە.**

*** مامۆستای سەرپەرشتم (پ.د. وریا عومەر ئەمین) کە ئەرکی سەپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و بە تێبینییە وردەکانی و زانیارییە بە پێزەکانی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕۆشن کردوومەتەوە.....**

*** مامۆستای بەڕێزم (د. حاتەم ولیا محەمەد) کە بە زانیارییەکانی زۆر بەدڵسۆزی یارمەتی زانستیی داوم .**

*** برام (ئەمیر بەکر عەبدولڕەحمان) کە لە چاپ کردن و ڕێکخستنی نامەکەدا زۆر یارمەتیی دام.**

*** هاوڕێی بەڕێزم (ساکار کەمال واحید) کە لە بەدەستخستنی سەرچاوەدا هاوکارم بوە.**

*** هاوڕێی بەڕێزم (جوتیار جاسم) کە زۆر یارمەتی داوم.**

*** هاوپۆلم (فەیسەل غازی محەمەد) کە زۆر هاریکاریی کردم. هەروەها هەمو ئەو دۆست و برادەرانەی کە بە هەر جۆرێک بێ یارمەتییان داوم.**

**نزای تەندروستی و سەرکەوتن بۆ هەموان دەکەم**


هەواڵنامەی کتێب

# کورتکراو و هێماکان

| | |
|---|---|
| ئال | ئامرازی لێکدەر |
| ئاگ | ئامرازی گەیەنەر |
| ب | بکەر |
| ب ل | بکەری لۆجیکی |
| بە | بەرکار |
| بە ڕا | بەرکاری ڕاستەوخۆ |
| بە نا | بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| پ | پارستە |
| پ د | پارستەی دیارخەری |
| پ د ئا | پارستە دیارخەری ئامانج |
| پ د ئە | پارستە دیارخەری ئەنجام |
| پ د ب | پارستە دیارخەری بکەر |
| پ د بە | پارستە دیارخەری بەرکاری |
| پ د د | پارستە دیارخەری دیارخەری |
| پ د پ | پارستە دیارخەرپێوانە |
| پ د دیا | پارستە دیارخەری دیارخراوی |
| پ ن بە | پارستەی ناوی بەرکاری |
| پ د ت | پارستە دیارخەری تەواوکەری |
| پ د ک | پارستە دیارخەری کات |
| پ د ش | پارستە دیارخەری شوێن |
| پ د هۆ | پارستە دیارخەری هۆ |
| پ بەڕ | پارستە بەرکاری ڕاستەوخۆ |
| ت | تەواوکەر |
| ج | جێناو |
| ج ئا | جێناوی ئاماژە |
| ج خ | جێناوی خۆیی |

| | |
|---|---|
| ج ڕێک | جێناوی ڕێککەوتن |
| ڕ | ڕستە |
| ڕا | ڕادە |
| ڕ ک ج | ڕستەی کاری مەرج |
| ڕ و ج | ڕستەی وەڵامی مەرج |
| ڕە | ڕەگ |
| شاڕ | شاڕستە |
| ف ئاوەڵ | فرێزی ئاوەڵناوی |
| ف ئاوەڵک | فرێزی ئاوەڵکاری |
| ف ک | فرێزی کاری |
| ف ن ب | فرێزی ناوی بکەری |
| ف ن بە | فرێزی ناوی بەرکاری |
| ف ئاوەڵک ش | فرێزی ئاوەڵکاری شوێنی |
| ک | کار |
| کل ب | کلیتیکی بکەری |
| م ک | مۆرفیمی کات |
| ن | ناو |
| هاو | هاوبەش لەهەردوولا |
| * | نیشانەی نارێزمانی |
| ...... | ماویەتی |
| ← | دەبێت بە |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| ∞ | بێ کۆتایی |
| I | هاونیشانەبون |
| A | دەستە جێناوی لکاوی خاوەنی |
| B | دەستەی ڕێکەوتن |
| × | نیشانەی دەرنەکەوتن |

# زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Relative clause article | ئامرازی گەیەنەر |
| Adverb | ئاوەڵکار |
| Adverbial | ئاوەڵگوزارە |
| Optional | بەئارەزوو |
| Pronominalization | بەجێناوکردن |
| Deep structure | بنـج - ڕۆنانی ژێرەوە |
| Adjectival clause | پاڕستەی دیارخەری |
| Modifier | دیارخەر |
| Independent clause | شاڕستە |
| Dependent cause | پاڕستە |
| Complement | تەواوکەر |
| Intensifire | ڕادە |
| Compound sentence | ڕستەی لێکدراو |
| Ungrammatical sentence | ڕستەی ناڕێزمانی |
| Complex sentence | ڕستەی ئاڵۆز |
| Surface structure | ڕۆنانی سەرەوە |
| Traditional grammar | ڕێزمانی دێرین |
| Concord | ڕێککەوتن |
| Prepositional phrase | فرێزی بەند |
| Category | کەتیگۆری |
| Ambiguity | لێڵی |
| Morphsyntax | مۆرفۆسینتاکس |
| Suprementary rules | یاسا تەواوکارییەکان |
| Elementary rules | یاسا سەرەتاییەکان |
| Transformational rules | یاسای گوێزانەوە |
| Possessive | هەیی |

هەواڵنامەی کتێب

# پوختەی توێژینەوە

ڕستە دانەیێکی زمانییە لە وشەیەك یان زیاتر پێکدێت بە یاسای دیاریکراو لێکدەدرێن. بیرۆکەیەك دەردەبڕێ و پێویستە کارێکی تێدابێ. لە ڕوی داڕشتنەوە چوار جۆر ڕستە لە هەمو زمانانی جیهان هەیە(سادە ـ لێکدراو ـ ئاڵۆز ـ لێکدراوی ئاڵۆز).

سادەترین ڕستە لە گرێیێکی **clause** سەربەست پێکدێت، کە بەلای کەمی لە بکەر و کار پێکدێت. ڕستەی لێکدراو لە زیاتر لە ڕستەیێکی سادە پێکدێت کە بە ئامرازی بەستن لێکدەدرێن. ڕستەی ئاڵۆز لە ڕستەیێکی سەربەست و ڕستەیێك یا زیاتر ڕستەی تێکچڕژاو پێکدێت.ڕستەی لیکدراوی ئاڵۆز بە لێکدانی چەند ڕستەیێکی سادە و ئاڵۆز دادەڕێژرێ.

ئەم نامەیە بەناونیشانی(پاڕستە لە کوردی ناوەڕاستدا)یە، لە بارەی ڕستەی ئاڵۆزی زمانی کوردیەوەیە. جۆر و پێکهاتەکان و یاساکانی داڕشتنیان بە پێی ڕێبازی بەرهەمهێنان دەخاتە ڕو. لە چوار بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم پێشەکییە، لە ناونیشان و ئامانج و گرنگی و سنور و گیروگرفت و گریمانە و ڕێباز و کەرەستەی شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە دەکۆڵێتەوە. لە بەشی دووەمدا پێناسەی ڕستە و پێکهاتەکانی و یاساکانی داڕشتنی دەخاتەڕو. لە بەشی سێیەمدا کە لە دو تەوەر پێکهاتوە. تەوەری یەکەم لەبارەی پۆلینکردنی ڕستەیە بۆ سادە و ئاڵۆز و دابەشکردنی ڕستەی ئاڵۆز بە سەر لێکدراو و تێکچڕژاو و چووە ناویەك. تەوەری دووەم لەبارەی جۆرەکانی پاڕستەیە (ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری). لە بەشی چوارەمدا لە ڕیزبونی وشەکان و بەشە بنجییەکانی ڕستەی کوردی دەکۆڵێتەوە. هەروەها یاساکانی تێهەڵکێش کردنی پاڕستەی بکەرنادیار و لێڵی و مەرجی و کلیتیکاندن دەخاتە ڕو. نمونەکان هەمو بەهێلکاری خراونەتە ڕو.

گرنگترین ئەنجامی ئەم کارە ئەوەیە کە بەهەمان یاسا هەمو جۆر پاڕستە تێهەڵکێشی شاڕستە دەکرێن.

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەڵێنامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| پێشکەش | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| کورتکراو و هێماکان | VIII-VII |
| زاراوەکان | IX |
| پوختەی توێژینەوە | X |
| ناوەرۆک | XIV-XI |
| **بەشی یەکەم** | **١- ٣** |
| پێشەکی | ١ |
| ١/١ ناونیشانی نامەکە | ١ |
| ٢/١ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | ١ |
| ٣/١ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/١ گریمانە | ٢ |
| ٥/١ ڕێبازی لێکۆڵینەوە | ٢ |
| ٦/١ سنور و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/١ گیروگرفت | ٢ |
| ٨/١ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| **بەشی دووەم** | **٤- ٢٠** |
| ڕستەسازیی ڕستەی سادە | ٤ |
| ١/٢ سەرەتا | ٤ |
| ١-١/٢ پێکهاتەکانی ڕستە | ٥ |
| ١-١-١/٢سادەترین ڕستەی کوردی | ٥ |
| ٢-١-١/٢ فریز | ٥ |
| ١-٢-١-١/٢ سەرەHeadلەفرێزدا | ٥ |
| ٢-٢-١-١/٢ هەندێ لەتایبەتمەندییەکانی(سەرە)لە فرێزدا | ٥ |
| ٢/٢ (ف ن)و(ف ک) وەک دوو پێکهاتەی بناغەی ڕستە | ٦ |
| ١-٢/٢ فرێزی ناوی | ٦ |


هەوالنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٢/٢-١-١ یاسای لێکدانی ناوەکان بۆ پێکهێنانی فرێزی ناوی | ٧ |
| ٢/٢-١-٢ فراوانکردنی فرێزی ناوی | ١١ |
| ٢/٢-١-٢-١ دیارخەرەکانی پێش سەرە | ١١ |
| ٢/٢-١-٣ هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دیارخەرەکانی پێش سەرەی فرێزی ناوی | ١٤ |
| ٢/٢-١-٢-٢ دیارخەرەکانی دوای سەرەی فرێزی ناوی | ١٤ |
| ٢/٢-١-٢-٢-١ دیارخەرەکانی دوای سەرە بەشێوەی ڕاستەوخۆ | ١٤ |
| ٢/٢-١-٢-٢-٢ دیارخەرەکانی دوای سەرە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ | ١٤ |
| ٢/٢-٢ فرێزی کاری | ١٦ |
| ٢/٢-٢-١ فراوانکردنی فرێزی کاری | ١٧ |
| ٢/٢-٢-١-١ ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی کاری | ١٧ |
| ٢/٢-٢-١-٢ ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی کاری | ١٧ |
| ٢/٢-٢-٢ یاساکانی داڕشتنی فرێزی کاری | ١٨ |
| ٢/٣ فرێزی بەند | ١٨ |
| ٢/٤ فرێزی ئاوەڵناوی | ١٩ |
| ٢/٥ فرێزی ئاوەڵکاری | ٢٠ |
| **بەشی سێیەم** | **٢١-٦٤** |
| ٣/١ تەوەری یەکەم | ٢١ |
| ٣/١-١ جۆرەکانی ڕستە | ٢١ |
| ٣/١-١-ا ڕستەی سادە | ٢١ |
| ٣/١-١- ب ڕستەی ناسادە | ٢٣ |
| ٣/١-١- ب-١ ڕستەی لێکدراو | ٢٣ |
| ٣/١-١- ب-٢ ڕستەی ئاڵۆز | ٢٦ |
| ٣/١-١- ب-٢-١ بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز | ٢٨ |
| ٣/١-١- ب-٢-١-١ شاڕستە (ڕستەی سەرەکی) | ٢٨ |
| ٣/١-١- ب-٢-١-٢ پاڕستە (ڕستەی لاوەکی) | ٢٨ |
| ٣/١-١- ب-٢-١-٣ ئامرازی گەیەنەر | ٢٩ |
| ٣/١-٢ کەرستەکانی پاڕستە | ٢٩ |
| ٣/١-٢-١ بکەر | ٢٩ |
| ٣/١-٢-١- ا) بکەری ڕێزمانی | ٣٠ |
| ٣/١-٢-١- ب)بکەری لۆجیکی | ٣٠ |
| ٣/١-٢-٢ بەرکار | ٣١ |
| ٣/١-٢-٣ تەواوکەر | ٣١ |
| ٣/١-٢-٤ سەربار | ٣٢ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٣/١-٢-٥ كار | ٣٣ |
| ٣/٢ تەوەری دووەم | ٣٤ |
| ٣/٢-١ پاڕستەو جۆری | ٣٤ |
| ٣/٢-١-ا پاڕستەی دیارخەری ناو(پاڕستەی ئاوەڵناوی) | ٣٤ |
| ٣/٢-١-ب پاڕستەی دیارخەری كار(پاڕستەی ئاوەڵكاری) | ٣٥ |
| ٣/٢-١-٠ دیارخەر | ٣٦ |
| ٣/٢-١- ا پاڕستەی ئاوەڵناوی (دیارخەری ناو) | ٣٧ |
| ٣/٢-١- ا-١ پاڕستە دیارخەری بكەر | ٣٨ |
| ٣/٢-١- ا-٢ پاڕستەی دیارخەری بەركاری ڕاستەوخۆ | ٤٠ |
| ٣/٢-١-ا-٢-١ پاڕستە دیارخەری بەركاری كاری تێپەڕ | ٤٠ |
| ٣/٢-١-ا-٢-٢ پاڕستە دیارخەری بەركاری دەركەوتوی كاری تێنەپەڕ | ٤١ |
| ٣/٢-١-ا-٢-٣ پاڕستە دیارخەری بەركاری دەرنەكەوتوی كاری تێپەڕ | ٤٢ |
| ٣/٢-١- ا-٣ پاڕستەی دیارخەری بەركاری ناڕاستەوخۆ | ٤٧ |
| ٣/٢-١- ا-٤ پاڕستەی دیارخەری تەواوكەری | ٤٨ |
| ٣/٢-١- ا-٥ پاڕستەی دیارخەری جێگری بكەر | ٥٠ |
| ٣/٢-١- ا-٦ پاڕستەی دیارخەری دیارخەری | ٥١ |
| ٣/٢-١- ا-٧ پاڕستەی دیارخەری دیارخراوی | ٥٢ |
| ٣/٢-١- ب پاڕستەی ئاوەڵكاری | ٥٤ |
| ٣/٢-١- ب-١ پاڕستەی دیارخەری كات | ٥٥ |
| ٣/٢-١- ب-٢ پاڕستەی دیارخەری شوێن | ٥٦ |
| ٣/٢-١- ب-٣ پاڕستەی دیارخەری هۆ | ٥٧ |
| ٣/٢-١- ب-٤ پاڕستەی دیارخەری ئەنجام | ٥٨ |
| ٣/٢-١- ب-٥ پاڕستەی دیارخەری ئامانج (مەبەست) | ٦٠ |
| ٣/٢-١- ب-٦ پاڕستەی دیارخەری پێوانە | ٦٠ |
| ٣/٢-١- ب-٧ پاڕستەی دیارخەری پێچەوانە | ٦١ |
| ٣/٢-١- ب-٨ ڕستەی مەرجی | ٦٣ |
| **بەشی چوارەم** | **٦٥-٩٨** |
| ڕوەكانی ڕستەی ئاڵۆز | ٦٥ |
| ٤/١ بونیادی ڕستەی ئاڵۆز | ٦٥ |
| ٤/١-١ چۆنیەتی ڕیزبونی ڕستە لە ڕستەی ئاڵۆز | ٦٧ |
| ٤/١-٢ كار لە ڕستەی ئاڵۆزدا | ٦٨ |
| ٤/١-٣ ڕێككەوتن لە ڕستەی ئاڵۆزدا | ٧٠ |
| ٤/١-٤ ڕستەی ئاڵۆزو بكەرنادیاری | ٧١ |

| | |
|---|---|
| ١/٤-٤-١ نادياری له پاڕستەدا | ٧١ |
| ١/٤-٤-٢ بکەرنادیاری له پاڕستەو شاڕستەدا بەیەکەوە | ٧٥ |
| ١/٤-٥ لێڵی له ڕستەی ئاڵۆزدا | ٧٦ |
| ١/٤-٦ کرتاندن له ڕستەی ئاڵۆزدا | ٨٢ |
| ١/٤-٦-١ کرتاندنی ئامرازی گەیەنەر | ٨٢ |
| ١/٤-٦-٢ کرتاندن له پاڕستەی دیارخەری دیارخراوی | ٨٣ |
| ١/٤-٦-٣ کرتاندنی بەرکاری ڕاستەوخۆ له پاڕستەی دیارخەریدا | ٨٤ |
| ١/٤-٦-٤ کرتاندنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ له پاڕستەی دیارخەریدا | ٨٤ |
| ١/٤-٧ ڕیزبونی کەرستەی مۆرفۆسینتاکسی | ٨٥ |
| ١/٤-٧-١ کلیتیکاندنی بکەر له پاڕستەدا | ٨٦ |
| ١/٤-٧-٢ کلیتیکاندنی بەرکار | ٨٧ |
| ١/٤-٧-٣ کلیتیکاندنی دیارخەری | ٨٩ |
| ١/٤-٧-٤ کلیتیکاندنی بەرکار له پارستەی بکەر نادیاردا | ٩٠ |
| ١/٤-٨ کۆنترۆڵ و پاڕستە | ٩١ |
| ١/٤-٩ گوێزانەوە و ڕستەی ئاڵۆز | ٩٢ |
| ١/٤-١٠ یاساکانی گوێزانەوە له ڕستەی ئاڵۆزدا | ٩٢ |
| ١/٤-١١ جێکەوتەی بکەر و بەرکار له ڕستەی ئاڵۆزدا | ٩٣ |
| ١/٤-١٢ ڕستەی سەرجێناوی و سروشتی پاڕستە دیارخەری دیارخراوی | ٩٤ |
| ١/٤-١٢-١ پێکهاتی شاڕستە له پارستەی دیارخەری دیارخراودا | ٩٤ |
| ١/٤-١٢-٢ پاڕستە دیارخەری دیارخراوی له ڕستەی سەرجێناوی | ٩٥ |
| ١/٤-١٢-٣ گوێزانەوە له پاڕستەی دیارخەری دیارخراوی سەرجێناویدا | ٩٦ |
| ١/٤-١٣ ئەرکی فرێزی سەردیارخراو بەجێناو لەڕستەی ئاڵۆزدا | ٩٧ |
| ١/٤-١٣-١ ئەرکی دیارخەری(بکەر- بەرکار) | ٩٧ |
| ١/٤-١٣-٢ ئەرکی (بکەر- بکەر) | ٩٧ |
| **ئەنجامەکان** | ٩٩ |
| **سەرچاوەکان** | R١٠٠- R١٠٦ |
| **کورتە بە ئینگلیزی** | A |


عەبدوڵڵا عەبدولحەمید کتێب

# بەشی یەکەم
# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

## پێشەکی

### ١/١ ناونیشانی نامەکە:

(پاڕستە لە کوردیی ناوەڕاستدا) ناونیشانی ئەم نامەیەیە. لەبارەی ڕستەی ئاڵۆزی تایبەت بە پاڕستەی دیارخەرییە لە زمانی کوردیدا.

### ٢\١ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

تا حەفتاکانی سەدەی ڕابوردو کتێب و وتارە ڕێزمانی و زمانییەکانی کوردی کەمتر باسی ڕستەیان کردوە لە ڕووی ڕۆنانەوە پتر بایەخیان بە وشەسازی و دەنگسازی و نەژادی وشە داوە. یەکەم کار کە لە ڕستەی زمانی کوردیی کۆڵیبێتەوە و یاسا سەرەکییەکانی دەستنیشان کردبێ لە ساڵی ١٩٧٦ بو بەناوی (چەن یاسایێکی بنجیی داڕشتنی ڕستەی زمانی کوردی) بە زمانی ئینگلیزی ( Amin, W. O، 1976) . لەم کارەدا یاساکانی داڕشتنی ڕستەی زمانی کوردی (سادە و ئاڵۆز) بەپێی یاسا فرێزییەکان و ڕێبازی گوێزانەوە و بەرهەمهێنان خراونەتە ڕوو. (ئەم کارە ئاسۆیێکی نوێی کردەوە لە بەردەم زمانەوانان و ڕێزماننوسانی کورد بایەخ بە ڕستەسازی بدەن). (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٧: ٢١).

دوای ئەمە زمانەوانان و قوتابییانی خوێندنی باڵا دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە لە بارەی ڕستەی کوردی. دەیان لێکۆڵینەوە و کتێب و نامە لەم بوارەدا ئەنجام درا و بڵاوبونەوە. هەریەکە هەوڵی داوە لە ڕوویێکەوە ئەم لایەنەی زمان و ڕێزمانی کوردی بخاتەڕوو. زۆربەی ئەم کارانە لە چوارچێوەی ڕستەی سادە ئەنجام دراون و لە ڕووی تیۆرییەوەن. کەم خۆیان لە ڕستەی ئاڵۆز دەدەن. ئەم کارە هەوڵدانێکە بۆ خستنەسەری هەندێ تیشکی زیاتر بەسەر ئەم لایەنەی ڕێزمانی زمانی کوردی.

### ٣/١ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی ئەم کارە لێکۆڵینەوەیە لە ئاستی ڕستەسازیی ڕستەی ئاڵۆزی تایبەت بە پاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا. بە پێی یاساکانی گوێزانەوە چۆنیەتیی نەخشاندنی درەختی هێلکاریی ڕستەی ئاڵۆز دەستنیشانکراوە.

## ٤/١ گریمانە:

دەستەیێك یاسای گوێزانەوەی سنوردار هەن کە هەمو جۆرە ڕستەیێکی ئاڵۆزیان پێ دادەڕێژرێ. ئەمە پرۆسەیێکی ماتماتیکییە کە بەژمارەیێکی سنورداری وشە و ژمارەیێکی کەمی سنورداری یاساکان، ژمارەیێکی بێ کۆتایی ڕستە دادەڕێژرێ. ئەمە کرۆکی ڕێبازی بەرهەمهێنانە و گوێزانەوە.

## ٥/١ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێی ڕێبازی ستانداردی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئەنجامدراوە.

## ٦/١ سنور و کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم کارە لە ئاستی ڕستەسازیی زمانی ستانداردی کوردیی ناوەڕاست ئەنجامدراوە. کەرستەی شیکردنەوەی لەئاخاوتنی ڕۆژانە و نامە زانستییەکانەوە وەرگیراوە.

## ٧/١ گیروگرفت:

تێکەڵی و جۆراوجۆری سەرچاوەی تیۆری لەبارەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا و هەمەجۆری و ڕاڕایی سەرچاوەی تیۆری لەبارەی ڕێبازەکانی شیکردنەوە و زاراوەکان بەزمانی کوردی لە تەگەرە و گیروگرفتە سەرەکییەکان بون لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارە.

## ٨/١ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، پێڕەوی لێکۆڵینەوەکە وای سەپاند کە کارەکە بە چوار هەنگاو ئەنجام بدرێ و نامەکە بە چوار بەش پێشکەش بکرێ بەم جۆرە.

**بەشی یەکەم** پێشەکییە، لە ناونیشان و ئامانج و گرنگی و سنور و گیروگرفت و گریمانە و ڕێباز و کەرستەی شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە دەکۆڵێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**بەشی دووەم** بە ناونیشانی (ڕستەسازیی ڕستەی سادە)یە. ئەم بابەتانە دەخاتە ڕوو: پێناسەی ڕستە و پێکهاتەکانی ڕستە و یاساکانی دارشتنی ڕستە بە ڕێبازی یاسا فرێزییەکان.

**بەشی سێیەم** بە ناونیشانی (جۆرەکانی پاڕستە)یە ، لە دو تەوەر پێکهاتوە.

**تەوەری یەکەم** لەبارەی پۆلکردنی ڕستەیە بۆ سادە و ناسادە و دابەشکردنی ڕستەی ناسادە بە سەر لێکدراو و ئاڵۆز.

**تەوەری دووەم** لەبارەی جۆرەکانی پاڕستەیە (ناوی و ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری).

**بەشی چوارەم** بە ناونیشانی (ڕووەکانی ڕستەی ئاڵۆز) ـە ،کە چەند لایەنێکی ڕستەی ئاڵۆز دەخاتە ڕوو. لە ڕیزبونی ڕستەکانی ڕستەی ئاڵوز و وشەکان و بەشە بنجییەکانی ڕستەی کوردی دەکۆڵێتەوە. یاساکانی تێهەڵکێشکردنی پاڕستەی بکەرنادیار و لێل و مەرجی و کلیتیکاندن دەخاتە ڕوو. نمونەکان هەمو بە هێڵکاریەوە نمایشکراون.

لە کۆتاییدا هەندێ ئەنجام و لیستەی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

هەولێرنامەی کتێب

# بەشی دووەم

# ڕستەسازیی ڕستەی سادە

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## ڕستەسازیی ڕستەی سادە

### ١/٢ سەرەتا

ڕستە دانەیێکی ڕێزمانییە، لە وشەیەك یا زیاتر پێکدێ بیرۆکەیێکی تەواوی کاتدار دەردەبڕێ و بە شێوەیێکی گشتی کارێکی تێدا دەبێ. بیرۆکەکە شێوەی (باس ، پرسیار، سەرسوڕمان ، داواکاری ، پێشنیاز ، داخوازی ..هتد ) دەگرێتەخۆ.

لە ڕووی داڕشتن و پێکهاتنەوە ڕستە "گەورەترین دانەی ڕێزمانیی زمانە. ئامانجی هەرە سەرەکی ڕێزمان پێناسینی ڕستەیە، ڕستەش پێناناسێنرێ بێ پێناسین و دەستنیشانکردنی سروشت و چۆنیەتیی هەموو ئەو کەرستانەی دروستی دەکەن و جۆری پەیوەندیی نێوانیان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا، بچوکترین و سادەترین کەرستەکانی زمان ئەو تاکە دەنگانەن کە بەهۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروستدەکرێن، گەورەترین و ئاڵۆزترین دانەی (ڕێزمانی)ش ڕستەیە. پەیوەندیی نێوان دەنگ و ڕستە لەسەر پەیڕەوێکی هەرەمی لەم جۆرە دامەزراوە."(وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٦: ١٨٣-١٨٩)




واتە بەهۆی ئەو نرخانەی تاکە دەنگەکانی زمان لە ناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتیدا پیشانی دەدەن فۆنیمەکانی زمانەکە دەستنیشان دەکرێن.....بەم پێیە دەستنیشانکردنی

سروشت و چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم کەرستانە (دەنگ – فۆنیم – بڕگە – مۆرفیم – وشە – فرێز ) و پیشاندانی جۆری پەیوەندی نێوانیان و چۆنیەتی لەیەکدانیان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا ڕێزمانی زمانەکەیە. (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە) ڕستەسازی لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە بەهۆیانەوە وشەکان لێکدەدرێن بۆ داڕشتنی فرێز. فرێزەکان لێکدەدرێن بۆ داڕشتنی ڕستە سادەکان. ڕستە سادەکان لێکدەدرێن بۆ داڕشتنی ڕستە ئاڵۆزەکان

## ٢/١- ١ پێکهاتەکانی ڕستە:

### ٢/١-١-١ سادەترین ڕستەی کوردی:

بە دەستنیشانکردنی یاساکانی داڕشتنی(ف ن) و (ف ك) ڕێزمانی سادەترین ڕستەی کوردی دەستنیشاندەکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

### ٢/١-١-٢فرێز:

فرێز پێکهاتەکانی ڕستەیە پەیوەندی بەقەوارەیەکی تایبەتی یەوە نییە، ڕەنگە چەندین وشە پێکی بهێنێت هەمیشە (سەرە)یەکی هەیە سەرەی فرێزەکان دەکرێ کاتیگۆرییەکی فەرهەنگیبێ کەواتە بێ بونی سەرە فرێز دروستنابێت.

### ٢/١-١-٢-١ سەرە (Head) لە فرێزدا:

جگە لەوەی کە سەرە ناوکی فرێزە و دانەیەکی بەخورتییە. " بۆ ئەوەی بتوانین ئەم سەرە ڕێزمانییە بدۆزینەوە و دەستنیشانی بکەین لەناو فرێزکەدا ئەوا پێویستمان بە پێوەرێکی سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی دەبێت" (عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان،٢٠٠٩: ٨٨) بەم پێوەرەش سەرە چەند تایبەتمەندییەکی دەبێ کە لەم خاڵانەی خوارەوە دەخرێنەڕوو:

### ٢/١-١-٢-٢ هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی (سەرە) لە فرێزدا:

ئ ـ سەرە پلەیێکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیێکی ڕێزمانییە کە بۆ هەمو فرێزەکە دەگەڕێتەوە.

ب ـ سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرستە شوێنکەوتوەکانی خۆیەوە هەیە.

پ - سەرە لەکەس و ژمارەدا لەگەل شوێنکەوتووەکانی خۆی ڕێکدەکەوێت. (سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩: ٣١)

## ٢/٢ (ف.ن) و (ف.ک) وەک دو پێکهاتەی بناغەی ڕستە:

### ٢/٢-١ فرێزی ناوی:

یەکێکە لە دو پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی ڕستە، ئەرکی ناو دەبینێت، لە سادەترین ڕۆنانیدا لە "ناوێك یان زیاتر پێکدێت (دەگوترێ زیاتر واتە ژمارەیەکی بێ کۆتایی).

ف ن ← ناو + ناو.......... ∞

دەکرێ ناوەکان بە (و) یان (ی) لە یەکبدرێن جیایی لەنێوان ئەم دو جۆرە لەیەکدانە لەوە دایە. ئەو ناوانەی بە (و) لەیەکدەدرێن هەمو بەشداری لە ڕووداوی کارەکەدا دەکەن بەپێی ئەو ئەرکە سینتاکسیەی لەناو چوارچێوەی ڕستەکەدا پێی دەدرێت وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت.

ا-تریفە و تابان و دیار و دیدار و هێلین ڕۆیشتن.

ب-من تریفە و تابان و دیار و دیدار و هێلین دەناسم.

ج-ئێمە دیاری بۆ تریفە و تابان و دیار و دیدار و هێلین دەکرین.

ناوەکانی (تریفە و تابان و دیار و دیدار و هێلین)بە ئامرازی (و) لەیەکدراون لە ڕستەی (ا)دا دەوری بکەری ڕستەکە دەبینن، چونکە هەمو ناوەکان لەڕووداوی کاری (ڕۆیشتن)ەکەدا بەشدارن لە (ب)دا دەوری بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکە دەبینن، هەر هەمویان بەشداری لە کاری (ناسین)دا دەکەن. لە (ج)دا دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینن، هەر پێنج ناوەکە بەشداری لە کاری (کڕین)ەکەدا دەکەن و کاریگەری ناڕاستەوخۆی (کرین)یان دەکەوێتە سەر.

لەلایەکی تر هەندێ لەو ناوانەی بە (ی) لەیەکدەدرێن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا لە بناغەی (هەیی) possessive دایە. تەنیا ناوی یەکەم بە ئەرکی ڕوودانی کارەکە هەڵدەستێ لە ناو چوارچێوەی ڕستەکەدا. لەم جۆرە لێکدانەدا ناوی یەکەم سەر بەناوی دووەم دەبێت و ناوی دووەم سەر بەناوی سێیەم دەبێت سێیەم سەر بە چوارەم دەبێت بەم شێوە وەك لەم نمونانەدا ڕووندەبێتەوە.

ا-خوشکی براژنی کچی مامم ڕۆیشت.

هەواڵنامەی کتێب

ب-من خوشكی براژنی كچی مامم دەناسم.

پ- من دیاری بۆ خوشكی براژنی كچی مامم دەنێرم.

لەم ڕستانەدا (خوشك- براژن – كچ – مام) هەمو ناون بەئامرازی بەستنی (ی) لە یەك دراون لە (ا)دا دەوری بكەری و لە (ب)دا دەوری بەركاری ڕاستەوخۆ و لە (پ)دا دەوری بەركاری ناڕاستەوخۆ دەبینن. لە هەر سێ باردا تەنیا (خوشك)ە ڕووداوی كاری ڕستە بەپێی ئەو ئەركەی لەناو چوارچێوەی ڕستەكاندا پێی سپێردراوە. جێبەجێ دەكات تەنیا (خوشك)ە لە (ا)دا ڕۆیشتوە و لە (ب)دا ناسراوە و لە (پ)دا دیاری بۆ دەنێرێ.

ئەم (خوشك)ە هی (براژن)ە و براژن هی (كچ)ە. كچ هی (مام)ە سنور بۆ ژمارەی ناوەكان نییە، واتە هەر چەند بێ دەشێ ناوێكی تری بخرێتە سەر. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە لە ڕووی كردارییەوە...ژیانی ڕۆژانە پێویستی بەم جۆرە ڕستانە نییە كە ژمارەی ناوەكان یەكجار زۆربێ. ناو دەشێ ئەم ئامرازانەی لەگەڵدا دەركەوێ وەكو (ان)ی كۆ و (ەكە)ی پێناسین و (ێك)ی نەناسین كە لە بابەتی دیارخەرەكانی دوای سەرە باسی لێوە كراوە. (ان) و (ێك) هەرگیز پێكەوە دەرناكەون. (ان) و (ەكە) گەر پێكەوە دەركەوتن ڕیزبونیان بەم شێوەیە دەبێ.

ەكە – ان ← ەكان

گوڵ - ەكە – ان ← گوڵەكان

## ١-١-٢/٢ یاسای لێكدانی ناوەكان بۆ پێكهێنانی فرێزی ناوی:

لێكدانی ناوەكان بۆ پێكهێنانی فرێزی ناوی بە ئامرازی (و – ی) یاسای بەم شێوەیە ڕوونكراوەتەوە.




هەر ناوەی دەكرێ ئاوەڵناوێ یان زیاتری لەگەڵدا دەركەوێ كە (ژمارەی ئاوەڵناوەكان ژمارەیەكی بێ سنورە)، ئەگەر ناوەكە ئامرازی پێناسینی (ەكە)ی لەگەڵدا بو، ئەوا

هەولێرنامەی كتێب

نــاوەکە بە ئاوەڵنــاوی یەکەم و ئاوەڵناوەکــان بەیەکەوە  بەهــۆی ئــامرازی بەســـتنی (ە) لێکدەدرێن و (ەکە) دەچێتە سەر دوا ئاوەڵناو کە سەرەکەی ناوێکە.



هەر ئاوەڵناوەش دەشێ (ڕادە)یێکی intensifier لەگەڵدا دەرکەوێ مەبەســت لە ڕادە ئەم جۆرە وشــانەن (زۆر- کەمــێ – هەنــدێ- یەکجار...هتــد) ڕادە پــێش ئاوەڵنــاو دەکەوێ واتە فرێز پەیوەندی بە قەوارەیەکی تایبەتییەوە نییە. ڕەنگە چەندین وشە پێکی بهێنێ. وەك:

باش -   زۆر باش

بڵند   -   یەکجار بڵند



هەوالنامەی کتێب

کچ – ەکە (گەلێك) جوانە.

کچەکە گەلێك جوانە.

گەر نــاو (ەکە)ی لەگەڵــدا نەبــو نــاو و ئاوەڵناوەکــان بەهــۆی ئــامرازی بەســـتنی (ی) لێکدەدرێن. (ێك)ی لەگەڵدابێ یا لەگەڵیدا نەبێ.

کچی جوانی زیرەك – کچێکی جوانی زیرەك.



Ø نیشانەیە بۆ (هیچ) واتە دەرکەوتنی ناو بەبێ (ەکە) و (ێك).



سەرەی فرێزی ناوی دەتوانرێ لە (پێش و پاش) فراوان بکرێ، چونکە هەر ناوەی دەشێ ناوێکی ژمارەی لەگەڵدا دەرکەوێ، مەبەست لە ناوی ژمارە (چوار - سی و پێنج – حەوت سەد و شەش...هتد) کە هەمیشە پێش ناو دەکەوێ. لەم بارەدا فرێزی ناوی "بەو گرێیە دەگوترێ کە هەمو کەرتەکانی لەژێر دەسەڵاتی ناوەکەدایە، چونکە ناوەکە سەرەیە (دەرخراوە)" (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ٢٠١٠:٢٨)، کەواتە دەشێ دیاریخرێ، چونکە دیارخەرەکان هەمیشە لەگەڵ ناو یان جێناو بەکار دەهێنرێن. ( M. Tallerman, 2009; 38) وەك:

- سێ کرێکار

- چوار سەدو حەفت نەمام.

ناوی ژمارە و ئامرازی کۆ پێکەوە لەگەڵ هەمان ناودا دەرناکەوێ (×) نیشانەی لەگەڵ یەك دەرنەکەوتنە.



سێ کچی یەکجار جوان....... (بێ ئامراز)

هەشت خانوە زۆر کۆنەکە.........لەگەڵ (ەکە)

هەر ناوەی دەشێ ناوێکی هێمای لەگەڵدا دەرکەوێ، ناوی هێما ئاماژە بە تاك و کۆ و دور و نزیك دەکات کە لە خوارەوە هێڵکاری بۆ کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەمە ..........بۆ تاکی نزیك بەکاردێ.

ئەوە ...............بۆ تاکی دور بەکاردێ.

ئەمانە ..........بۆ کۆی نزیك بەکاردێ

ئەوانە ..........بۆ کۆی دور بەکاردێ.

ناوی هێما کاتێ لەگەڵ ناودا دەردەکەون دەبن بە دو بەشەوە بەم شێوەیە

ئەم.........ە ئەم.........انە

ئەو.........انە ئەو..........انە

ناو و هەمو ئەوانەی لەگەڵیدا دەردەکەون دەکەونە نێوان هەردو بەشەکەوە (ناوی هێما) و (ەکە) و (ێك) هەرگیز لەگەڵ یەکتردا دەرناکەون. فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا یەکجار ئامرازی کۆی دەچێتە سەر. لەگەڵ ناوی هێمادا ناو و ئاوەڵناوەکان بەهۆی ئامرازی بەستنی (ە) لێکدەدرێن، وەك لەگەڵ (ەکە)دا، چونکە ناوی هێما چەمکی پێناسین دەگەیەنێ. فراوانکردنەکەی بەم یاسایە دەبێت.



ئەم پیاوە زیرەکە........∞

ئەم دو منداڵە زۆر زیرەکە......∞

ناوەکە خراوەتە نێوان دو کەوانە واتای سەرە **head** دەگەیەنێ لە فرێزی ناویدا، دەبێ بەشێوەی بەخورتی (زۆرەکی) **obligatory** لە بناغەی ڕستەدا دەرکەوێ. ناوی هێما و ژمارە و ئاوەڵناو و ڕادە خراونەتە ناو دو کەوانە کە واتای بە ئارەزو (خۆشەکی) **optional** دەگەیەنێ. دەرکەوتن و دەرنەکەوتنیان کار لە ڕێزمانییەتی ڕستە ناکات. (وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٦: ١٨٣-١٨٩) سەرەکە ناوە یان جێناوە یاخود هەر کەرستەیەك کە دەتوانێ

هەواڵنامەی کتێب

شوێنی ناو بگرێت بۆ نمونە وەکو (چاوگ) "دەشێت دو جۆر کەرەسەی تر هاوبەشی ڕۆنانی فرێزی ناوی بکەن. هەندێکیان دەکەونە پێش (سەرە) وە ژمارەکەی دیاریدەکەن و (دەستنیشانکەر ، دیاریکار)یان پێدەوترێ" (ئازاد ئەحمەد حسەین،٢٠١٢: ٢٣٣ ) "هەمو ڕستەیەك لە کوردیدا دەبێ گرێی ناوی تێدابێت وەکو بکەرێکی ڕێزمانی" (Amin. W. O, 1979: 38) لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە شیکارکردن جیاوازی لە نێوان فۆڕم و ئەرکدا بکەین واتە؛ بە فۆڕم فرێزی ناوییە و لە ئەرکدا لەوانەیە فرێزە ناوییەکان جیاوازبن وەکو (بکەر- بەرکار ....هتد) وەك:

- باوکەکە کوڕەکەی هێناوە.

ف ن ب    ف ن بە

- ئازاد هات.

ف ن ب

## ٢/٢-١-٢ فراوانکردنی فرێزی ناوی :

### ٢/٢-١-٢-١ دیارخەرەکانی پێش سەرە :

ئەو کەرستانەن کە دەکەونە پێش سەرەی فرێزە ناوییەکەو بەبێ ئامرازی خستنەسەر دەبنە دیارخەری سەرە و فرێزە ناویەکە فراوان دەکەن.

ف ن ← دیارخەرەکانی پێش سەرە + ناو .

ئەو کەرەستانە چەند جۆرێکن وەکو :

١ – دیارخەرەکانی تەنیایی وەکو ( هەر ، تەنیا)

- هەر من ئامادەبوم .

- تەنیا ئازاد نەهاتبو .

جگە لەم دیارخەرانە دیارخەری (تاکە ... ێك) بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت واتە دەبێتە هۆی فراوانکردنی سەرەی گرێی ناوی بە مەرجێك سەرەکە ناوی گشتی بێت نەك جێناوی کەسی سەربەخۆ وەك:

هەواڵنامەی کتێب

- تاکە پێڵاوێکم نەماوە .

-تاکە کەسێك لە ژورەوەیە.

٢– ئامرازی نیشانە : وەك

- ئەو پێنوسە هی تۆیە.

- ئەم مامۆستایانە دەناسم.

٣ – ژمارە :

- سێ قوتابی نە هاتبون.

- دووەم خانو ماڵی ئێمەیە.

٤- هەندێ ئامرازی پرس:

- چەند کتێبت کڕی؟

- کام قوتابی زیرەکە؟

٥- ڕادە:

- هەندێ کتێبم گەڕاندەوە بۆت.

٦- ئاوڵناو لە پلەی باڵا:

- جوانترین گوڵم هێناوە .

٨ - ناسناو:

- حاجی عومەر کۆچی دوایی کرد.

– مامۆستا ئازاد هات.

لە زمانی کوردیدا مەرج نیە هەمو ئەو کەرستانە لە فرێزی ناویدا بەسەریەکەوە دەربکەون. واتە ناکرێ لە هەمان فرێزدا لە پێنج دیارخەر زیاتر لەپێش سەرەی فرێزی ناوی



کتێبی ئەلیکترۆنی

لەدوای یەکتردا بێت چونکە لەوە زیاتر زۆرکردنە لە دیارخەرەکانی پێش سەرەی گرێی ناوی، ڕستەی ناڕێزمانی دروستدەکات هەروەها ئاستی پەسندێتی ڕستەکان کەم دەکاتەوە. وەك:

ـ هەر تەنیا ئەو دو زیرەکترین کچە هات بۆ کۆڕەکە.

ئەو دیارخەرانەی کە لەپێش فرێزی ناوی دێن لەوانەیە تا ڕاددەیەك سنوری ڕیزبەندی پێش سەرە بپارێزن، کاتێك چەند دیارخەرێك بەیەکەوە لەگەڵ ناو هات هێشو دروست دەکەن کە پێی دەگوترێت هێشوە دیارخەر ئەم هێشوە سەرەکەی ناوە (K. Hamash, 1979;18) واتە جێگۆڕکێ لەنێوان دیارخەرەکان بەپێی یاسای ڕستەسازی دەبێت، چونکە هەندێك دیارخەر لەگەڵ هەندێکی تر ناتوانن جێگۆڕکێ بکەن، بەڵکو شوێنیان بەپێی سنوری ڕیزبەندی هاتنی دیارخەرەکان دیاریکراوە، هەندێك دیارخەر لەگەڵ هەندێکی تر لە هەمان فرێزدا هەرگیز بەیەکەوە دەرناکەون، ئەگەر دەرکەون ڕستەی ناڕێزمانی دروست دەکەن. وەك:

- ئەو کچە
- ئەو دو کچە

*دو ئەو کچە

- هەر ئەو دو کچە

*دو ئەو هەر کچە

- تەنیا هەر ئەو دو کچە
- هەر تەنیا ئەو دو بەرزترین کچە

* بەرزترین ئەو دو تەنیا کچە

*ئەو چەند هەر تەنیا کچە.........هتد.

ڕستە ناڕێزمانییەکان بەهۆی دیارخەرەکانی پێشەوە دروست بوینە و زۆرلێکردنی پێوە دیارە واتە ڕێککەوتن لە نێوانیاندانیە.

هەواڵنامەی کتێب

### ٢/٢-١-٣ هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دیارخەرەکانی پێش سەرەی فرێزی ناوی:

١ – ئەگەر چەند دیارخەرێك پێکەوە هاتن لە هەمان فرێزدا (هەر ، تەنیا)یان تێدا بـو ئەوا دەبنە دورترین دیارخەر لە سەرە و دەچنە سەرەتای دیارخەرەکان بۆ لای ڕاست.

٢ – دیارخەری (ناوی ژمارە) ڕاستەوخۆ پێش سەرە دێت هەرچی دیارخەری تر هەیە دەکەونە پێش ناوی ژمارەکە.

### ٢/٢-١-٢-٢ دیارخەرەکانی دوای سەرەی فرێزی ناوی:

سادەترین فرێزی ناوی فراوان دەکرێ بەهۆی دیارخەرەکانی دوای سەرە. ئەمەش یان ڕاستەوخۆ بەبێ ئامرازی خستنەسەر یان ناڕاستەوخۆ بەیارمەتی ئامرازی خستنەسەر دەبێت و دەبنە دیارخەری دوای سەرەی فرێزی ناوی.

### ٢/٢-١-٢-٢-١ دیارخەرەکانی دوای سەرە بەشێوەی ڕاستەوخۆ:

ئەم دیارخەرانە ڕاستەوخۆ بەبێ ئامرازی خستنەسەری (ی ، ە) بەسەرەوە دەلکێن و سەرەی فرێز بە دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك سەرەی فرێزە ناوییەکە فراوان دەکەن و دەبنە دیارخەری ڕاستەوخۆی دوای سەرەی فرێزە ناوییەکە ئەمانەش بریتین لەمۆرفیمی (ناسراو، نەناسراو، کۆ، جێناوی خاوەنی) وەك:

- کوڕەکە هات. ف.ن + ەکە
- کچێك ڕۆیشت. ف.ن + ێك
- گوڵەکان هەڵگرە. ف.ن + ەکە + ان
- دەفتەرەکانم برد. ف.ن + ەکە + ان + م

لێرەدا دەتوانرێ سێ دیارخەر لە هەمان فرێزدا بەدوای سەرەی فرێزە ناوییەکەدا بێت بەبێ هیچ ئامرازێکی خستنەسەر بەپێی یاسای سینتاکسی زمان لەم دیارخەرانەی پێشو ناتوانرێ جێگۆڕکێیان پێبکرێت. کاتێك بەیەکەوە دەردەکەون ئامرازی" (ەکە ، ێك) هەرگیز لەگەڵ یەکتر دەرناکەون... هەروەها (ان ، ێك) هەرگیز پێکەوە دەرناکەون " (وریا

عومەر ئەمین،١٩٨٦ :١٨٣-١٨٩) یاسای بەدوای یەکداهاتنی هەر سێ دیارخەری (ەکە ، ان ، جێناوی خاوەنی) بەم شێوەیە دەبێت لە زمانی کوردیدا.

یاسای سەرەی فرێزی ناوی فراوانکراو بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە:

سەرە + ەکە + ان + جێناو ⟵ گوڵ + ەکە + ان + م = گوڵەکانم.

## ٢/٢-١-٢-٢-٢ دیارخەرەکانی دوای سەرە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ:

ئەم دیارخەرانە ناڕاستەوخۆ بەهۆی ئامرازی خستنەسەری (ی ، ە) بە سەرەوە دەلکێن، سەرەی فرێز بە دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك فراوان دەکەن و دەبنە دیارخەری دوای سەرەی فرێزە ناوییەکە ئەمانەش بریتین لە (ناو ،ئاوەڵناو ،چاوگ ،جێناوی سەربەخۆ، فرێزی بەند ،لاڕستە) وەك:

ناو ⟵ کوڕەکەی گولیزار گەڕایەوە.

ئاوەڵناو ⟵ ڕەنگی سپی جوانە.

چاوگ ⟵ ژوری نوستنتان گەورەیە.

جێناوی سەربەخۆ ⟵ خوشکی تۆ جوانە.

لاڕستە ⟵ ئەو کچەی کە دەشەلی، هاوڕێمە.

ئەگەر گرێی ناوییەکە ناسراو کرابو، ئەوا ئامرازی خستنەسەر (ی) دەگۆڕێ بۆ (ە) مۆڕفیمی ناسراوەکەش دەچێتە سەر دوا دیارخەر وەك :

- گوڵی جوان بێنە.

- گوڵە جوانەکە بێنە.

- گوڵە جوانە سورە بۆنخۆشەکە بێنە.

سەرەی فرێزی ناوی دەتوانرێ فراوان بکرێ بەخستنەسەری هەر دو جۆرە دیارخەرەکانی پێش سەرەو دوای سەرە بەیەکەوە. کەواتە تایبەتێتی دیارخەر لەچاو بەشەکانی تری ڕستە لەوەدایە کەبەدەگمەن بەتەنیا دێ بەڵکو هەمیشە ناوی دیارخراوی لەگەڵ دێ .

جا ئەو ناوە بەپێی داڕشتنی سینتاکسی یان بەپێش دیارخەر دەکەوێت یان بەپاش دیارخەر دەکەوێت یان دەکەوێتە نێوان هەر دو جۆرە دیارخەرەکە. (کوردستان موکریانی،١٩٨٦: ١٧٠) وەك:

ـ هەر تەنیا ئەو دو قوتابییە زیرەکانەی ئێوە ئامادەبون.

بەڵام لەڕووی کردارییەوە ئاخاوتنی ڕۆژانە پێویستی بەم جۆرە ڕستانە نییە.

## ٢-٢/٢ فرێزی کاری:

یەکێکە لە دو پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی دروستبونی ڕستە. واتە پێکهێنێکی ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورە و دیاریکراو لە سازدانی ڕستەدا دەبینێ. فرێزی کاری لە ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەدا بونی هەیە، ناکرێ پشتگوێ بخرێ بە بەڵگەی ئەوەی کە دەشێ فرێزەکانی دی وەك (فرێزی بەند) یان (کارا ، بەرکار) لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەون و پاشماوەیان لە نێو فرێزی کاریدا بە جێ بمێنێ و خوێنەر یان گوێگر بە هۆی فرێزە کارییەکەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکە بگات.

سادەترین فرێزی کاری لە سەرەیەك پێکدێت، کە دەبێت سەرەیەکی فەرهەنگی هەبێت. (Galali. R, 2007; 10) ئەمیش بەخورتیە و ناتوانرێ لابرێت، هەروەها لەڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە، چونکە "گرێی کاری لە کوردیدا (لە ڕەگی کارێك و مۆرفیمی کات و ڕاناوێکی کەسی لکاو" پێکهاتوە. (تالیب حوسێن عەلی،٢٠١٤ :٣٠) کەواتە ڕەگی کار (سەرە)ی فرێزە کارییەکەیە و مۆرفیمەکانی تر پێوەی بەندن. مۆرفیمەکانی کات و توخمیش (بکەر و بەرکار) دەشێت هەریەکەیان مۆرفیمێك بن یان پتر (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول ،٢٠١٤ :٨) "لە زمانی کوردیدا بکەر و کار لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون واتە ڕەگی کار ڕاناوێکی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بکەر وەردەگرێ" (وریا عومەر ئەمین،١٩٨٦ :١٨٣-١٨٩) واتە ڕەگی کارەکەی فرێزی کاری "هەتا ئەگەر بکەری لێکسیکیشی نەبێت ئەوا فرێزی بکەرێکی لکاوی پێوەلکاوە." (کوردستان موکریانی،٢٠٠٠: ٣٠) وەك:

خوێن + د + م

ڕ + م ك + ج

(من) خوێند م.

## ٢/٢-٢-١ فراوانكردنی فرێزی كاری:- بە دو شێوە دەبێت:

**٢/٢-٢-١-١ ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی كاری** : ئەو مۆرفیمە جۆراوجۆرانە دەگرێتەوە كە بەشداری پێكهاتنی كارەكان دەكەن هەندێكیان دەكەونە پێش ڕەگی كار وەك (پێشگرەكان، مۆرفیمی نەرێ، ئەسپێكتی بەردەوامی، ... هتد) ئەو مۆرفیمانەی كە دەكەونە دوای ڕەگی كاریش ئەمانەن (مۆرفیمی تێپەڕاندن [اندن] ، مۆرفیمەكانی ڕابردو [ا- و- د- ت- ی]، مۆرفیمی ڕابردوی دور ، تەواو ، مۆرفیمی مەرج ... هتد) (حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٠ :٦٧-٦٨) وەك:

ڕا + ت + ب +خس+ ت + Ø + ایە.

پێشگر+ ڕاناوی بكەر+م ئارایی+ڕەگ +م رابوردو+م بەركار+پاشگری خۆزگەیی

**٢/٢-٢-١-٢ ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی كاری:**

مەبەست لە فراوانكردنی فرێزی كاری ڕۆنانی دەرەوەی كارێكە لە ڕستەدا، كە دەتوانرێ بە هۆی دو ڕۆنانی جیاواز فراوان بكرێت یا بە هۆی فرێزێكی ناوی كە ئەركی بەركاری ڕاستەوخۆ دەبینێت، یا بە هۆی فرێزی بەند كە ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت. (حاتەم ولیا محەمەد،٢٠٠٠ : ٨٢ ـ٨٣) هەروەها ئاوەڵكاریش دەتوانێ فرێزی كاری فراوان بكات. وەك:

- ئەو بەیانی هەواڵەكەی بەنەسرین دا نارد.

ب ئاوەڵك بە ڕا بە ناڕا ك

فرێزی كاریش لە ڕووی تیۆرییەوە دەكرێت تا بێ كۆتا درێژ بكرێتەوە و فراوان بكرێت. هەر ئەمەش وای كردوە فرێز بە چەند شێوەیەكی جیاواز دەربكەوێت. سادەترین شێوەی بریتییە لە ڕەگی كار و جێناوێكی لكاو، بكەری فرێزی ناوی و فرێزی كاری لە كەس و ژمارەدا ڕێكدەكەون.

## ٢-٢-٢/٢ یاساکانی داڕشتنی فرێزی کاری:

١ ـ فرێزی کاری← کار

ـ ئەوان هات ـ ن

٢ ـ فرێزی کاری← ئاوەڵناو + ڕەگی بون +م ك ئێستا +ڕاناو.

ـ ئەم کوڕە زیرەك + بـ دەرنەکەوتوە + ە + Ø

٣ ـ فرێزی کاری ← فرێزی ناوی + کار

ـ نەسرین وانە دەنوسێت.

٤ ـ فرێزی کاری← ئاوەڵکاری شوێن + کار

ـ ئێمە لە قوتابخانە داین.

٥ ـ فرێزی کاری ← ئاوەڵکاری کات + کار

ـ ئێمە بەشەو دەڕۆین.

٦ ـ فرێزی کاری ← فرێزی ناوی + ئاوەڵکار + کار (Amin, W.O .1976: 16-14)

ـ ئێمە لە حەفتەی ڕابردو هاتین.

لێدوان لە هەر دو جۆری فرێزی ناوی و فرێزی کاری بۆ ئەوەیە کە بڵێین "فرێزە ناوییەکان و فرێزەکارییەکان دانەی پێکهێنەری ڕۆنانی فراوانترن." (هـ. د. ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ٧٧) کە ئەویش (ڕستە)یە. هەروەها جگە لەم دو جۆرەی فریز چەند جۆریکی تری فرێز هەیە کە فرێزی بەند و فرێزی ئاوەڵناوی و ئاوەڵکارین کە بەشداری ڕۆنانی ڕستە دەکەن.

## ٣/٢ فرێزی بەند: Prepositional Phrase

ئەو فرێزەیە کە لە کۆمەڵێك وشە پێکدێت، واتە لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت کە فرێزێکی سادەنییە و بە یەکێك لە پێشبەندەکان دەستپێدەکات، دەکرێ بگوترێ، بەهیچ شێوەیەك لە تاکە وشەیەك پێك نایەت، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە فرێزی

بەند ناسادەیە، چونکە سەرەی فرێز بەتەنیا دەرناکەوێت و بەتەنیاش گۆ ناکرێت، کەواتە؛ سەرەی فرێزی بەند بریتییە لە پێش بەندێك، کە بە خاڵی جیاوازی دادەنرێت لەگەڵ جۆرەکانی تری فرێز، واتە بوونی تەواوکەر بۆ ئەم جۆرەی فرێز مەرجێکی بە خورتییە. (عومەر ئەحمەد عەبدولرەحمان،٢٠٠٤: ٤٠) ئەو پێش بەندانەی کە بەشداری لە ڕۆنانی فرێزی بەنددا دەکەن"بریتین لەbo, ba, la ...هتد" (سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩ : ٦٩) کاتێك کە دەچنە سەر ناوێك یان فرێزێکی ناوی فرێزی بەند دروستدەکەن لەم جۆرە فرێزەدا "ئامرازەکان دەبنە سەرە و کەرستەکانی تر دەبنە دیارخەر، واتە ئامرازە پەیوەندییەکە بڕیاردەدات کە چ جۆرە دیارخەرێك لە ڕۆنانەکەدا هەبێت" (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی،٢٠١٣: ٢٠) خۆشی وەك بەشێك لە ڕۆنانی ڕستەدا بەشدار دەبێت ئەم جۆرە فرێزە زۆرجار بۆ زیاتر زانیاری و ڕوونکردنەوە لە ڕستەدا بەکاردێت. وەك:

- کتێبەکەم بۆ جوان هێنا.

- گولیزار لەبازاڕ گەڕایەوە.

## ٤/٢ فرێزی ئاوەڵناوی :Adjective phrase

ئەو فرێزەیە کە دەکرێ بەشداری لە ڕۆنانی هەمو جۆرەکانی ڕستەدا بکات سەرەی ئەم فرێزە (ئاوەڵناو)ێکە، پلەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی داڕشتنەوە (تر ، ترین)ە، بەم جۆرە ئاوەڵناوە کە زۆرجار بەهۆی ئەم پلانەوە فراوان دەکرێ، هەندێ جاریش بەهۆی چەندێتی بەڵام "ئەم جۆرە گرێیە بە پێچەوانەی گرێی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە سادەیە وەکو گرێی ناوی گەورە و فراوان ناکرێت" (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە) ئەم جۆرە فرێزە ڕۆڵی "فراوانکردن و دیارکردنی فرێزی ناوی، یانیش لەگەڵ فۆڕمەکانی کرداری بون (ڕەشبون ،جوانە ،گەش دەبێت...هتد)دا گوزارەیەك پێکدەهێنن" (حاتەم ولیا محەمەد،٢٠٠٩ : ١٤٦) وەك:

- منداڵەکە <u>زیرەکە</u>.

ف ئاوەڵ

– کچەکە <u>زۆر جوان</u> بو.

ف ئاوەڵ

## ٥/٢ فرێزی ئاوەڵکاری:

ئەو فرێزەیە کە ڕۆڵی ئاوەڵگوزارە دەگێڕێ وەکو ئەرك هەروەها ڕۆڵی ئاوەڵکار دەگێڕێ وەکو ڕۆنان بەهەمان شێوەی فرێزەکانی تر "دەبێ سەرەکەی ئاوەڵکار بێت. جا ئەو ئاوەڵکارە بەتەنیا بێت یان دەرخەری لەگەڵدا بێت." (بەکر عومەر عەلی،١٩٩٢: ٦٤) وەك:

- ئەو بەهێمنی قسە دەکات.

ف ئاوەڵك

زۆر جار فرێزە دیارخەرەکە بریتییە لە "ڕادە کە ئەویش شوێنی سپێك دەگرێتەوە" (ڤیان سلێمان حاجی،٢٠٠٩ : ٦٧) وەك:

- ئەو زۆر بە هێمنی قسە دەکات.

ڕاد ف ئاوەڵك

کەواتە هەمو جۆرەکانی فرێز دەتوانن بەشداری ڕۆنانی پاڕستە بکەن، وەکو هەر ڕستەیەکی تر، واتە فرێزەکان لە خانەکانی پاڕستەدا ڕۆڵ دەگێڕن فرێزەکان "شوێنی دەرکەوتنیان بەم جۆرە دەبێت.

١- بکەر ئەو کەرستە ڕۆنانیەیە کە شوێنی کارکردنی فرێزی ناوییە.

٢- تەواوکەر ئەو کەرستە ڕۆنانیەیە، کە شوێنی کارکردنی فرێزی ناوییە.

٣- کار ئەو کەرستە ڕۆنانیەیە، کە شوێنی کارکردنی فرێزی کارییە.(شێرزاد سعید صدیق، ٢٠٠٨: ٩٧)

# بەشی سێیەم
# جۆرەکانی ڕستە

# بەشی سێیەم

## جۆرەکانی ڕستە

### ١/٣ تەوەری یەکەم

### ١-١/٣ جۆرەکانی ڕستە[١]:

لە بڵاوترین پۆلینەکانی ڕستە "پـۆلینکردنی ڕسـتەیە لە ڕووی داڕشـتن (ڕۆنـان)ەوە کە بە پێی ڕادە و چۆنیەتی کەرەسە پێکهێنەرەکانیـان ڕسـتەکان پـۆلین دەکـرێن و زمانەوانـان تاڕادەیەکی زۆر ڕێکن لەسەری" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسـول، ٢٠١٤ : ٥) ئەویش ئەوەیە کە ڕستە دابەشی سـەر دو جـۆری سـەرەتایی دەکرێـت ئەوانـیش ڕسـتەی سـادە و ڕسـتەی ناسادەیە.

ڕستەی ناسادەش بۆ دو جۆری تر دابەش دەکرێت کە ئەوانیش ڕستەی لێکدراو و ڕسـتەی ئاڵۆز (تێکچڕژاوە). کە لە خوارەوە هەریەکەیان دەناسێنین.



### ١-١-١/٣ ڕستەی سادە:

ئەو ڕستەیەیە کە لە "دو فرێز پێکدێت ئەوانیش فرێزی ناوی و فرێزی کار"ینە(وریا عـومەر ئەمین،١٩٨٦: ١٨٣ـ ١٨٩) کەواتە بەرهەمهێنانی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا بە پێـی دیاریکردنی سیسـتەمی ڕۆنـانی یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان بەپێـی یاسـا دەتـوانین بەم شێوەیە دادەڕێژرێن. وەك:

ڕستە ← ف ن + ف ك........................................ (١)

---

[١]. بەرامبەر بە زاراوەی (ڕۆنان) ئەم زاراوانەش بەکارهاتون (پێکهاتن، فۆڕم، قەبارە، شـێوە ...)، جـگە لەم پۆلینە پۆلینکردنی تریش بۆ ڕستە کراوە بە پێی قوتابخانەی ئەرکی.

ئەوان ڕۆیشتن.

ف ن ← ناو (ڕاناو) ........................................... (٢)

ئەوان

ف ك ← ڕەگی كار + مۆرفیمی كات+ ڕاناوێكی لكاو .............(٣)

ڕۆیش ت ن

ئەم یاسایانە ئەو ڕاستیە دەردەخەن كە هەمو ڕستەیەك لەكوردیدا دەبێ فرێزی ناوی تێدابێت وەك نیهاد (كارا) یان بكەرێكی ڕێزمانی جگە لە بەشی كار، ئەمە بۆ ڕستەی سادەی ئاسایی، بەڵام شێوەی سادەترین ڕستە لە كوردیدا ئەو ڕستەیەیە كە لە تاكە وشەیەك پێكهاتبێ، كەلە ئاستی ڕستەسازیدا دەبێتە ڕستە، چونكە هەمو پێویستییەكانی ڕستەی تێدایە. وەك:

ڕەگی كار + مۆرفیمی كات +بەركارلە ڕێككەوتن+ ڕاناوی لكاو بكەر لە خاوەنی.

خوێن + د + Ø + ت

كوش + ت + م + ت

دەتوانین ڕستەی سادە فراوان بكەین ئەویش بەیارمەتی "دیارخەرەكان ، ئاوڵناوەكان ،هەروەها دەتوانین بە یارمەتی پاڕستە و ڕستەوە، ڕستەی سادە فراوان بكەین" (یوسف نوری محەمەد ئەمین،٢٠١٠: ٢٩) وەك:

- تەنیا هێلینی خوشكم دوێنێ لە ماڵەوە ڕۆیشت.

- ئەو پێشمەرگەیەی <u>كە لە سەنگەر بو</u>، شایەنی ڕێزلێنانە.

پا ڕ

دەتوانرێ ئەم ڕستە فراوانكراوە لە شێوەدا كورت بكرێتەوە بۆ سادەترین شێوەی كە (ڕۆیشت)ـە، لە كۆتایی كارەكە "كەس هەیە دەتوانێت دیاردەی خستنی جێناو لە شوێنی بكەردا نیشان بدات" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١: ١٤٤) ئەمە تەنیا تایبەت نیە بەزمانی كوردی بەڵكو سیمایەكی هەمو زمانە پۆلۆسێنسیتیكییە فرە لق تێكچڕژاوەكانە وەكو زمانی فارسی و توركی.لەبەر ئەوەی زمانی كوردی زمانێكی"

نوساوی (پۆلۆسێنسێتیکییە) بەتایبەتی لە وشە مۆرفۆسینتاکسیەکاندا" (وریا عومەر ئەمین،١٩٨٦ :٨-١٤) لە پێکهاتە مۆرفۆسیتاکسییەکاندا وشە بەستەکان زیاتر بەسەریەکەوە دێن وەك:

ڕا - مان – گر – ت – ی

لە نمونەی ڕستەی (ئەو پێشمەرگەیەی، کە لە سەنگەر بو، شایەنی ڕێزلێنانە.) ڕستەکە بە پاڕستەی (کە لە سەنگەر بو. ) فراوانکراوە، کەواتە دەتوانرێ بەهۆی "دو جۆری یاسای لێکدان کە ناسراون بە یاساکانی بەستنەوە و تێهەڵکێش کردن" ( Amin, W. O.1976; 19) ڕستەی سادە فراوان بکرێت . وەك:

- هێلین وانەکەی خوێند و نوست. (یاسای لێکدان)

- هێلین کە وانەکەی خوێند، دەرچو.

-دیار یاری دەکرد و تابان خواردنی ئامادە دەکرد، کە چوین بۆ سەیران.

لێرەدا لە ڕستەی سادە لادەدات و بەرەو ڕستەی ناسادە دەچێت.

## ٣/١-١- ب) ڕستەی ناسادە:

ئەم جۆرە ڕستەیەش ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە دەکرێت بە دو جۆر ( ڕستەی لێکدراو ، ڕستەی ئاڵۆز )

## ٣/١-١- ب -١ ڕستەی لێکدراو:

بەو جۆرە ڕستانە دەگوترێ کە پتر لە کارێکیان تێدایە هەر کارێك ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ لە ڕووی ڕۆنان و واتاوە بەڵام بەشداریێکی هاوبەش لە نێوانیان هەیە زۆر جار لە کاتی لێکدانی دو ڕستە کەرستەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، کەواتە ئەگەر کەرستەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبو، ئەوا دەشێ کەرستە هاوبەشەکان لەڕستەی دووەم لاببرێت لەهەمان کاتدا هەمو ئەو کەرستانەی لە ڕستەی دووەمدا جیاوازن بەرامبەر بە ڕستەی یەکەم لە ڕستەی دووەمدا دەهێڵرێنەوە. ( Fowler, R. 1971; 156) "بەهۆی ئامرازی لێکدانەوە لەگەڵ یەك هاتون، هەر ڕستەیە و

سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ، هیچ ڕستەیەك لاوەكی نابێت بۆ ئەویتر واتە یەكێكیان شاڕستە و ئەویتر پاڕستە نابێت." (Amin, w. o. 1979; 19) وەك:

- نە تابان خەوت، نە هێلین خەوت.

-نە تابان خەوت، نە هێلینØ.

-دیلان چیرۆكەكەی خوێندەوە و دیار چیرۆكەكەی خوێندەوە.

وەك لەم هێڵكاریە درەختییەدا ڕوونكراوەتەوە.



لە ڕووی زاڵبونیشەوە بریتییە لەو "كردەیەی كە دو ڕستە یان زیاتر لە ڕۆنانی ژێرەوە لە یەكدەدرێن، بێ ئەوەی ڕستەیەكیان زاڵبێت بەسەر ئەویتریان بۆ دروستكردنی ڕستەی لێكدراو " ( Fowler, R. 1971; 151) كەواتە ڕستەی لێكدراو لە "دو ڕستەی سادە یان پتر پێكدێت وە بەبۆنەی ئامرازی پێ بەستەوە ئەدرێنە دەم یەكتر، ئەگەر هاتو ئامرازە پێ بەستەكە لە بەینیانا هەڵگیرا، هەر ڕستەیەك بۆ خۆی سەربەست ئەبێ بەندیواری لە تەك ڕستەكەی تردا نامێنێ" (نوری عەلی ئەمین،١٩٦٠: ٤٨) واتە ئامرازە لێكدەرەكە بەشداری داڕشتنی ڕستەكان ناكات و ڕستەكانی هاو پایە و هاو شانن لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە بەستانەوەكەشیان بە یارمەتی ئامرازی تایبەتیەوە دەبێت. وەك :

- هێلین نانی خوارد و ڕۆیشت بۆ قوتابخانە.

لە بارەی فراوانكردنی ڕستەی لێكدراوەوە "لە ڕووی تیۆرییەوە دەستور بۆ ژمارەی ڕستە بەشدار بوەكان نییە" (شلێر ڕەسول محەمەد،٢٠٠٤: ٣٩) كەواتە ڕستەی لێكدراو دەتوانرێ بەپێی پێویست درێژ بكرێتەوە بەهۆی لێكدانی ڕستەكان. چونكە لەم جۆرەی

ڕستەدا دەتوانرێ ژمارەیەکی بێ کۆتا ڕستە لێکبدرێت بەهۆی ئامرازی لێکدەر، (Fromkin, V. R.1978; 211) وەک:

- ئەمشەو خۆمان ئامادەدەکەین و بەیانی زو بۆ سەیران بەڕێ دەکەوین و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین، پاشان ئێوارە دەگەڕێینەوە.




ڕستەکان بە ئامرازی (و – یان – گەر – ئەگینا –کەچی – ئینجا – بەڵام – (یان-یان) – (نە-نە)....هتد) بۆ نمونە:

- ئامرازی (و)

دو ڕستەی سەربەخۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەکرێ ڕستەکان پاش و پێش بکرێن.

وەك:- نەسرین هات و ئازاد ڕۆیشت و تابان خەوت.

- ئامرازی (یا)

ئەو ئامرازەیە کە بەتەنیا و بەجوتە بەکاردێت. مەبەستی هەڵبژاردن دەگەیەنێ. وەك:

- نان دەخۆین یا دەڕۆین.

- یا گۆرانی بڵێ، یا شایی بکە.

- ئامرازی (بەڵام)

ئەو ئامرازەیە کە بۆ لێکدانی دو ڕستەی "مەبەست (پێچەوانە) لە ئەنجامی لێکدانی دو ڕستەی سادەوە دروست دەبێت و شوێنی لە ناوەڕاستی ڕستەکەدا دەبێ هەر دو لای ڕستەکە لە ڕووداوەکەدا یەکسان ڕادەگرن." (ڕەفیق محەمەد محێدین،٢٠٠٣: ١٠٠)

- ئازاد ڕۆیشت بەڵام نەسرین مایەوە.

کەواتە تایبەتمەندی ڕستەی لێکدراو لەوەدایە کە "یاساکانی لێکدان لە زماندا لە ڕووی ڕستەسازییەوە توانایەکی ڕادە بەدەریان هەیە بۆ بەیەکەوە بەستن و لێکدانی کەرستەکان و ڕستەکان" (Amin, W. O. 1976; 19)_

## ١-١/٣- ب- ٢ ڕستەی ئاڵۆز[٢] : complex sentence

ڕستەی ئاڵۆز جۆرێکە لە ڕستەی ناسادە. لێرەدا هەندێك پێناسە بۆ ئەم جۆرەی ڕستە دەخەینە ڕوو، بەو ڕستانە دەگوترێت "کە زیاتر لە ڕستەیەکیان تێدایە، ڕستەیەکیان سەرەکییەو (main clause) کە بەلایەنی کەمەوە ڕستەیەکی شوێنکەوتو (subordinate clause) یان پتری تێدایە" ( Crystal, D. 2012; 95 ) یاخود بەو ڕستانە دەگوترێ کە "ڕستەیەکی سادە وەك بەشێك لە ڕستەیەکی تر ڕۆل دەبینێت، بە واتای لەجیاتی ئەوەی دو ڕستەی وەك یەك هەبن هەریەکە و ئەدگاری تایبەتی خۆی هەیە، ڕستەیەك وەك شاڕستە دەردەکەوێت ئەویتر وەك پاڕستە" (Amin, W. O. 1976; 21 ) یان "بە تێکەڵ بونی دو ڕستە لە ڕووی سینتاکسییەوە جیاواز دەگوترێ، کە یەکێکیان سەرەکییە و ئەویتریان ڕستەی شوێنکەوتوی ڕستەی سەرەکییەکەیە" (کوردستان موکریانی ،١٩٨٦: ٧٦) یان "دەشێ ڕستەی ئاڵۆز وەك کۆمەڵە پاڕستەیەك تێی بڕووانرێ، کە بەلای کەمەوە لە ڕستەیەکی سەرە و ڕستەیەکی بەند (دیارخەر) یان چەند ڕستەیەکی دیارخەر پێکدێت" (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ،٢٠٠٣: ٨٧) یاخود " ئەو جۆرە

---

[٢]. بەرامبەر بە زاراوەی ڕستەی ئاڵۆز (تێکەڵ- ئاوێتە – گەلە ڕستە – ڕستەی تێکهەڵکێش) بە کارهاتوە.

ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە کە پتر لە ڕستەیەکی سادە پێکدێت و لە هەمو ڕستە سادەکاندا تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکییە (Independnt clause) و ناتوانرێ لابدرێ، کە شاڕستەی پێ دەوترێ. سەرجەم ڕستەکانی تر لاوەکین (Dependnt clause) دەتوانرێ لابدرێن کە پاڕستەیان پێدەگوترێت" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،٢٠١٤ : ٣٧) هەروەها بەم جۆرەش پێناسەی ڕستەی ئاڵۆز کراوە "جۆرە ڕستەیەکی گەورەیە، کە لە چەند ڕستەی سادە و لێکدراو پێکهاتوە. ئەمانە هەموی بەیارمەتی ئامراز بەیەکەوە بەستراونەتەوە" (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم،١٩٨٦: ١٩١). بەڵام گەورەیی قاڵبی ڕستە نابێتە پێوانە بۆ ناسینەوەی ڕستەی ئاڵۆز، چونکە کرتاندن و لابردن زیاتر لەم جۆرە ڕستانە ڕوو دەدات، جگە لەمەش لە زمانی کوردیدا دەشێ ڕستەی سادە وەك تاکە وشەیەك لە بچوکترین قاڵبی ڕستەدا دەربکەوێ و ڕەنگە ڕستەیەکی ناسادە چەند ڕستەی سادەی تیادا بێ لە هێندە وشە پێکهاتبێ و بە ئامرازە لێکدەرەکان بەیەکەوە پەیوەست بوبن. وەك:

- کە ڕۆیشتی، هاتن.

هەروەها ڕستەی ئاڵۆز ئەگەر لە ڕستەی سادە و لێکدراو پێکهاتبێ ئەوا ڕستەی ئاڵۆز و لێکدراو لە یەکتر جیا ناکرێنەوە، چونکە لەم بارەدا ڕستەی ئاڵۆز هەمان تایبەتمەندیی ڕستەی سادە و لێکدراوی دەبێت کە ئەمەش گونجاو نییە بۆ ڕستەی ئاڵۆز. ئەوەی ڕستەی سادە و لێکدراو جیادەکاتەوە سەرەکی بون و لاوەکی بونی ڕستە پێکهێنەرەکانیەتی بەهۆی ئامرازی گەیەنەر بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز هاوپایە نابێت. وەك :

- <u>کە</u> <u>ئێوە ڕۆیشتن</u> ، <u>من نانم دەخوارد</u>.

ئاگ پا ڕ شا ڕ

هەندێ جار لەوانەیە بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز بەبێ ئامرازیش لێکبدرێن هەمان داڕشتنی خۆشی دەپارێزێت. وەك:

- خانوەکەمان تەواو بێت، دەگەڕێینەوە.

- من بە دوای دادەگەڕێم، نایدۆزمەوە.

دەشێت لاڕستە بکەوێتە سەرەتای ڕستەی ئاڵۆز یان ناوەڕاست یان کۆتایی ئەگەر پاڕستە بکەوێتە سەرەتای ڕستەی ئاڵۆز. وەك:

- کە ڕۆیشتی بۆ کتێبخانە، کتێبەکانم ببەوە.

ئەگەر پاڕستە بکەوێتە ناوەڕاستی ڕستەی ئاڵۆز. وەك :

- ئەو کەسەی کە من دەیناسم، تۆ نەت دییوە.

ئەگەر پاڕستە بکەوێتە کۆتایی ڕستەی ئاڵۆز. وەك :

- ئازاد دەیخوێند، کە هاوڕێکەی هات.

## ۳/۱-۱- ب- ۲-۱ بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز :

### ۳/۱-۱- ب- ۲-۱-۱شاڕستە(ڕستەی سەرەکی) Independent clause:

لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەی سەرەکی بەو ڕستەیە دەگوترێ، کە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆیە هیچ پەیوەندییەکی سینتاکسی لەگەڵ دەوروبەری خۆی دانییە جگە لەمە ڕستەی سەرەکی "وشە پێبەستیشی پێش ناکەوێ" (نوری عەلی ئەمین ،۲۰۱٤: ٦١) ڕستەی ئاڵۆز لە هەر چەند ڕستە پێکهاتبێ تەنیا یەکێك لەو ڕستانە ڕستەی سەرەکییە، بە شێوەیەکی گشتی بریتی دەبێت لە ڕستەیەکی سادە کە هێڵ بەژێر داهاتووەکان دەگرێتەوە. وەك:

- ئەو وێنانەی کە لە کۆلێژ گرتومانن وەك یادگاری هەڵمگرتون.

- ژیان لەو شوێنە بەسەردەبەم، کە حەزم لێیەتی.

- ناتوانم ئەو قسەڕەقانە لەبیرکەم، کە هاوڕێکەم کردی.

### ۳/۱-۱- ب- ۲-۱-۲ پاڕستە (ڕستەی لاوەکی):

ئەو یەکە زمانییە کە هەردو پایەی ڕستەی لە فرێزی کاری و فرێزی ناوی تیادایە و بەشداری ڕۆنانی یەکەی سەروی خۆی واتە شاڕستە دەکا، لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا پاڕستە بەشێکی شاڕستە دەردەخا، بۆیە لە ڕووی واتاوە پەیوەستە بە ڕستەی سەرەکیەوە. یان "ئەو بەشەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، کە هەرچەندە کەرەسە پێویستییەکانی ڕستەی تێدایە، بەڵام ناتوانێ وەك ڕستەیەکی تەواو و سەربەخۆ بوەستێ، بەڵکو لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە بە ڕستە سەرەکییەکەوە بەندە" (شلیر ڕەسول

محەمەد،٢٠٠٤ : ٤١) واتە ئەگەر جیای کەیتەوە واتای تەواوی نییە، ئەم جۆرە ڕستەیە شوێنکەوتوی شاڕستەیە و زانیاری زیاتر دەربارەی شاڕستە دەدات.هەروەها بە ڕستەی بەند دادەنرێت چونکە سەر بە ڕستەی سەرەکییە ئامرازەکان تێکەڵ بە داڕشتنی پاڕستەکان دەبن پاڕستە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ئەرکی فرێزی ناوی جێبەجێ دەکات. (Fromkin. V. R.1978; 213) هەروەها پاڕستەکان جۆری ڕستەکان دیاری دەکەن لە ڕستەی ئاڵۆزدا، کە دواتر لە بارەیانەوە دەدوێین. وەك:

- قەڵات <u>کە شوێنەوارێکی کۆنە</u>، لە سەنتەری شاری هەولێرە.

## <u>١-١/٣- ب- ٢-١-٣ ئامرازی گەیەنەر:</u>

ئەو ئامرازەیە کە لاڕستە یان ڕستەی شۆێنکەوتو دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی کە پەیوەندی مەرجی، مەبەستی، هۆیی، کاتی، دیارخەری ...هتد لە نێو ڕستەی سەرەکی و شوێنکەوتودا پیشان دەدات، هەروەها هۆیەکە بۆ بەندکردنی لاڕستە دەشێت لە هەندێك ڕستەدا، گەیەنەر لەڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەوێت. وەك:

- هاوڕێکەم لەوشارە لە دایکبوە، <u>کە</u> بە ناوچەی دابڕاو ناونراوە .

- ئەو مندالانەی بێ سەرپەرشتن، مرۆڤ جەرگی بۆیان دەسوتێ.

لەم ڕستەیەدا ئامرازی گەیەنەر نەهاتوە و هیچ کاریگەری لەسەر واتا نەکردوە، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بونی هەیە.

## <u>٢-١/٣ کەرستەکانی پاڕستە:</u>

هەر ڕستەیەك سادە بێت یان ناسادەی ( لێکدراو یان ئاڵۆز)بێت یا پاڕستە بێت لە چەند کەرستەیەك پێکدێت ئەو کەرستانەش ئەرکی جیاجیا وەردەگرن وەکو ئەرکی (بکەر ،بەرکار، تەواوکەر، سەربار، ...هتد)

**<u>١-٢-١/٣ بکەر:</u>**- لە ڕێزمانی چاولێکەری بکەر ئەو ناوەیە یان ڕاناوەیە لە ڕستەدا کە هێما بۆ ئەو کەسە یان ئەو شتە دەکات کە کارەکە ئەنجام دەدات ئەم ئەرکە "بە بون و نەبونیەوە دەبێت دەست پێش خەرێت لە ڕستەی کوردیدا" (نەوزاد ئەنوەر عومەر،٢٠١٤ :

٨٥) بە پێی یاسای گشتی زمانی کوردی دەکەوێتە سەرەتای ڕستە کار باسێکی لە بارەوە ڕادەگەیەنێت دو جۆرە بکەر هەیە کە ئەوانیش بکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکین.

**٣/١-٢-١-١) بکەری ڕێزمانی**: "ئەو دانە ڕێزمانیەیە کە لە ڕستەدا بەپێی یاسا سینتاکسیەکانی زمانەکە لە ڕستەدا شوێنی بکەر دەگرێ" (وریا عومەر ئەمین،٢٠١٥ : ١٤) وەك:

- <u>چێشتەکە</u> سوتا.

ب ڕ

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا بکەر پێچەوانەی پێناسەکەیەتی و بەپێی پێناسەی ڕێزمانی چاولێکەری بەرکارە نەك بکەر، چونکە ئەوەی کاری ڕستەکەی ئەنجامداوە (چێشتەکە) نیە، بەڵکو تەنیا شوێنی بکەرەکەی گرتوە بۆیە بکەرێکی ڕێزمانییەو بەرکارێکی لۆجیکییە لەبەر ئەوەی کارەکەی بەسەردا تێپەڕیوە.

بە پێی پێناسەی بکەر و بەرکار بێ، بەوەی بکەر کارەکە ئەنجام دەدا و بەرکار کارەکەی بەسەردا دێ، فرێزی ناوی کارە تێنەپەڕەکان هەموویان نابن بە بکەر، بۆ نمونە فرێزی ناوی کارەکانی (بو، مرد، خنکا، سوتا، کەوت....هتد) کارەکەیان بەسەردا دێ و دەبن بە بەرکار، بەڵام فرێزی ناوی کارەکانی (هات، دانیشت، چو، فڕی.....هتد) بە خۆیان کارەکە دەکەن و دەبن بە بکەری ڕستەکە. بۆیە کارە تێنەپەڕەکان دابەشی دو جۆر کراون، تێنەپەڕی بکەری و تێنەپەڕی بەرکاری.

**<u>٣/١-٢-١- ب) بکەری لۆجیکی:Logical subject</u>** : ئەو دانە ڕێزمانیەیە کە کاری ڕستەکە ئەنجام دەدات و مەرج نیە شوێنی ڕێزمانی خۆی بگرێ (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە) هەروەها لە ڕووی واتاشەوە بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکەیە لە زۆربەی ئەو ڕستانەی کە کارەکانیان تێپەڕە، هەمان ئەو کەرستەیەی کە دەبێتە بکەری ڕێزمانی، دەبێتە بکەری لۆجیکیش واتە بکەری لۆجیکی و بکەری ڕێزمانی یەك شیکردنەوەیان دەبێ. وەك:

- <u>ئازاد</u> دارەکەی بڕییەوە.

ب ل

**٢-٢-١/٣ بەرکار :Object** : ئەو کەرستەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کردەی کار لە ناو ڕستەدا بە پێی یاسای گشتی زمانی کوردی خۆی لە دووەم چاڵی ڕستەدا دەنوێنێ لەژێر ڕکێفی کاری ڕستەدایە، بەرکاریش دەبێتە دو جۆر (بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) یەکەمیان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری کاری ڕستەکەدایە، دووەمیان "بە هۆی ئامرازی پەیوەندییەوە دروست دەبێت و پێی دەگوترێت گرێی بەند" (خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول،٢٠٠٨ : ٥٤) لەو ڕستانەی کارەکانیان تێپەڕە بەرکار دەبینرێت.بەرکاریش بەهەمان شێوەی بکەر بۆ دو جۆری تر دابەش دەکرێت ئەوانیش بەرکاری ڕێزمانی و بەرکاری لۆجیکین. وەك:

- قوتابیەکە <u>وانەکە</u>ی خوێند.

بە ڕ

– کچەکە <u>نامەکە</u>ی <u>بە دەست</u> نوسی.

بە ڕ بە ن

لەم ڕستانەدا (وانە) بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری (خوێند)ە، چونکە ڕاستەخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری کاری (خوێند)نەکە، وە هەروەها کاری (نوسی) دو بەرکاری وەرگرتوە (بەدەست) بەرکاری ناڕاستەوخۆی کاری (نوسی)یەو بە فراوانکردنیش هەستاوە[٣].

**٣-٢-١/٣ تەواوکەر: complement** : ئەو کەرستانەن کە لەگەڵ کاردا دێن و ڕستەکە دەکەنە ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتایەکی تەواوی پێدەبەخشێت، بەتەواوی لەگەڵ

---

[٣]. تێبینی: لە کارە تێپەڕەکان ئەگەر کار ڕابردو بێ کارەکە لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ تەواوکەر ڕێکدەکەوێ، جێناوی لکاوی خاوەنی لەگەڵ بکەر ڕێکدەکەوێ.

وەك:-<u>ئەوان</u> وانەکە<u>یان</u> خوێند. —ئێوە <u>پێنوسەکە</u>تان شکاند<u>Ø</u>

ب ج خ بەڕ ج ڕێك

بەڵام ئەگەر کارەکە ڕانەبردوبێ جێناوی لکاوی ڕێککەوتن لەڕووی کەس وژمارەوە لەگەڵ بکەر ڕێکدەکەوێ و جێناوی لکاوی خاوەنی لەگەڵ تەواوکەر ڕێکدەکەوێ.

وەك:- <u>ئەوان</u> وانەکە دەنوس<u>ن</u>.

ب ج ڕێك

ناوەکەی خۆی گونجاوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەکردەی تەواوکردنەوە هەیە "لە ڕستەدا دەبنە پێویستیەکی هەمیشەیی کارەکە و ناتوانرێ وازیان لێ بهێنرێ" (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ،٢٠١٣: ٢٩) و لەلایەن بەشی کارەوە حوکم دەکرێ. وەك:

ا- باوکی منداڵەکە پێشمەرگە بو.

ت

*ب- باوکی منداڵەکە بو.

پ- نەسرین گوڵەکەی چاند.

ت

ڕستەی (ب) بەرامبەر بەڕستەی (ا) ناڕێزمانییە، چونکە تەواوکەر لابراوە تەواوکەر وەك هەر ئەرکێکی ڕێزمانی داواکارییەکی سیمانتیکی کارەکەیە.

**٤-٢-١/٣ سەربار: Adjunct**: سەربارەکان ئەو کەرستانەن کە لەلایەن گوزارەی ڕستەوە داوانەکراون، چونکە "هاتن و نەهاتنی لە ڕستەدا بە ئارەزوە" (عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان،٢٠٠٩ : ٥٨) واتە لابردنیان لە ڕستەدا کار ناکاتە سەر واتا و لایەنی ڕێزمانی ڕستەکە، بەڵکو تەنیا ئەرکیان زیاتر ڕوونکردنەوە و دەرخستنی زیاترە لەبارەی کەرستەیەکی ڕستە. وەك:

- وەرزی بەهار وەرزێکی خۆش و ڕەنگینی ساڵە.

سەربارە

لەم نمونەی سەرەوەدا (خۆش و ڕەنگین) سەربارە و زانیاری لەبارەی (وەرزی بەهار) داوە، لەگەڵ ئەوەشدا لابردنی لە ڕستەکەدا کار لەلایەنی ڕێزمانی و واتایی ڕستەکە ناکات. هەروەها سەربارەکان دەتوانن جێگۆڕکێ بە شوێنیان بکەن، لە ڕووی ژمارەوە دەشێت چەند سەربارێك بەسەریەکەوە دەربکەون تا ئەوکاتەی کە پێشێلی یاسای زمانەکەی نەکات. وەك:

- ئازاد سمینارەکەی لە پۆلدا پێشکەشکرد.

– ئازاد لە پۆلدا سمینارەکەی پێشکەشکرد.

- ئەمساڵ نەوزاد خانوێکی فراوان و خۆشی لە گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کڕی.

**٥-٢-١/٣ کار:Verb**: یەکێکە لە بونیاتی دروستکردنی ڕستە پۆلێکی کراوەیە و ژمارەی ئەندامانی زۆرە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە، واتە هیچ کارێك سادەنیە و بە لای کەمەوە لە (ڕەگێك و مۆرفیمێکی کات) پێکهاتوە. ئینجا ڕەگی کار مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەییە و ئەگەر تێنەپەڕ بێ، یەك فرێزی ناوی یان پتر بەشداریی دەکەن بۆ پێکهێنانی ڕستە، بەڵام ئەگەر تێپەڕ بێ، دو فرێزی ناوی یان پتر بەشداریی دەکەن بۆ دروستکردنی ڕستە. هەروەها کار دیارکەری جێکەوتەکانە کە بە ئارگومێنتەکان پڕدەکرێنەوە خودی کاریش ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگومێنتەکانی چەپ بۆ لای ڕاست دەدات لەزمانی کوردیدا کە حوکمی جێکەوتەکانی دەکات، بەپێی یاسای زمانی کوردی شوێنی کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستە. هەمو ئەمانە کەرستە پێکهێنەری ڕستە و پارستەن بەپێی پێویستی کار و واتای کارەکە کەرستەکان هەڵدەبژێردرێت.

## ٢/٣ تەوەری دووەم

### ١-٢/٣ پارستە و جۆری:

پارستە وەك بەشێك لە ڕستەی ئاڵۆزدا، لە زمانی کوردیدا تا ئێستا چەندین دابەشکردنی بۆ کراوە. بەپێی ئەو ئەرکەی کە وەری دەگرێت لە ناو ڕستەی ئاڵۆزدا، لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازی دەبینرێ لەم دابەشکردنانەدا، بەڵام تارادەیەك لە هەندێك لایەنەوە یەکدەگرنەوە. دابەشکردنەکان زیاتر لایەنی واتایی دەگرنەوە. ئەگەرچی بە ڕوواڵەت لە چوارچێوەی ڕێزماندانە، بەڵام ڕستە وەك کەرستەیەکی سەربەخۆ واتادارە و ڕێزمان ڕێکخستنی کەرستەکان ئەنجامدەدا.

هەموو پارستەیەك دیارخەریە و بەشێکی شارستە دیاردەخا یان ڕوونیدەکاتەوە و زانیاری زۆرتری دەربارە دەدا، بەم پێیە لەم توێژینەوەیەدا پارستە دابەشی سەر چەندلقێك دەکرێ و هەر لقێکیش چەند لقێکی تری لێ دەبێتەوە، کە دواتر ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەیانەوە دەدرێ، پارستەکان ئەمانەن:

### ١-١-٢/٣ پارستەی دیارخەری ناو (پارستەی ناوەڵناوی):

ئەو جۆرە پارستانەن کە وەسفی ناوێك لە شارستە دەکەن و پتر ڕوونیدەکەنەوە. لەسەر ئەو بنەمایە بە پێی ئەو ئەرکە ڕستەسازیەی ناوەکە دەیبینێ، شارستەکەش ناودەنرێ. بۆنمونە: ئەگەر ناوەکە بکەر بێ، پارستەکە ناودەنرێ (پارستەی دیارخەری بکەر)، بە هەمان شێوە دابەش دەبن بۆ پارستەی دیارخەری بەرکار، بەرکاری بە یاریدە، دیارخەری دیارخەر .....هتد.

وەك لەم نمونەیەدا دیارە:




### **۲/۳-۱- ب پاڕستەی دیارخەری کار (پاڕستەی ئاوەڵناوەڵکاری):**

پاڕستەی دیارخەری ئاوەڵکار ئەو پاڕستانەن کە لایەنێکی ئەنجامدانی کاری شاڕستە دەردەخەن، وەك: کاتی ئەنجامدانی کاری شاڕستە، یان هۆی ئەنجامدان، ئامانج، ئەنجام، ڕادەی ئەنجامدانە یان مەرجی ئەنجامدانەکە...هتد. لەبەر ئەوە دەشێ بەو جۆرە شاڕستانە بوترێ (پاڕستەی ئاوەڵکاری). بۆنمونە:

١- کە کار لە کار ترازا، برا دەبێتە برازا. (پاڕستەی دیارخەری کات).

٢- چونکە ناخوێنین، دەرناچین. (پاڕستەی دیارخەری هۆ).

٣- ناخوێنین، بۆیە دەرناچین. (پاڕستەی دیارخەری ئەنجام).

٤- خەباتدەکەین، تا سەرفرازبین. (پاڕستەی دیارخەری ئامانج).

٥- هێندە ساردە، بەرگەناگرم. (پاڕستەی دیارخەری پێوانە).

٦- ئەگەر گوڵ نی، دڕکیش مەبە. (پاڕستەی دیارخەری مەرج).

### ٣/٢-١-٠ دیارخەر:

بریتیە لە زانیاری و ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بارەی هەر کەرستەیەکی ڕستە. لە ئاستی سینتاکسدا (Radford, A. 1997; 265) دیارخەر بە هەر کەرستەیەکی وەك (مۆرفیم، وشە، فرێز، ڕستە) دەگوترێ کە بۆ ڕوونکردنەوە و دیارخستن و فراوانکردنی کەرستەیەکی تر یا سەرەیەك بەکاردێت لە ڕێزماندا. زۆر جار کەرستەیەکی بە ئارەزوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ باردا کەرستەیەکی بە خورتییە بۆ فرێزی بەند و هەندێ کاری ڕستەخواز وەك کاری "دیارە – ئاشکرایە – باشترە ... هتد" (ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا،١٩٩٠: ٤٥) بە زۆری لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا گۆڕانکاری بەسەر شێوەی ئەو کەرستەیەدا دێت کە لەگەڵیدا بەکاردێت "کە لەوانەیە تاکە وشەیەك بێت یان دەستەواژەیەك بێت" (محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠: ٢٢٥) هەڵدەستێ بە فراوانکردن ئینجا چ ڕستەبێ یان هەر کەرستەیەکی تر بێ. لە زمانی کوردیدا کەرستە دیارخەرەکانی پێش سەرە و دوای سەرەمان هەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا. لە ئاستی ڕستەسازیشدا دیارخەرەکان بە فراوانکردن و دیارخستنی تایبەتیەکانی ناوێك یان سەرەی فرێزەکان فراوان دەکەن و دەردەخەن. هەروەها فراوانکردنی ڕستە بە هۆی پاڕستە دیارخەرەکان. لەم بارەشدا جگە لە فراوانکردن و دیارخستنی ڕستە، هەڵدەستێ بە گۆڕینی فۆرمی ڕستە لە ڕستەی سادەوە بۆ ڕستەی ئاڵۆز " هەر کاتێك توانرا لێکدەرێك (ئامرازی لێکدەر) بخەینە پێش لاڕستەیەکەوە بێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕێ ئەوا ئەو لاڕستەیە بەند دەبێ." (هەمان سەرچاوە : ٢٢٩) کە بە زۆری پاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا بە هۆی ئامرازی گەیەنەری (-کە) تێکەڵ بە ڕستەی سەرەکی دەبێت. ئەو کەرستەی کە پاڕستەی دیارخەری بۆی دەگەڕێتەوە لە پاڕستەدا ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت. وەك:

ناو – ەکە – ان

کچ - ەکە کچ – ەکە - ان

دیارخەر - ناو – هێشوە دیارخەر

- تەنیا کچە جوانە زیرەکەکە




لێرەدا دەتوانرێ ناوی (کچ) بە ڕستەیەك دیاریخرێت کە بۆی دەبێتە پاڕستەی دیارخەری وەکو کەرستەیەکی دیارخەر ئەرك دەبینێت.

## ٢/٣-١- ١ پاڕستەی ئاوەڵناوی (دیارخەری ناو):

ئەو جۆرەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا "کو ئەم دشێین بێژینێ دیارکەر \ دیارخەر ژی. ئەرکی وەسفکردن. ڕوونکرن و دانا زانیاریان سەبارەت ب گرێیا ناڤیا ڕستێ دبینیت" (غەریبە عەگید خەلیل.٢٠٠٩ : ٢٣) بەم پێیە ئەم جۆرە پاڕستەیە جۆرە سیفەتێکی ئاوەڵناوی دەبینێ. چونکە "لاڕستەی ئاوڵناوی لەگەڵ لاڕستەی دیارخەریدا جیاوازیان نیە. خاسیەت و تایبەتێتی ناوی شارستە دەردەخا" (ڕەفیق محەمەد محێدین.٢٠٠٣: ١٠٥) ئاوەڵناویش ئەرکی دیارخەر دەبینێ کەواتە ئەم جۆرە پاڕستەیە. پاڕستەی دیارخەرین. بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی باسکردن و وەسفکردنی بەشێك یان پێکهێنەرێکی شارستەی لە ئەستۆ دایە. بەم پێیە ئەم پاڕستەیە "دەوری دیارخەر. هاوەڵناو دەبینێت لە ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتو خوازدا" (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم.١٩٨٠: ١٩٤) پاڕستەی دیارخەری چەند جۆرێکی هەیە کە. سەرجەم جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵناوی (پاڕستەی دیارخەری)ن. کەواتە ئەمە پاڕستەی ناوی لە پاڕستەی ئاوەڵناوی جیادەکاتەوە. هەروەها "ڕستەی شوێنکەوتوی دیارخەری ناتوانێ بکەوێتە پێشەوەی ڕستەی سەرەکی" (هەمان سەرچاوە : ١٦٧) واتا بە شێوەی ئاوەڵناوی دەکەوێتە دوای ناو. وەك:

- مام عەلی دارەکەی بڕییەوە. کە بڵند بو.

پاڕ ئاوەڵ (دیارخەر)

- کچەکەم دیت. کە سور هەڵگەڕا .

پاڕ ئاوەڵ

بەڵام "هەندێك جاری واهەیە بە پێی یاسایەکی بە ئارەزو **optional** دەتوانرێ لە ناوەندی شارستەکە دابێت، ئەگینا شارستە لە سەرەتاوەیە" (ڕەفیق محەمەد محێدین،٢٠٠٣: ١٠٤) وەك:

- چراکەی کە گەش بو، کوژایەوە.

وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، هەموو پارستە ئاوەڵناویەکان دیارخەری ناوێکی شارستەن، بۆیە بە پێی ئەرکی ئەو ناوە لە شارستەدا پارستەکە دەناسرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلین دەکرێن:

## ٣/٢-١- ١-١ پارستەی دیارخەری بکەر:

جۆرێکە لە پارستەی ئاوڵناوی و بکەری شارستە ڕووندەکاتەوە و دەری دەخات، هەروەها "ڕوویەکی ڕوونتری بکەری دیار دکەت و دەچێتە ناڤ ڕۆنان و پێکهاتا شارستێ و بەرفرەهتر لێدکەت" (غەریبە عەگید خەلیل،٢٠٠٩: ٢٠) بەمەش سەرەی گرێی ناوی زیاتر ڕووندەکاتەوە "لە هەمان کاتدا ڕستە تێکەڵەکە دروست دەکات " (بازیان یونس محێدین،٢٠١٠ : ٨٣) وەك:

- هێلین، <u>کە تازە مۆڵەتی شوفێری وەرگرتوە</u>، تاکسی لێدەخوڕێ.

پ د ب

لێرەدا ئەم ڕستە ئاڵۆزە لە دو ڕستە پێکهاتوە. ئەوانیش:

١- هێلین تاکسی لێدەخوڕێ.

٢- هێلین تازە مۆڵەتی شوفێری وەرگرتوە.

لە هەر دو ڕستەکەدا ناوی (هێلین) هەیە و ئەرکی بکەری لە هەر دو ڕستەدا بینیوە، بەڵام لە ئەنجامی تێهەڵکێشکردنی هەر دو ڕستەکە، ناوی لە ڕستەی دووەم لادەچێت کە ئەرکی بکەری پارستە دەبینێت، لە ئەنجامی تێهەڵکێشکردنەکەدا ئامرازی گەیەنەری (کە) دەوری بەیەك گەیاندن دەبینێت. لە ئەنجامدا پارستەی (کە تازە مۆڵەتی شوفێری وەرگرتوە.) وەسفی بکەر دەکات و دەبێتە دیارخەری بکەری شارستە و

تێکەڵ بە ڕۆنانی ڕستە سەرەکیەکە دەبێت و فراوانی دەکات و دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕستە ئاڵۆزەکە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی دیارخەری.

- هێلین، کە تازە مۆڵەتی شوفێری وەرگرتوە. تاکسی لێدەخوڕێ.

پ د ب

دەشێت پاڕستەکە بکەوێتە کۆتایی بێ ئەوەی هیچ لە واتای ڕستە ئاڵوزەکە کەم ببێتەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لە هێڵکارییەکە پاڕستەکە بۆ ئەو کەرستەیە دەگوازرێتەوە کە بۆی دەبێتە دیارخەر. بۆ نمونە.

- هێلین تاکسی لێدەخوڕێ. کە تازە مۆڵەتی شوفێری وەرگرتوە.

پ د ب

وەك لەم هێڵکاریە درەختیەدا ڕوونکراوەتەوە.



## ٢/٣-١- ١-٢ پاڕستەی دیارخەری بەرکار:

پاڕستەی دیارخەری بەرکار ئەو جۆرە پاڕستە ئاوەڵناویانەن کە وەسفی ناوێك دەکەن لە شاڕستەدا کە ئەرکی بەرکاری بینیوە لایەنێکی ئەو بەرکارە ڕووندەکەنەوە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی پێناسە و چەمکی بەرکار بدەین کە (ئەو کەسە یان شتەیە کە کارێکی بەسەردا دێ)، ئەوا دەتوانرێ دو جۆر بەرکار دەستنیشان بکەین، بەرکارێکی باو کە لە گەردانی کاری تێپەڕدا لەگەڵ بکەری ڕاستەقینە دەردەکەوێ. وەك لە نمونەی:

- پێشمەرگە داعشی شکاند.

لەم نمونەیەدا ناوی (داعش) بەرکاری ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی ڕستەکەیە، چونکە کرداری شکاندنی بەسەردا هاتوە و (پێشمەرگە) بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکەیە، کە کرداری شکاندنی ئەنجامداوە.

بە پێی هەمان پێناسەی سەرەوە جۆرێکی تر لە بەرکار هەیە، کە لە ڕێزمانی هاوچەرخدا ناونراوە، بکەری ڕێزمانی، یان نیهاد یان هەندێ جار کاریشی پێ وتراوە، ئەو بەرکارانەن کە لەگەڵ کاری تێنەپەڕی بەرکاریدا دەردەکەون، واتە ئەو کارە تێنەپەڕانەی توخمەکەیان (کەس بێ یان شت) کردارەکە ئەنجام نادا، بەڵکو کردارەکەی بەسەردا دێ، وەك لە (سوتان، ڕژان، شکان، بون، مردن، خنکان.....). بۆ نمونە لە ڕستەکانی:

مەلەوانەکە خنکا. نەخۆشەکە مرد. مناڵێکیان بو......

لەم ڕستانەدا، مەلەوان، نەخۆش، مناڵ... هیچ کارێکیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو خۆیان کردارێکیان بەسەردا هاتوە، بۆیە خۆیان دەبن بە بەرکار نەك بکەر.

بە جۆری بەرکارەکان دەتوانین، چەند جۆرێك لە پاڕستەی ئاوەڵناوی دیارخەری بەرکار بخەینە ڕوو:

### ٢/٣-١-١-٢-١ پاڕستەی دیارخەری بەرکاری کاری تێپەڕ:

دیارترین و ناسراوترین بەرکار ئەو ناوانەن کە ڕستەکانی کاری تێپەڕدا چاڵی دوەم پڕدەکەنەوە، واتە لە دوای بکەری ڕستەدا دێن. ئینجا هەر ڕستەیەکی لاوەکی وەسفی ئەو بەرکارە بکا، دەبێتە پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ. بۆنمونە لە ڕستەی:

- مامۆستا قوتابیەکەی خەڵاتکرد، که بەرزترین نمرەی هێنابو.

پاڕستەی (کە بەرزترین نمرەی هێنابو) وەسفی بەرکاری شاڕستە دەکا کە (قوتابیەکە)یە، بۆیە دەبێتە پاڕستەی دیارخەری بەرکار، وەك لەم هێڵکاریەدا دەرەکەوێ:




## ٢/٣-١-١-٢-٢پارستەی دیارخەری بەرکاری دەرکەوتوی کاری تێنەپەڕ:

ئەو جۆرەیان ئەو بەرکارانە دەگرێتەوە کە لە گەڵ کاری تێنەپەڕی بەرکاری دێن و بەرکارەکەش لە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ وەك فرێزێکی ناوی دەرکەوتوە و کرداری کارەکەی بەسەردا هاتوە و خۆی ئەنجامی نەداوە. ئەو جۆرە بەرکارانە هەندێ جار بە بکەری ڕێزمانی، یان بەرکاری لۆجیکی، تەنانەت بە نیهاد یان کاراش ناوبراون. بۆیە لە پۆلینکردندا ئێمە لەم شوێنەمان دانان، چونکە لە بنەڕەتدا ئەمانە بەرکاری ڕاستەقینەن نەك بکەر و بە تەواوی پێناسەی بەرکاریان بەسەردا دەسەپێ. وەك لەم نمونەیەدا دەردەکەوێ:

- ئەو خێوەتگەیەی بۆ ئاوارەکان دروستکرابو، سوتا.

ڕستەی سەرەکی: ئەو خێوەتگەیە سوتا. (شاڕستەیە).

ڕستەی لاوەکی: ئەو خێوەتگەیە بۆ ئاوارەکان دروستکرابو. (پاڕستەیە).

هەردو ڕستەکە بە هۆی ئامرازی گەیەنەری (ی) تێکەڵکراون.

پاڕستەی (بۆ ئاوارەکان دروستکرابو) وەسفی فرێزە ناویەکە (ئەو خێوەتگەیە) دەکا، کە وەك نیهادێك لە سەرەتای ڕستەکە هاتوە، بەڵام بکەر نیە چونکە هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە، بەڵکو بکەرە چونکە کرداری سوتانی بەسەردا هاتوە. بەم پێیە پاڕستەکە دەبێتە پاڕستەی دیارخەری بەرکار. وەك لەم هێڵکاریە دەردەکەوێ:




## ٣/٢-١-١-٢-٣ پاڕستەی دیارخەری بەرکاری دەرنەکەوتوی کاری تێنەپەڕ:

ئەم جۆرە بەرکارە لەو ڕستانەدایە کە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستان. لە سەرجەم ڕستەکانی هەواڵدانی کاتی ئێستا ڕەگی کار کە (بـ)ی چاوگی (بون)ە، دەرناکەوێ. وەك لە ڕستەکانی: من کوردم، تۆ کوردی، ئەو کوردە...... ئەگەر هاوکێشەی داڕشتنی ئەم ڕستانە بخەینەڕوو لە بنەڕەتدا، یان لە ئاستی ناوەوەدا بەم شێوەیەن:

- من زیرەکم ← من زیرەك (ف ن) + بـ (ڕەگی بون دەرنەکەوتوە) + (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرنەکەوتوە + (م) ڕاناوی ڕێککەوتن ك١تاك لەگەڵ فرێزی ناوی.

- تۆ زیرەکی ← تۆ زیرەك (ف ن) + بـ (ڕەگی بون دەرنەکەوتوە) + (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرنەکەوتوە + (ی) ڕاناوی ڕێککەوتن ك٢تاك لەگەڵ فرێزی ناوی.

ـ ئەو زیرەکە ← ئەو زیرەك (ف ن) + بـ (ڕەگی بون دەرنەکەوتوە) + (ە) مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرکەوتوە + (0) ڕاناوی ڕێککەوتن ك٣تاك دەرنەکەوتو.

بە سەرنجێك لەم ڕستانەی سەرەوە، کە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستان، دو ڕاستی دەردەکەون:

١ـ لەم جۆرە ڕستانەدا (بـ)ی ڕەگی چاوگی (بون) دەرناکەوێ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ، ڕستەکە دەبێتە داخوازی یان فەرماندان. ئەگەر ڕستەکانیش بگۆڕین بۆ ڕابوردو (من زیرەك بوم، تۆ زیرەك بوی، ئەو زیرەك بو...) یان بیانگۆڕین بۆ ڕانەبوردو (زیرەك دەبم، زیرەك دەبی، زیرەك دەبێ...)، تەنانەت ئەگەر بیانگۆڕین بۆ داهاتو (زیرەك بم، زیرەك بی، زیرەك بێ...) لە هەموو دۆخەکاندا ڕەگی (بـ) دەردەکەوێ تەنیا لە کاتی ئێستا نەبێ.

٢ـ لە هەموو کەسەکاندا (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرناکەوێ، چونکە ڕاناو دەرکەوتوە، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ، لەبەرئەوەی ڕاناو سفرە و دەرنەکەوتوە. (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەردەکەوێ، کە لە ڕێزمانی دێریندا بە هەڵە بە کاری بێهێز دانراوە.

وەکو لە جۆری دووەمی بەرکاردا لەم جۆرە ڕستانەشدا فرێزە ناویەکە دەبێتە بەرکار، چونکە (بون) چاوگێکی تێنەپەڕی بەرکاریە و کەسەکە کارەکە ئەنجام نادا و شتەکەی بەسەردا هاتوە. ئینجا شتەکە یان ئاوەڵناوەکە باش بێ یان خراپ.

لەسەر ئەم بنەڕەتە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا جۆرێك لە ڕستەی ئاڵۆز دێتەئارا کە بەرکارەکەی مۆڕفیمی سفری ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە و بە ئاشکرا دەرناکەوێ، پاڕستەکەش ئەرکی دەرخستنی ئەو مۆڕفیمە سفرە دەبینێ و دەبێتە پاڕستەی دیارخەری بەرکار. ئەم جۆرە ڕستەئاڵۆزانە لە سێ دۆخدا دروستدەبن کە ئەمانەن:

**دۆخی یەکەم:** ئەگەر شاڕستە ڕستەیەکی هەواڵدانی کاتی ئێستا بێ. ئەو جۆرە ڕستانە پتر مەبەستی دڵنیایی دەبەخشن. وەك: ئاشکرایە، دیارە، گومان لەوەدا نیە، وا باشە، پێویستە..... هەندێ بە پێچەوانەی دڵنیایی مەبەستی دودڵی یان گومانداری دەبەخشن، وەك: لەوانەیە، ئەگەری ئەوە هەیە، ڕەنگە...... تەنانەت هەندێ جار

شاڕستەکە لە شێوەی فەرماندانیش دەبێ: وەك: دڵنیابە، بێگومان بە، ئاسودە بە، بێخەم بە.......هتد. بۆنمونە:

– ئاشکرایە، گەلی کورد سەربەخۆیی وەردەگرێ.

لە شاڕستەدا شتێك هەیە کە ئاشکرایە، ئەو شتە بوەتە مۆڕفیمی سفری کەسی سێیەمی تاك و کەوتۆتە کۆتایی ڕستەکە و بەرکارێکە، چونکە ڕەگی کارەکە (ب)ی ڕەگی چاوگی (بون)ە و تێنەپەڕی بەرکاریە و شتەکە هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە، بەڵکو ئاوەڵناوی ئاشکرای بەسەردا هاتوە، پاڕستەکەش ئەو شتە، واتە ئەو مۆڕفیمە سفرە ڕووندەکاتەوە:

ئاشکرایە ← ئاشکرا (ف ن) + بـ (دەرنەکەوتوە) + ە (م ك ئێستا) + **0** (ك٣تاك)

وەك لەم هێڵکاریە دەرکەوتوە:



**دۆخی دووەم:** هەندێ جار کاری شاڕستە لە تافی ڕانەبوردو دەبێ و بەرکار مۆڕفیمی سفری کەسی سێیەمی تاکە و دەرناکەوێ. دەشێ کارەکە تێپەڕ بێ، وەك: دەڵێ، دەنوسێ..... یان تێنەپەڕی بەرکاری، وەك: دەشێ، دەگونجێ.... بۆنمونە:

- دەڵێن، زمان بەڵای سەرە.

- دەڵێن (شاڕستە) ← (د) ە (مۆڕفیمی کاتی ئێستا) + ⦸ (ڕاناوی ك٣ تاك بەرکار) + ڵـ (ڕەگی کار) + ێـ (مۆڕفیمی کاتی داهاتو) + ن (ڕاناوی ك٣کۆ/ بکەر).

- زمان بەڵای سەرە (پاڕستە) ← زمان بەڵای سەر (ف ن) + بـ (ڕەگی بون / دەرنەکەوتوە) + ە (م ك ئێستا) + ⦸ (ڕاناوی ك ٣ تاك).

پاڕستەی (زمان بەڵای سەرە) بوەتە دیارخەر بۆ بەرکاری شاڕستە، کە لە بنەڕەتدا (دەیڵێن)ە، بۆ ئاسانی دەربڕین و کورتبڕی ڕاناوی لکاوی (یـ)ی بەرکار کە لە دەستەی خاوەنیە، سواوە بوە بە سفر.

**دۆخی سێیەم:** لەو شاڕستانەدا دەردەکەوێ کە کاری ڕستەکە ڕابوردوی ئەو چاوگانەیە کە چەمکی دەربڕین یان ئاخاوتن دەبەخشن، وەك: وتن، نوسین، فەرمون.... بۆنمونە:

- وتی، پشتی یەکتر بگرن.

-فەرمویەتی، قسە بکە، تا بتناسم.

- نوسیوتە، خوای گەورە میهرەبانە.

لەم هێڵکاریەدا ڕۆنانی ڕستەی یەکەم نیشاندراوە:




شایانی باسە لە ڕێزمانی دێریندا، پتر باسی ئەو پاڕستانە کراوە کە وەسفی بەرکارێکی ڕاستەوخۆی ئاشکرا دەکەن و کەمتر درکیان بە ئەو جۆرە بەرکارانە کردوە کە لە سەرەوە باسکران و وەك ئەوەی پاڕستەی ئاوڵناوی "دشێت ببیتە دیاکەری بەرکارێ ڕاستەوخۆی لاڕستا ئازاد " (پەسار محەمەد حەسەن،٢٠١٣: ٧٨) زانیاری لەبارەی بەرکاری ڕستەی سەرەکی دەدات و دیاریدەخات، بە یارمەتیی ئامرازی لێکدەری (کە) پەیوەندیی سینتاکسیی لەگەڵ شاڕستە دروست دەکات وەك:

- مامۆستا قوتابییەکەی خەڵات کرد، کە نمرەیەکی بەرزی هەبو .

ئەو فرێزە ناوییەی کە دەبێتە وەڵام بۆ ڕستەی پرسی (مامۆستا کێی خەڵاتکرد؟). وشەی پرسی (کێ) ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت و پاڕستەی (کە نمرەیەکی بەرزی هەبو.) دیارخەری فرێزی ناوی (قوتابی)یە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە وەك:

- دیار دارەکەی بڕییەوە، کە وشك ببو.

پ د بەڕ

لێرەدا ڕستەی ئاڵۆزەکەی سەرەوە لە دو ڕستە پێکهاتوە، ئەوانیش:

- دیار دارەکەی بڕییەوە.

- <u>دارەکە وشك بىو.</u>

لە هەر دو ڕستەکەدا ناوی (دار) هەیە لە ڕستەی دووەمدا لادەچێت بەیاسای هاولابردن، پاڕستەی (کە وشك بىو.) دەبێتە دیارخەر بۆ بەرکاری ڕاستوخۆی شاڕستە کە (دارەکە)یە. چونکە ئەوەی (وشك) بونی بەسەردا هاتوە (دارەکە)یە. وەك لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە.



## <u>٣/٢-١- ١-٣ پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ:</u>

ئەو پاڕستەی لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە "لایەنێکی بەرکاری بەیاریدەی شاڕستە ڕوونـدەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری بەرکاری بەیاریدەی شاڕستە" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،٢٠١٤ :٥٧) پاڕستە ئەو سەرەیە دەردەخات، کە لە ڕستەی سەرەکییدا گرێیەکی بەندی پێکهێناوە. کە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕوودانی کارەکە هاتۆتە ناوەوە و ئەرکی دیارخەر جێبەجێ دەکات. وەك:

- دیار لە کۆڕەوەکە، کە لە بەهاری ١٩٩١ دا ڕوویدا، لە دایکبو.

- دیار نامە بۆ ئەوان دەبات، کە هاوڕێی منداڵیمانن.

ئەم ڕستەیە لە بنجدا لە دو ڕستە پێکدێت

ا-دیار نامە بۆ ئەوان دەبات.

ب-ئەوان هاوڕێی منداڵیمانن.

ڕستەی (ب) تێهەڵکێشی ڕستەی (ا) کراوە. بە پێی یاسای گوێزانەوەی (هاولابردن) (ئەوان) کە دوبارە دەبێتەوە لە پاڕستە لادەدرێت. هەروەها "یاساکانی گوێزانەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەست پێدەکات لەبەر ئەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە واتاوە هەیە" (دارا حمید محمد،٢٠١٢ : ٢٦) واتا ئەم پرۆسەیە جۆرە ڕێککەوتنێکی واتایی و ڕێزمانی دەبەخشێت ئامرازی گەیەنەری (کە) ڕۆڵی بەیەکەوە گەیاندنیان دەبینێت.

کەواتە پاڕستەی (کە هاوڕێی منداڵیمانن.) بۆتە دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆی (بۆ ئەوان) کە لە شاڕستەدا دەبینرێ و زانیاری زیاتری لە بارەوە داوە. وەك لەم هێڵکاری درەختییەدا ڕوونکراوەتەوە.




## ٣/٢-١- ١-٤ پاڕستە دیارخەری تەواوکەر:

لە ڕاستیدا پاڕستەی دیارخەری تەواوکەر هەمان پاڕستەی دۆخی یەکەمە کە پاڕستەکە وەسفی بەرکار دەکا. بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە. لەم جۆرە ڕستانەدا بەرکارەکە دەرکەوتوە. کە لە ڕێزمانی دێریندا ناونراوە تەواوکەر. وەك وتراوە کە ئەو جۆرە پاڕستانە وەسفی تەواوکەری کاری شاڕستە دەکەن. لێرەدا شاڕستە ڕستەی هەواڵدانی کاتی

ئێستایە و ڕەگی چاوگی بون لەم جۆرە ڕستانە دەرناکەوێ و لە کۆتایی ڕستەکە (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك کە دەگەڕێتەوە بۆ فرێزە ناویەکە سفرە و دەرناکەوێ. وەك:

- ئەوە ئەزم؟! لەسەر بانان دەبەزم.

- شاڕستە: ئەوە (ئامرازی نیشانە)+ئەز (ف ن)بەرکار+بـ (ڕەگ دەرنەکەوتوە)+م (ك ١تاك)دەگەڕێتەوە بۆ ئەز.

- پاڕستە: (لەسەر بانان دەبەزم) وەسفی (ئەز) دەکا، کە لە شاڕستە بە هۆی کاری (بون) بەرکارە، بەڵام لە پاڕستەدا بوەتە بکەر بە هۆی کاری (دەبەزم= ڕادەکەم).

ئەو جۆرە پاڕستەیە وەکو هەمو پێکهێنەرێکی تر لە پاڕستەی دیارخەریدا "دەشێت ببێتە دیارکەرێ تەواوکەری ژی، ئان کو دبیتە دیارکەرێ ئەو پێکهێنێ واتا کارێ لاڕستە ئازاد تەمام دکەت" (پەسار محەمەد حەسەن، ٢٠١٣: ٧٨) بەیارمەتی ئامرازی لێکدەری (کە) پەیوەندییەکی ڕێزمانی لەگەڵ شاڕستە دروست دەکات و دەکەوێتە دوای شاڕستە. وەك:

- ئەوە گوارەکەیە، <u>کە هێلین بزری کردبو</u> .

پ د ت

لێرەدا ڕستە ئاڵۆزەکە لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەوانیش:

١- ئەوە گوارەکەیە. (شاڕشتە)

٢- هێلین بزری کردبو.(پاڕستە).

لێرەدا کاری شاڕستە لە (بون) وەرگیراوە، بە پێی لێکدانەوەی ڕێزمانی دێرین (گوارە) بۆتە تەواوکەری کاری (بون) ی شاڕستە، (گوارە) لە ئەنجامی تێهەڵکێشکردنی هەر دو ڕستەکە (گوارە)ی ڕستەی دووەم لادەچێت بە یاسای هاولابردن، ئامرازی گەیەنەری (کە) کردەی تێهەڵکێشکردنەکە تەواو دەکات. هەروەها پاڕستەی (<u>کە هێلین بزری کردبو.</u>) دەبێتە دیارخەری (گوارە)کە بۆتە تەواوکەری کاری ڕستەی سەرەکی بەمەش پاڕستەکە دەبێت بەدیارخەری تەواوکەر. وەك لەم هێڵکاریە درەختیەدا ڕوونکراوەتەوە.




## ٢/٣-١- ١-٥ پاڕستە دیارخەری جێگری بکەر :

ئەو پاڕستەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، کە دەبێتە دیارخەر و ڕوونکەرەوەی فرێزی ناوی جێگری بکەر لە شاڕستەی بکەرنادیاردا، کاتێك کاری ڕستەی سەرەکی تێپەڕ بێت و بکەر بوبێ بە مۆرفیمی (ر)ی نادیاری، بەپێی هەنگاوەکانی نادیارکردنی بکەری ڕستە. وەك:

-خانوەکە ڕووخێنرا، کە باوکم دروستی کردبو.

- سەیرانەکە دواخرا، کە خۆمان بۆ ئامادەکردبو.
پ د جێگری بکەر

ڕستەی ئاڵۆز لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەمانیش:

١- ئێمە سەیرانەکەمان دواخست.

٢- ئێمە خۆمان بۆ سەیرانەکە ئامادەکردبو.

لێرەدا (ئێمە ، سەیرانەکە) لە هەردو ڕستەدا هەیە، لە ئەنجامی تێهەڵکێشکردنی هەر دو ڕستەکە بۆ دروستکردنی ڕستەی ئاڵۆز بەیارمەتی ئامرازی گەیەنەر، لە ڕستەی دووەمدا لادەچن بە یاسای هاولابردن، هەروەها پاڕستەی (کە خۆمان بۆ ئامادەکردبو.)

دەبێتە دیارخەری (سەیرانەکە) کە لە بنەڕەتدا هەر بەرکارە و ناونراوە جێگری بکەرە لە شاڕستەدا.




## ٢/٣-١- ١-٦ پاڕستەی دیارخەری دیارخەر:

ئەو پاڕستەیەیە کە لە ڕستەی سەرەکیدا، سەرەی فرێزی ناوی دەشێ بە فرێزێکی تری ناوی وەسفکرابێ کە ئەرکی دیارخەر بۆ سەرەی فرێزە ناوییەکە دەبینێ، لێرە سەرەکە دەبێتە دیارخراو و کەرستەکەی کە دیاریشی خستوە دەبێتە دیارخەر لەم بارەشدا پاڕستەکە ئەرکی دەبێتە دیارخەری کەرستە دیارخەرەکە لە شاڕستەدا، لایەنێکی ئەو نادیارییە دیاردەخات و ڕوونی دەکاتەوە، واتە دەبێتە دیارخەریی دیارخەر، وەك:

ا- شاری هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، خۆشە.

لە ڕستەی (ا)دا ناوی (شار) دیارخراوە بە (هەولێر) کە دیارخەرە، لە هەمان کاتدا پاڕستەی (کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە.) بۆتە دیارخەری ناوە دیارخەرەکە کە

(هەولێر)ە، کەواتە پاڕستەکە بۆتە دیارخەری دیارخەر. ئەم ڕستەیە خۆی لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەمانیش:

١- شاری هەولێر خۆشە.

٢- شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

ناوی (شاری هەولێر) کە (دیارخراو و دیارخەر)ن لە هەردو ڕستەدا هەیە. لە کاتی تێهەڵکێشکردنیاندا لە پاڕستەدا بەیاسای (هاولابردن) لادەبرێن. وەك لەم هێڵکاریەدا ڕوونکراوەتەوە.




## ٢/٣-١- ١-٧ پاڕستەی دیارخەری دیارخراو[٤]:

ئەو پاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە وەسفی جێناوێك یان ناوێك دەکات بەیارمەتی جێناوی ئاماژەی (ئەم ... ە) یان (ئەو ... ە) ئەو کەرستەیەی دەکەوێتە نێوان هەر دو

[٤]. هەرچەندە زمانەوانان ئەم جۆرەی پاڕستەیان بە پاڕستەی سەرجێناوی داناوە.هەروەها بە پاڕستەی دیارخەری دیارخەریش ناوبراوە. بەڵام بە پێی ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە .ئەم جۆرە پاڕستەیە دەوری پاڕستەی دیارخەری دیارخراوی دەبینێت.

لەتەوە سەرەیە "دەشێ بە گرێیەکی تری ناوی وەسف بکرێت کە ئەرکی دیارخەری سەرەکە دەبینێت" (صلاح حویز رسول،٢٠٠٦: ٨٢) بەم پێیە کەرستەکە دەبێتە دیارخەر و سەرەکە دەبێتە (دیارخراو) بە بەشداری ئامرازی (ی)ـی خستنە سەر ڕستەیەکی سەر جێناوی دروست دەکەن لە شێوەی (ئەو + سەرە + ە + ی)، ئینجا بە هۆی پاڕستەیەك دەکرێ سەرە دیارخراوەکە فراوان بکرێت و دیاریخرێت لەم بارەدا پاڕستەکە دەبێتە دیارخەر بۆ سەرەی دیارخراو بە جێناوی هێما، پاڕستە دیارخەریەکە بە ئامرازی (کە) دەست پێدەکات و سەری ڕستەی سەرجێناوییەکە ڕوون دەکاتەوە و دیاریدەخات. بەمە پاڕستەکە دەبێتە پاڕستە دیارخەری دیارخراوی وەك:

- ئەو پیاوەی، <u>کە دانیشتوە</u>، مامۆستایە.

پ د دیا

- ئەو کوڕەی <u>کە یاری دەکات</u>، برامە.

پ د دیا

لەگەڵ ئەمەشدا مەرج نیە دیارخراو هەر بە(ئەم...ە) و (ئەو...ە)بێ.وەك:
- ترێی ڕەشمیری ،کە دەنکی گەورەیە،ناودارترین ترێی کوردستانە.
بۆ نمونە ڕستەی (ئەو کوڕەی کە یاری دەکات، برامە) لە دو ڕستە پێکهاتوە لەسەرەتادا ئەمانەن:
١- ئەو کوڕە یاری دەکات.
٢- <u>ئەو کوڕە برامە</u>.

(ئەو کوڕە) لە هەر دو ڕستەدا هەیە، لە کاتی تێهەڵکێش کردنیان، کەرستەی دوبارە لە پاڕستەدا لادەچێت. بەیاسای هاولابردن، ئامرازی گەیەنەری (ی کە) شوێنی دەگرێتەوە. لە شاڕستەدا (کوڕ)ەکە سەرەی فرێزی ناوییە دیارخراوە بە جێناوی هێمای (ئەو...ە) کە دیارخەرییەتی، بەمەش پاڕستەکە دەبێتە پاڕستەی دیارخەری دیارخراوی. ئەم شێوەیە وەردەگرێت.

[ ئەو + <u>ناو</u> + ە + ی + <u>یار</u> ]

دیارخراو دیارخەر

ئەو کچەی کە هات، هاوڕێمە .

سەرەی دیارخراو پ د دیا

وەك لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە.




## ۲/۳-۱-ب پاڕستەی دیارخەری کار (ئاوەڵکاری):

ئەو پاڕستانە دەگرێتەوە کە ئەرکی ئاوەڵکارییان پێ دەسپێردرێ لە شاڕستەدا. واتە، بەشێك یان لایەنێك لە کاری شاڕستە ڕووندەکەنەوە. پاڕستە ئاوەڵکارەکان هۆکارێکن بۆ دیارخستنی کار، بۆیە بە پێی ئەرك ڕوونکردنەوەیان بۆ دەکرێت و جۆرەکانی دیاردەکرێت،کە دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە پاڕستەی دیارخەری (کات ، هۆ ، ئەنجام ، ئامانج ، پێوانە ، مەرج ،شوێن ، چۆنیەتی٠٠هتد)٠

## ٣/٢-١- ب-١ پاڕستەی دیارخەری کات:

ئەم جۆرە پاڕستەیە کە لە ڕستەی ئاڵۆزدا "کاتی ڕوودانی کاری شاڕستە ڕوونـدەکاتەوە" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،٢٠١٤: ٤١) و دەبێتە دیارخەریی کات لە شاڕستە و پەیوەنـدیی ڕێزمـانی لەگەڵ دروسـت دەکـات و دەتـوانرێ شاڕسـتە و پاڕسـتە پـاش و پـێش بکـرێ و ئامرازی لێکـدەر بەکاردێـت. ئەم جـۆرە پاڕسـتەیە ئەرکـی ئـاوەڵگوزارەی کـاتی دەبینێـت. ئامرازەکانی ئەم جۆرە پاڕستەیە بریتین لە (کاتێ، کە، هەرکاتێ، تا، پێش، پـاش، هەرکـە ) (یوسـف شـەریف سـەعید، ٢٠٠٩، ٩٣) واتە دەتـوانرێ پرسـیار بە ئـامرازی پرسـی (کـەی ) ڕوونکەرەوە و دیارخەری کات بکرێ. وەك:

ا- کاتێ دایکم چێشت لێدەنێت، بۆنی ڕۆژە ڕێیەك دەڕووات.

پ د کات

ب- کە من هاتم، تۆ خەوتبوی.

لێرەدا ڕستەی ا لەبنجدا لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەمانیش:

١- کاتێ دایکم چێشت لێدەنێت.

٢- بۆنی چێشتی دایکم ڕۆژەڕێیەك دەڕووات.

ئەگەر لەم ڕسـتانەی سـەرەوەدا پرسـیار لە کـاتی ڕوودانـی کـاری شاڕسـتەدا بکرێـت وەڵامەکەی لە پاڕستەدا بە وردتـر دەسـتدەکەوێت. لە کـاتی تێهەڵکـێش کردنـی هەردو ڕستەدا ئاوەڵکاری کاتی (کـاتێ) لە هەردو ڕسـتەدا هەیە لەڕسـتەی دووەمـدا بە یاسـای هـاولابردن لادەبرێـت، هەروەهـا (چێشـتی دایکـم) لە ڕسـتەی دووەمـدا بەپێـی یاسـای گوێزانەوە لادەبرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا جێناوی لکاوی (ی) ئاماژە بە (چێشـتی دایکـم) دەکـات، واتە بەجێنـاوکراوە، پاڕسـتەی (کـاتێ دایکـم چێشـت لێـدەنێت.) ئەرکـی دیارخسـتنی کـاتی ڕوودانـی کـارەکە دەبینێـت، واتە زانیـاری زیـاتر دەخـاتە سـەر کـاتی ڕوودانەکە، هەرچەندە لە ڕستەدا ئاوەڵکاری کاتی، کاتی ڕوودانـی کـارەکە دیاردەخـات کە لە شاڕستەدا بەم وردیە ئاماژەی پـێ نـەکراوە، پاڕسـتەکانیش بەوردی ئاوەڵکـار کـاتەکە دیاردەکەن. هەروەها پاڕستە دەتوانێ بەبـێ یـارمەتی نـاوی کـاتیش یـان گرێـی ئاوەڵکـاری کـاتی ڕوودانـی کـاری شاڕسـتە ڕوون بکـاتەوە و دیـاری بخـات. وەکـو نمـونەی (ب) . کە

ئاوەڵکاری کاتی و ناوی کات لە شارستەدا نەهاتوە، کەچی پارستەی (کە من هاتم.) کاتی (خەوتن) لە شارستەدا ڕووندەکاتەوە و دیاری دەخات.




## ٣/٢-١- ب-٢ پارستەی دیارخەری شوێن:

ئەو جۆرە پارستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆز کە شوێنی ڕوودانی کاری شارستە ڕووندەکاتەوە و دەبێتە دیارخەریی شوێن لە شارستەدا و پەیوەندییەکی ڕێزمانی دروست دەبێت لە نێوان هەر دو ڕستەوە بەئامرازی گەیەنەر پەیوەندییەکە پتەوتر دەبێت. پارستە دەبێتە وەڵامی پرسیاری (لەکوێ) و هەروەها دەبێتە دیارخەر و ڕوونکەرەوەی ئەو فرێزەی کە دەبێتە وەڵام بۆ وشەی پرسی (لەکوێ) وەك:

- زۆر جار لەو گوندە سەیران دەکەین، کە شوێنی باو و باپیرانمە .
پ د ش

ئەم ڕستەیە ئاڵۆزە لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەمانیش:

١- لەو گوندە سەیران دەکەین.

٢- گوندەکە شوێنی باوباپیرانمە.

- ئێمە زۆرجار لەو گوندە سەیران دەکەین، گوندەکە شوێنی باوباپیرانمە.

(گوند) دوبارە بۆتەوە و بە یاسای (هاولابردن) لە ڕستە لاوەکییەکەدا لادەبرێ و (کە) شوێنی دەگرێ. ئاوەڵکار دەشێ بخرێتە دواوە و ڕستەکە دەبێتە.

- زۆرجار لەوگوندە سەیران دەکەین، کە شوێنی باوباپیرانمە.




## ٣/٢-١- ب-٣ پاڕستەی دیارخەریی هۆ:

ئەو پاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە هۆی ڕوودانی کاری شاڕستە ڕووندەکاتەوە و دیاری دەخات "ڕستەی شوێن کەوتوی هۆیی وەکو هەمو جۆرەکانی تری ڕستەی شوێنکەوتو لە ڕووی داڕشتنی سینتاکسییەوە هەرگیز بەتەنیا بەکارنایەت و لە ڕووی واتاوەش بەبێ ڕستەی سەرەکی ناتەواو دەبێت" (کوردستان موکریانی،٢٠٠٤ : ٣١) چونکە واتاکەی تەواوکەری واتای ڕستەی سەرەکییە، هەروەها ئامرازی لێکدەری ئەم جۆرەی پاڕستە ئەمانەن (چونکە، چونکی، بەهۆی ئەوەی کە، لەبەرئەوەی ... هتد) کە پاڕستە بە شاڕستە دەبەستێتەوە و دەتوانرێ شوێنی شاڕستە و پاڕستە ئاڵوگۆڕ بکرێ بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەی ئاڵۆز بکات. وەك:

ا- چونکە کابرا هەژارە، ژنە گلەیی لێدەکات.

پ د هۆ

ب- لەبەرئەوەی کەسێکی دنیا دیتەیە، قسەکانی هەمو پەند و ئامۆژگارین.

ڕستەی ب لە بنجدا لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەمانیش:

١- ئەو قسەکانی هەمو پەند و ئامۆژگارین.

٢- ئەو کەسێکی دنیا دیتەیە.

لە کاتی تێهەڵکێشکردنی هەر دو ڕستەکە لە ڕستەی دووەمدا جێناوی سەربەخۆی (ئەو) بەکلیتیك دەکرێت بەجێناوی لکاوی (ی) ی بەرامبەری، ئامرازی گەیەنەری (لەبەر ئەوەی) شوێنی دەگرێت و بەتێهەڵکێش کردنی هەر دو ڕستەکە هەڵدەستێ، کەواتە پاڕستەی (لەبەرئەوەی کەسێکی دنیا دیتەیە.) هۆی (پەند و ئامۆژگاری قسەکانی ئەو) دیاردەخات و ڕوونی دەکاتەوە. وەك لەم هێڵکاریە درەختییەدا ڕوونکراوەتەوە.




## ١-٢/٣- ب-٤ پاڕستەی دیارخەری ئەنجام:

ئەو پاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا کە ئەنجامی ڕوودانی کاری شاڕستە ڕووندەکاتەوە و دیاریدەخات. ئەم جۆرە ڕستەیە "بۆ بەشێك لە بەشەکانی ڕستەی سەرەکی نا گەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سەرجەمی ڕستەکە دەگەڕێتەوە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤

١٤٣: ) ئامرازی لێکدەر لەم جۆرە پاڕستەیەدا ئەمانەن (بۆیە، لەبەر ئەوە)ن کە پاڕستە بە شاڕستەوە دەبەستنەوەو دەتوانرێ شوێنی پاڕستە و شاڕستە ئاڵوگۆڕ بکرێ بۆ ئەوەی کار لە واتای ڕستەی ئاڵۆز بکات، شایانی ئاماژە پێکردنە کە "پارستە دیارخەرەکانی هۆ و ئەنجام پێچەوانەی یەکترن، واتە ئەگەر شاڕستە و پاڕستەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەین لەگەڵ گۆڕینی ئامرازە لێکدەرەکانیان پاڕستەکانی هۆ و ئەنجام ئاڵوگۆڕ دەبن" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ٢٠١٤: ٤٣) ئەمە بەخاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت. وەك:

ا- ڕێنمایی هاتوچۆ پەیڕەو ناکەین، <u>بۆیە ڕووداو زۆرە</u> .

پ د ئە

ئەم ڕستەیە لەبنجدا لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەویش:

١- ئێمە ڕێنمایی هاتوچۆ پەیڕەو ناکەین.

٢- ڕووداو زۆرە.

لێرەدا ڕستەی ئاڵۆز لەدو ڕستە پێکهاتوە، لە کاتی تێهەڵکێش کردنی ڕستەکان، بەهۆی ئامرازی گەیەنەر پاڕستەکە ئەنجامی جێ بەجێ نەکردنی کاری شاڕستەکە دیاردەکات کە (ڕووداو زۆری)یە.



## ۳/۲-۱- ب-٥ پاڕستە دیارخەری ئامانج (مەبەست):

ئەو پاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، کە ئامانجی ڕوودانی کاری شاڕستە ڕوونـدەکاتەوە و دیاری دەخات، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەری (تا، هەتا، تاکو ،هەتاکو ،.....). لەم جۆرە ڕستانەدا ڕوودانی کاری شاڕستەکان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجێك. واتە پاڕستەکان دەبنە ئامانجی شاڕستە، بەمەش دەبێتە پاڕستە دیارخەری ئامانج. وەك:

- کورد ڕاپەڕی، تا کوردستان ئازاد بکات.

پ د ئا

- بەم کۆڵانەدا دەڕۆم، تا منداڵیم بەبیر بێتەوە.

پ د ئا

لێرەدا ڕستەی ئاڵۆز لە دو ڕستە پێکهاتوە، پاڕستەی (تا کوردستان ئازاد بکات.) ئامانج و مەبەستی (ڕاپەڕینی کورد) دیاردەخات. کە (ئازاد کردنی کوردستانە.).

## ۳/۲-۱- ب-٦ پاڕستە دیارخەریی پێوانە:

ئەو پاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، "کە بڕ و ڕادە و پێوانەی ڕوودانی کاری شارستە ڕووندەکاتەوە و دەریاریدەخات، واتە بوار و سنوری کارکردنەکەی دەستنیشان دەکەن" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ۲۰۱۱ :۷٥) ئەم جۆرە پاڕستەیە پێوەرێك بۆ شاڕستە دادەنێت و "بۆ هەمو ڕستە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە نەك بۆ بەشێك لە بەشەکانی." (کوردستان موکریانی ،۲۰۰٤ :٥٥) بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (کە، هەتا، تا، تاکو، هەتاکو، ....هتد.) جگە لەمەش شتێکی تر هەیە، کە لە جۆرەکانی تری جیا دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە "لە شارستەدا دیارخەرێکی پێوانە نادیاری وەك : بەڕادەیەك ، هێندە ، ئەوەندە،.....هتد. لە پێش ئاوەڵناوی شارستەکە هاتوە و ئەرکی پارستە دەرخستن و سنوردارکردنی ئەو دیارخەرەیە، هەر ئەم دیارخەرانە دەبنە خاڵی سەرەکی جیاکردنەوەی پارستەی دیارخەری پێوانە لە پارستەی دیارخەری ئامانج" (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،۲۰۱۱ :۷٥ ) بەتایبەتی و پاڕستەکانی تر بەگشتی. وەك:

- کراسەکەی هێندە تەسك بو، کە هەر بە بەریشیەوە نەدەچو.

پ د پ

- دیار دەست و خەتی ئەوەندە خۆشە، کە هەر ناگۆترێ.

پ د پ




## ۳/۲-۱- ب-۷ پاڕستەی دیارخەری پێچەوانە:

ئەو پاڕستەیەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، کە پێچەوانەی ڕوودانی کاری شاڕستە ڕووندەکاتەوە و دیاریدەخات هەروەها "هۆی ڕوونەدانی ڕستەی سەرەکی ڕووندەکاتەوە" ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف،۲۰۱٤ : ۱٤٤) بە هۆی ئامرازی لێکدەریی (هەرچەندە، ئەگەرچی، کەچی، ....هتد) مەرجیشە هەر دو ڕستەکە، پێچەوانەی یەکتربن لە ڕووی واتاوە. وەك:

- هەر چەندە خانوەکە تازەبو، بەڵام هەر لە کۆن دەچو .

- ئەو بە باش ناوی ڕۆیشتوە، ئەگەرچی باشیش نییە.

ئەم ڕستەیە لە بنجدا لە دو ڕستەی لێکدراو پێکهاتوە. بە ئامرازی بەستنی (ئەگەرچی) لێکدراون. ڕستەکانیش ئەمانەن:

۱- ناوی ئەو بەباش ڕۆیشتوە.

٢- ئەو باش نییە.

لە ڕستە ئاڵۆزەکەدا بە یاسای بەلوتکەکردن (ئەو) خراوەتە پێش (ناو) و بۆتە (ئەو ناوی). کە هێڵکاری درەختییەکەی بەم شێوە دەبێ:









## ٣/٢-١- ب-٨ ڕستەی مەرجی:

ڕستەی مەرجی ڕستە یەكی ئاڵۆزە لە ڕووی داڕشتنەوە لەسەر چەند بنەمایەك دامەزراوە کە ئەمانەن:

- ئامرازی گەیەنەری مەرج: کەتایبەتە بەم جۆرە ڕستەیە و هەردو ڕستەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئامرازەکان ئەمانەن: (ئەگەر ، گەر ، ئەگینا ...هتد)

- ڕستەی کاری مەرج و ڕستەی وەڵامی مەرج کە بەشداری لە داڕشتنی ڕستەی ئاڵۆزی مەرج دەکەن. (ئازاد ڕەمەزان عەلی، ١٩٩٩: ٧٤) ڕستەی کاری مەرج کە پاڕستە دەگرێتەوە دەبێتە دیارخەری ڕستەی وەڵامی مەرج کە شاڕستەیە واتە ڕوودانی کاری ڕستەی وەڵامی مەرج مەرجە بۆ ڕوودانی کاری ڕستەی کاری مەرج. دەکرێ ڕستەکان پاش و پێش بکرێن، بێ ئەوەی کار لە واتای ڕێزمانێتی ڕستەی ئاڵوزی مەرج بکات. وەك:

ا- ئەگەر باران ببارێت، جلەکان تەڕ دەکات.

ب- ناو ماڵ دەشۆم، ئەگەر ئاو بێت.

ڕستەی (ا) لەبنجدا لە دو ڕستە پێکهاتوە ئەمانەن:

١- باران جلەکان تەڕەکات.

٢- باران ببارێت.

لە هەر دو ڕستەکەدا (باران) هەیە لەکاتی تێهەڵکێش کردنی هەر دو ڕستەکە بەیارمەتی ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر) ،لە ڕستەی (١)دا (باران) لادەبرێت ڕاناوی لکاوی (ات) ئاماژەیە بۆ (باران) واتە بەکلیتیك کراوە. کەواتە ڕستەی (ئەگەر باران ببارێت.) ئەرکی دیارخستنی مەرجی ڕوودانی کاری ڕستەی (جلەکان تەڕەکات.) ڕووندەکاتەوە.



# بەشی چوارەم
# ڕووەکانی ڕستەی ئاڵۆز

# بەشی چوارەم

## ڕووەکانی ڕستەی ئاڵۆز

### ١/٤بونیادی ڕستەی ئاڵۆز

ڕستەی ئاڵۆز جۆرێکە لە ڕستەی ناسادە کەڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەکی لاوەکی یان زیاتر پێکهاتوە بەهۆی ئامرازی گەیەنەر کە بەشداری لە پێکهاتنی ڕستەی لاوەکی دەکات.

**١- ئامرازی گەیەنەر:**

واتە ئەرکی ئامرازی گەیەنەر کردەیەکی سینتاکسییە و یەکێکە لە هۆکارەکانی کردە بەرهەمهێنەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ یان ڕستەی ئالۆز. کە دو ڕستەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و خۆشی بەشداری پێکهاتنی پاڕستەکە دەکات. ئامرازەکان وەکو (کە- ئەگەرچی- ئەگەر- لەبەرئەوەی .... هتد) ئەم بەیەکەوە بەستنەوەیە بەهۆی ئامرازی گەیەنەر کە پەیوەندییەکی سینتاکسیی و واتاییی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت. واتە لە پەیوەندیی سینتاکسیدا دو لاڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە پەیوەندیی واتاییشدا ڕستەی لاوەکی هەردەم دەبێتە دیارخەر بۆ بەشێك لە ڕستەی سەرەکی و مەبەستەکە ڕوونتر دەکاتەوە. دەبێتە دیارخەر بۆ ڕستەی سەرەکی لەم بارەدا ڕستە دەکەوێتە دوای هەندێ کار یا ئاوەڵناو وەك: گوتی، باوەڕی کرد، ئەزانی، دڵنیابە، بەڵگەنەویستە، ئاشکرایە ...هتد وەك:

- دەمزانی، کارەبا دەبڕێت .

- ئەو چرایەی، کە گەش بو کوژایەوە .

**٢- جۆری کار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بونیاتنانی ڕستەی ئاڵۆز.** چونکە کار ڕۆڵی لە هەڵبژاردنی کەرستە پێویستییەکانی هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی هەموو کارێك دەتوانێ ببێتە کاری سەرەکیی شاڕستە و ڕستەی ئاڵۆز بەرهەم بێنێ. بەڵام بەپێی جۆر و ژمارەی ئەو کەرەستانەی وەریاندەگرن، دەتوانرێ، سێ جۆری کار جیابکرێنەوە:

**کاری تێپەڕ:** ئەو کارانەن جگە لە پێویستیە ناسەرەکیەکانی وەکو دیارخەر، بەرکاری بە یاریدە، ئاوەڵکار، ئاوەڵناوەکان....هتد، کە خۆشەکین (بە ئارەزو)، دو پێویستی سەرەکیش وەردەگرن کە زۆرەکین (بە خورتی) و بریتین لە بکەر و بەرکار. "کاری تێپەڕ کە پێویستی بە کەتیگۆری بکەری و کەتیگۆری بەرکاری هەیە" (دارا حمید محمد،٢٠١٢: ١١) واتە کارە تێپەرەکە داوای ڕستەیەك لە دەرەوەی خۆی دەکات تا یەکێ لە کەرەسەکانی ڕوونبکاتەوە، ئیتر کەرەسەکە سەرەکی بێ یان ناسەرەکی، بەمە ڕستەیەکی ئاڵۆز بەرهەمدەهێنێ. وەك:

-- نالی کە شاعیرێکی بەرزی کوردە، نامەیەك کە لە شێوەی چامەدایە، بۆ سالم دەنوسێ کە هاوڕێیەتی.

**کاری تێنەپەڕی بکەری:** ئەو کارانەن جگە لە پێویستیە ناسەرەکیەکانی وەکو دیارخەر، بەرکاری بە یاریدە، ئاوەڵکار، ئاوەڵناوەکان....هتد، کە خۆشەکین، یەك پێویستی سەرەکیش وەردەگرن کە زۆرەکیە، ئەو پێویستیە سەرەکیە خۆی کارەکە ئەنجام دەدا و دەبێتە بکەری شاڕستەکە. وەك:

-- - دیلەکە کە بە زنجیر شەتەکدرابو، ڕایکرد.

**کاری تێنەپەڕی بەرکاری:** ئەو کارانەن جگە لە پێویستیە ناسەرەکیەکان، یەك پێویستی سەرەکیش وەردەگرن، ئەو پێویستیە سەرەکیە خۆی کارەکە ئەنجام نادا، بەڵکو کارەکەی بەسەردادێ و دەبێتە بەرکاری شاڕستەکە. وەك:

-- - ئەو قوتابیەی کە بە زیرەك ناسرابو، کەوت.

**٤- "جۆری کەتیگۆریی و هۆکاری سیمانتیکی:**

جۆری کەتیگۆریی بکەری و بەرکاری گەر لە شێوەی فرێز دابن، دەتوانن هۆکارێکبن بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی تەواوکەری، لەو دۆخەدا هۆکاری سیمانتیکی ئاخێوەر ناچار دەکات، بنەمای هاریکاری زیاتر بەکاربهێنێت، بەبێ بەزاندنی سنوری بنەماکانی هاریکاری کە زۆر جار واتا و مەبەستی ئاخاوتن دەگۆڕێت" (دارا حمید محمد،٢٠١٢: ١٣) بەمە ڕستەی ئاڵۆز دروست دەبێت و تێکڕای پاڕستەکانیش دەبن بە دیارخەر و لایەنێکی شارراوەی کەرەسەیەکی شاڕستە ڕووندەکەنەوە.

ا- مامۆستا گوتی، کە ئێوە تاقیکردنەوەتان هەیە.

ب- بابا تاهیر، کە شاعیرێکی کوردە بە شێوەی لوری نوسیوە.

لێرەدا لە ڕووی سیمانتیکەوە کەتیگۆرییەکانی ئەو ڕستانە پێویستیان بە کەتیگۆریی دەرەکی هەیە لە شێوەی ڕستەی دیارخەریدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەی ئاڵۆز. لە ڕستەی (ا) پاڕستەی (کە ئێوە تاقیکردنەوەتان هەیە.) لە ڕووی کەتیگۆری و سیمانتیکییەوە داواکراوە بۆ شاڕستەی (مامۆستا گوتی.) واتە لە هەمان کاتدا داواکارییەکی سیمانتیکی گوزارەی کاری (گوتی)یە، سەرەڕای ئەرکە سینتاکسییەکەی ئەرکێکی واتاییشی وەرگرتوە لە ناو ڕستە ئاڵۆزەکەدا. بەهەمان شێوەیە لە ڕستەی (ب) پاڕستەی (کە شاعیرێکی کوردە.) بۆتە دیارخەری کەتیگۆری بکەری شاڕستەی (بابا تاهیر بەشێوەی لوری دەنوسێت.) واتە سەرەڕای ئەرکە سینتاکسیەکەی ئەرکێکی واتاییشی وەرگرتوە لە ناو ڕستە ئاڵۆزەکەدا.

## ١-١/٤ چۆنیەتی ڕیزبونی ڕستە لە ڕستەی ئاڵۆزدا :

ڕستەی سەرەکی و ڕستەی لاوەکی مەرجی دروستبونی ڕستەی ئاڵۆزن ڕیزبونی ئەم ڕستانە بەستراونەتەوە بە :

ا- لە هەندێ باردا ئامرازە گەیەنەرەکە ئەرکی چۆنیەتی ڕیزبونی ڕستەکان لەناو ڕستە ئاڵۆزەکە دیاری دەکات. واتە شوێنی ئامرازە گەیەنەرەکە لەناو پاڕستەکەیە ئەگەر دەرنەکەوت ئەوا بونی هەیە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ئەگەر ئامرازەکە بونی هەبێت لە ڕووکەشدا بڕیار لەسەر شوێنی ڕستەکان دەدات لە ڕستەی ئاڵۆزدا.

- کە ئازاد هات، نەوزاد ڕۆیشت.

لەم ڕستەیەدا ئامرازەکە دیاری دەکات (کە ئازاد هات.) پاڕستەیە (نەوزاد ڕۆیشت.) شاڕستەیە بەڵام کاتێ ئامرازە لێکدەرەکە بگوێزینەوە بۆ ڕستەی دووەم بەم شێوەی لێ دێت.

- ئازاد هات، کە نەوزاد ڕۆیشت.

لەم ڕستەیەدا (ئازاد هات.) شاڕستەیە، (کە نەوزاد ڕۆیشت.) پاڕستەیە، واتە ئامرازە گەیەنەرەکە شوێنی پاڕستەکان لەناو ڕستەی ئاڵۆز دیاری دەکات. لەهەمان کات دەشێ (ئامرازەکە) لابرێت ئەو کاتە بەهۆی ڕوودانی کاری ڕستەکان بڕیار لەسەر شاڕستە و پاڕستە دەدرێت.

ب- کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکان:

واتە بەدوای یەك داهاتنی ڕستەکان پەیوەندی بە ڕیزبونی لۆژیکی هەیە بۆ دیارکردنی شوێنی ڕستەکان لەناو ڕستەی ئاڵۆز. ئەگەر چی زۆربەی جار ڕستەی سەرەکی شوێنی لە سەرەتایە، بەڵام ئەمە نابێتە پێوەرێك بۆ ئەوەی کە هەردەم ڕستەی سەرەکی بکەوێتە سەرەتا و لاوەکی بکەوێتە دوای، چونکە زۆر جار کاری ڕستەکە بڕیار دەدات کام ڕستە بکەوێتە سەرەتای ڕستەی ئاڵۆز.

- ئاشکرایە، کە لە شەودا ئەستێرەکان دەبینرێن.

- ئەگەر بخوێنیت، دەردەچیت.

- (کە) نەوزاد هات، ئازاد ڕۆیشت.

لە ڕستەی یەکەمدا هەمیشە شاڕستە دەکەوێتە بەشی یەکەمی ڕستەی ئاڵۆز، چونکە لاڕستەی (ئاشکرایە.) داوای کەرەسەیەك دەکات لە شێوەی لاڕستە لە دوای خۆی تاکو واتای خۆی پێ تەواو بکات. بەم پێیە ڕیزبونی ڕستە ئاڵۆزەکە بەم شێوەیە دەبێت (شا ڕ + ئاگ+پا ڕ) لە ڕستەی دووەمدا (ئەگەر بخوێنیت.) پاڕستەیە و کەوتۆتە سەرەتای ڕستەی ئاڵۆز، واتە ڕوودانی کاری (خوێند) مەرجە بۆ ڕوودانی کاری (دەرچون)ەکە، هەر بۆیە شاڕستە کەوتۆتە دوای ڕستەی لاوەکی کە لە خاڵی دووەم ڕوونکراوەتەوە.

## ٢-١/٤ کار لە ڕستەی ئاڵۆزدا:

ڕستەی ئاڵۆز لە دو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، یەکێکیان سەرەکییە و ئەویتریان لاوەکییە. بەحوکمی ئەوەی کە نزیکایەتی و خزمایەتی سینتاکسی و واتایی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێ کە "ڕستەی سەرەکی و ڕستەی تەواوکەری خاوەنی دروستەی سینتاکسی سەربەخۆن و هەر دروستەیەکیان لە ژێر ڕکێفی

سەرێکی حوکم کردنی کردار و کات و کەسی خۆیاندان" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١: ١٨٥) چونکە "زمانی کوردی تەواوکەری ناوەکی، ڕستە تەواوکەری بێ کات و کەسی نییە" (حاتەم ولیا محەمەد،٢٠٠٩ : ٢٢٧) کەواتە جۆری کار ڕۆڵەکی بەرچاوی هەیە لە پێکهاتنی ڕستەی ئاڵۆزدا دەتوانرێت "کردار بە پێی هێزی کردار بکرێت بە چەند وەچە پۆلێك" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١: ١٥٩) چونکە هەر کارێك بەپێی هێز و سروشتی خۆی داوای کەرستەیەك یان چەند کەرستەیەك دەکات ئەمە لە لایەك، لە لایەکیتر هەندێك کار بەپێی سروشتی خۆی دەتوانێت ڕستەی ئاڵۆز بەرهەم بهێنێت لە ئەنجامی "گۆڕینی دروستەی ئەرکێکی سینتاکسی لە فرێزەوە بۆ ڕستە، واتە پرۆسەی بەڕستەکردنی بەشێکی سەرەکی یان ناسەرەکی ڕستەیەکی سادەیە، ئارگومێنتە پێویست و داواکراوەکانی کردار کە بەپێی ڕۆڵە واتاییە زگماکیەکانی کردار لە ڕستەدا دەردەکەون، بەشێوەیەکی گشتی لە فۆڕمی فرێزی ناویدا بەواتایەکی تر فرێزی ناوی لە ڕستەی سادەدا بۆ ئەرکە سینتاکسییەکانی دروستەیەکی ستانداردە بەپێی جۆری کردار دەشێت ئەم دروستانە بۆ فۆڕمی ڕستە بگۆڕدرێت کە هەمان ئەرکی سینتاکسییان بۆ کردارەکە هەبێت، واتە گۆڕینی دروستە بێ گۆڕینی ئەرك" (بەکر عومەر عەلی و ئازاد ئەحمەد حسەین،٢٠١٢: ٧١) لەم بارەشدا پاڕستەکان وەسفی بەشێك لە فرێزی ناوی دەکەن و دەبن بە پاڕستەی ئاوەڵناوی یان دیارخەری ناو، یان وەسفی لایەنێك لە فرێزی کاری دەکەن و دەبن بە پاڕستەی ئاوەڵکاری یان پاڕستەی دیارخەری کار و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەدا ڕستەیەکی ئاڵۆز بەرهەمدێت، واتە ئەو " پەیوەندییەی لە نێوان وشە و فرێزدا هەیە، هەر ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان ڕستە و پاڕستەدا دەبینرێت" (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ،٢٠٠٣: ٨٨) دەکرێ ئەو پەیوەندییە بۆ دەرەوە یان ناوەوە فراوان بکرێت، فراوانکردن بۆ دەرەوە جگە لە دیارخەر و فرێزی ناوی بەهۆی ڕستەش دەکرێ، کە ڕستەی ئاڵۆز دروست دەکات، وەك:

- کە من گەیشتمێ، کار لە کار ترازابو.

- نامەویێØ، بەقسەکانم دڵگرانبیت....

## ٣-١/٤ ڕێککەوتن له ڕستەی ئاڵۆزدا concord

ڕێککەوتن بە گشتی ئەو دیاردە ڕێزمانییەیە کە لە سنوری ڕستەدا دەرکەوتنی کەرستەیەك بە کەرستەیەکی ترەوە بەند دەکات، کاتێك پەیوەندیی ڕێزمانی لە نێوانیاندا هەبێت واتە "ڕێگایەکە کە فۆڕمی کەرستەیەك لەگەڵ فۆڕمی کەرستەیەکی تردا دەگونجێنێت" (Crystal, D. 2012: 98) ئەم گونجاندنە لە "ڕوویەك یان زیاتر لە چەمکی ڕێزمانی وەك کەس، ژمارە، جنس، دۆخ، سیستەمی ڕێککەوتن بەپێی زمانەکان گۆڕانی بەسەر دادێت، بۆ نمونە هەندێ زمان ڕێککەتنی لە نێوان بکەر و بەرکاردا هەیە، یان لە نێوان بەرکار و کاردا هەیە، لە زمانی کوردی ناوەڕاستیشدا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کاردا دەبێت لە کەس و ژمارەدا، هەروەها لە ڕستەی بکەرنادیار و تێنەپەڕی بەرکاری لەنێوان بەرکار و کار دەبێ " بکەری تاك بۆ کاری تاك دەگەڕێتەوە، هەروەها کاری کۆ بۆ بکەری کۆ دەگەڕێتەوە" ( Boskany, S. A. F., 2014, 54) ئەوەی لێرەدا مەبەستە ڕێککەوتنە لە کەس و ژمارەدا لە ناو ڕستەی ئاڵۆزدا بەم شێوەیە دەبێت. لە ڕێککەوتندا "دەبێ کەرستەی بەدەسەڵات و کەرستەی بێ دەسەڵاتمان هەبێ کەرستە بەدەسەڵاتەکە بتوانێت وەچە ئاراستەی کەرستە بێ دەسەڵاتەکە بکات و تایبەتییە ڕێزمانییەکانی خۆی لەڕێی کۆپیکردنەوە بەسەردا بسەپێنێت"(حاتەم ولیا محەمەد،٢٠٠٩ : ١٧٤) واتە ئەگەر بکەرەکە تاك یان کۆ بێت، کارەکە جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت، بەم شێوەیە.

١- لە هەندێ جۆری ڕستەی ئاڵۆزدا، کاتێك بکەر یان بەرکار ڕستەی سەرەکی تاك بێت، ئەوە کاری ڕستەی سەرەکی و پاڕستەی دیارخەرییەکە نیشانەی بکەر یان بەرکارێکی لە کەس و ژمارەدا تاك وەردەگرێت وە بەهەمان شێوە ئەگەر (کۆ) بو .

ا- ژنەکەی کە هات، ئەمشەو ڕۆیشتØ.

أ- ئەو کچانەی کە دانیشتون، هاوڕێمن.

پ- ئەو ژنەی کە ئەمشەو مرد، سوتێنرابوØ.

ئەم جۆرە ڕێککەوتنەی ڕستەکانی (ا ، ب) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بکەرەی لە شاڕستەدا هەیە هەمان بکەریشی لە پاڕستەدا هەیە "کە شوێنی فرێزێکی ناوییە بەڵام هیچ فۆڕمێکی فۆنەتیکی نیە" (میدیا جلال مجید،٢٠١٢: ٤٢) کە لە ئەنجامی

یاسایەکی بەخورتی کرتاندنی بەسەردا هاتوە لەئاستی سەرەوەدا، بەڵام شوێن پێیەکی بەجێهێشتوە کە زیندو دەکرێتەوە لەئاستی ژێرەوە سەرچاوەکەی ڕێککەوتنی لەگەڵ کارەکەی خۆیدا ئەنجام دەدات.لە ڕستەی کۆتایشدا ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاری بکەرنادیار دایە.

٢- ئەو ڕستە ئاڵۆزانەی کە بکەرەکانیان هەمان بکەر نین، واتە بکەری شاڕستە جیاوازە لەگەڵ بکەری پاڕستە ئەو کاتە هەر ڕستەیەك، بکەر و کارەکەی لەگەڵ یەکتری ڕێککەوتن ئەنجام دەدەن. وەك:

ا- کاتێك کە مامۆستا هات، قوتابیەکان دانیشتبون .

ڕێککەوتن ڕێککەوتن

ب- ئازاد کتێبەکانی هەڵگرت، کە منداڵەکان هاتن .

ڕێککەوتن ڕێککەوتن

## ٤-١/٤ ڕستەی ئاڵۆز و بکەر نادیاری :

### ١-٤-١/٤ نادیاری لە پاڕستەدا :

بابەتێکی ڕێزمانییەو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە بەڵام "چەمکی بکەر نادیار لە هەمو زمانێکدا هەمان شت دەگەیەنێ مەبەست لێی ئەو ڕستەیەیە کە (بکەر)ەکەی واتا ئەو کەسە یا ئەو شتەی ئیشی کارەکە بەجێ دەهێنێ لە سیمادا دەرناکەوێ" (وریا عومەر ئەمین،١٩٩٢: ١٨-٢٢) ئەم بابەتە ڕێزمانییە هەر زمانەوانەو بەپێی یاسای تایبەتی زمانەکەی خۆی ئەم بابەتە نیشاندەدات. تەنانەت لە خودی زمانی کوردیشدا لەنێو دیالێکتەکانیدا جیاوازی هەیە لە شێوازی کردەیی ئەم گۆڕینەدا کەواتە بنەمایەکە لە نێو زمانەکان واتە زمانی کوردی وەك هەمو زمانێکی تر ئەم دیاردە سینتاکسییەی تێدا بەدی دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم بابەتە هەنگاوی یەکەم لە هەمو زمانێکدا لە گواستنەوەی ڕستەیێکی بکەرنادیار دەبێ بکەر پەنهان

بکرێ و بەرکاریش هەر بەرکارە ئینجا هەر زمانەی تایبەتیەتی خۆی هەیە چ بە گۆڕینی قاڵبی کارەکەی بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی چ بەو ئامراز و وشانەی دەردەکەون یا بە هەر دو پێڕەو. لە زمانی کوردیدا شان بەشانی ئەو گۆڕینانەی بەسەر پەیوەندی نێوان بەشە بنجییەکانی ڕستە (بکەر – بەرکار – کار) دێن قاڵبی کارەکەش دەگۆڕێ. کار لە زمانی کوردیدا بنچینەیەکە بۆ دروست بونی ڕستە. ڕستەی نادیاریش بەندە بە سروشتی بکەرەوە تەنیا ئەو ڕستەیەی بکەری تێدابێت ڕێگەی نادیاری دەدات. چونکە نادیاری نارێزمانی دەبێ ئەگەر بکەر چالاك نەبێت. ئەو ڕستەیەی کە دەکرێت بە بکەرنادیار دەبێ کاری ڕستە تێپەرێت. چونکە وەك ئاشکرایە کاری تێپەڕ بەلایەنی کەم پێویستی بەدو ئارگومێنت هەیە تاکو ڕۆڵی واتاییان پێ ببەخشێ و کە یەکێکیان بکەرە و ئەویتریان بەرکارە. هەنگاوەکانی گواستنەوەی ڕستەیەکی بکەردیار بۆ بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا ئەمانەن:

١- بکەری ڕستە و ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن پەنهان دەکرێن و بە (ر)ی مۆرفیمی بکەر نادیار.

٢- بەرکار هەر وەکو خۆی بەبەرکاری دەمێنێتەوە. بەڵام دەبێتە نیهاد و دەچێتە سەرەتای ڕستە. بە واتایەکی تر بەلوتکە دەکرێ.

٣- ڕەگی کاری ڕستەکە وەردەگیرێ.

٤- مۆرفیمی بکەر نادیاری (ر) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.

٥- مۆرفیمی کاتی دەچێتە سەر (ا) بۆ ڕابوردو و (ێ) بۆ داهاتو.

٦- ڕاناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی بەرکار دەچێتە سەر کارەکە بۆ ڕێککەوتن بۆ نمونە

- ئێمە ئێوەمان هێنا.

ئێمە (بکەرە)، ئێوە (بەرکاری ڕاستەوخۆیە)، مان (ڕاناوی ڕێککەوتنە ) ، هێن (ڕەگی کارە) بۆ جێبەجێ کردنی هەنگاوەکان سەرەتا بە پێی هەنگاوی یەکەم و دووەم (ئێمە) و (مان) دەکرێن بە مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار. لەبەر ئەوەی زمانی کوردی **SOV** یە و بکەر و

بەرکار دەکەونە تەك یەك کاتێ بکەر نادیاردەکرێ ڕاستەوخۆ بەبێ جێگۆرکێ بەرکار وەکو خۆی دەمێنێ..

بۆ هەنگاوی سێیەم ڕەگی کارەکە وەردەگیرێ کە (هێن)ە دەبێتە (ئێوە هێن)

بۆ هەنگاوی چوارەم مۆرفیمی بکەرنادیار (ر ) دەچێتە سەر ڕەگی کارەکە و دەبێتە.(ئێوە هێن+ر)

بۆ هەنگاوی پێنجەم نیشانەی کاتی دەچێتە سەر. کاتی کارەکە (هێنا) لە ڕابوردو دایە (ا) ی دەچێتە سەر. دەبێتە ئێوە هێن + ر + ا

بۆ هەنگاوی شەشەم کارەکە ڕاناوێکی لکاوی بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە وەردەگرێ. لێرەدا (ئێوە)یە لە کەسی دووەمی کۆ دایە. ڕاناوی لکاوی بەرامبەری (ن)ە لە دەمی ڕابوردوی نزیك دایە. ڕستەکە لە ئەنجامدا دەبێتە:

ئێوە هێن +ر + ا + ن....(ئێوە هێنران)

٧- بکەرنادیار هەمو دەمەکانی کار دەگرێتەوە. (محەمەد ئەمین هەورامانی،١٩٨١: ٢١١) واتە نەك تەنیا دەمێك.

٨- بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە جێناوێکی لکاوی دەچێتە سەر کارەکە. وەك :

- نازە <u>دوێنێ لە باخچەکەدا</u> نەمامێکی چاند.

ئاوەڵك

- دوێنێ لە باخچەکەدا نەمامێك چێنرا .

کەواتە لە ڕستەی ئاڵۆزدا بکەرنادیاری وەك دیاردەیەکی سینتاکسی بەدی دەکرێت. لە ڕستەیەکی بکەردیاری وەك:

- من نەمامەکەم دیت، کە ئەو نەمامەکەی دەچاند.

لە پاڕستەی دیارخەری (کە ئەو نەمامەکەی دەچاند.) هەمان هەنگاوەکانی پێشو جێ بەجێ دەکرێت. سەرەتا (بکەر و ڕاناوی لکاوی سەر بە بکەر لادەبرێ) واتە (ئەو-ی) دەبێتە (نەمامەکە دەچاند) دواتر (نەمامەکە) کە بەرکاری ڕستەیە دواتر ڕەگی کار وەردەگیرێت

کە (چێن)ە پاشان ئامرازی بکەرنادیاری (ر) دەخرێتە سەر پاشان کارەکە ڕابوردوە بۆیە (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی دەچێتە سەر لە ئەنجامدا دەبێتە (کە نەمامەکە دەچێنرا) سەبارەت بە ئامرازی لێکدەر وەك بەشێك لە بەشەکانی تری دوان کە بەشداریان لە پێکهێنانی ڕستەی کاری دیاردا کردوە، وەکو بەرکار، دەرخەر، ئاوەڵکار ... هتد دەمێنێتەوە. ڕستە ئاڵۆزەکە ئەم شێوەیە وەردەگرێت.




لە ڕستەی ئاڵۆزدا دەشێ کەرستەی هاوبەش لە پاڕستەدا لابرێت بۆ ئاسانی دەربڕین لێرەدا کەرستەی هاوبەش (نەمامەکە) یە کە لە ڕستەی دووەم لادەبرێت و لە هەمان کاتدا پاڕستەی (کە دەچێنرا.) دەبێتە دیارخەری (نەمامەکە) کە بەرکارە لە شاڕستەدا وەك لە هێڵکاریەکەی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە. لە ئەنجامدا ڕستە ئاڵۆزەکە دەبێتە:



## **٢-٤-١/٤ بکەرنادیار لە (پاڕستە و شاڕستە)دا بەیەکەوە:**

کاتێك لە ڕستەی ئاڵۆزدا پاڕستە و شاڕستە بکەرنادیار بن بە هەمان یاساکانی بکەر نادیار کردن تێپەڕ دەبێت.

- زانراوە، کە کتێبەکە دزراوە.

- بینراوە، کە ئوتومبێلەکە فرۆشراوە.

شا ڕ پا ڕ

لێرەدا هەر دو بەشی ڕستەی ئاڵۆز بکەرنادیارە، لە شاڕستەی (بینراوە.)دا کە کارەکەی تێپەڕە لە بنەڕەتدا. کەواتە بکەر و بەرکاری هەبوە، بەهۆی یاساکانی بکەرنادیار ئەم شێوەی سەرەوەی وەرگرتوە. سەبارەت بە ڕستە ئاڵۆزەکە کاری شاڕستە پێویستی بە زیاتر ڕوونکردنەوە و دیارخستن هەیە، بۆیە پاڕستەی (کە ئوتومبێلەکە فرۆشراوە.) دەبێتە دیارخەر بۆ بەرکاری شاڕستە، کەواتە ڕۆڵی واتایی جێگری بکەر بە پاڕستە دراوە. لەم بارەدا کاری (بینراوە) وەك کارێکی ڕستەخواز کار دەکات.

## ٥-١/٤ لێڵی لە ڕستەی ئاڵۆزدا:

لێڵـی دیـاردەیەکی زمـانییە. مەبەسـت لە لێڵـی **Ambiguity** یە لە زمانـدا بـریتییە لە "وشـەیەك یان فرێزێك یان ڕسـتەیەك کە زیاتر لەواتایەك ببەخشـێ" ( **Crystal, D. 2012: 22**)، کە پەیوەندی بە فەرهەنگی وشـەکان و لایەنـی سینتاکسـییەوە هەیە. لە زمـانی کوردیـدا چەنـد جۆرێـك لە لێڵـی دەستنیشـانکراوە. وەکـو (لێڵـی فۆنۆلـۆجی، لێڵـی مۆرفۆلـۆجی، لێڵـی سینتاکسـی) یەکەمیـان: پەیوەنـدیی بە هێـز و ئـاوازەوە هەیە. دووەمیان: "ئەوەیە وشـەیەك یا مۆرفیمێـك (بە تەنیـا) ببیسـترێ یـا خـوێنەر بە زیـاتر لە مانایێك تێی بگـات، وەك (ڕوواندن ،بار ،خوێن ...هتد) کە ئەم واتایانەی دەدرێتە پـاڵ. (وریـا عومەر ئەمین ،١٩٩٥: ٦٦-٦٩)

ڕوواندن چاندن

تێپەڕی

خوێن خوێنی لەش

ڕەگی خوێندن

سێیەمیش پەیوەندی بە سینتاکسـەوە هەیە، کە زۆر جـار لە ڕسـتەی زمـانی کوردیـدا ئەم جۆرە لێڵـیە بەدی دەکرێت. ڕسـتە لـێڵە ئەگەر زیـاتر لە مانـایەکی هەبـو. چەنـد هۆیەکی هەیە و بەچەند جۆر لێکدەدرێتەوە.

**یەکەم-** هەبونی وشـەی فرە واتا لە ڕستەدا وەك لە:

- هەر سێ کچی هێنا.

ئەم ڕسـتەیە ئەم دو واتایەی هەیە.ئەمەش بە هۆی وشـەی (هێنا) دروست بوە کە دەکـرێ بە دو واتای (گەیاندن) و (خواستن). لێکبدرێتەوە. وەك:

١- هەر سێ کچی هێنا بۆ ئێرە.

٢- هەرسێ کچی خواست.

**دووەم-** جیایی لە ئاوازی ڕستە **intonation** وەك لە ڕسـتەی:

- هەر سێیان ڕۆیشتن.

ئەم دو واتایەی دەبەخشێ:

۱- هەمو سێ بون و ڕۆیشتن. بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (هەر).

۲-زیاتر بون لە سێ و تەنیا سێیان ڕۆیشتن. بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (سێ).

**سێیەم-** هەبونی دو پەیوەندیی جیا لە نێوان بەشەکانی ڕستە لەبنجدا و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لە سیمادا. وەك:

- هێلین و تابانی خوشکم ڕۆیشتن.

دو واتای جیای هەیە:

۱- تەنیا تابان خوشکمە.

۲- هێلین و تابان هەردوك خوشکمن.

**چوارەم-** لە ئەنجامی سەپاندنی هەندێ یاسای گوێزانەوە یاسای جیا دو ڕستەی جیا (لە بنجدا) دەکەن بە هاو سیما. بۆ نمونە ڕستەی (لێم دەگەڕێ.) دو واتای هەیە:

۱- ئەو بەدوامدا دەگەڕێ.

۲- وازم لێ دەهێنێ و مۆڵەتم دەداتێ.

"واتای ڕستە بە هۆی واتای ئەو کەرەسانەی کە پێکی دەهێنن لەگەڵ ڕۆنانی سینتاکسی ڕستەکەدا دەست نیشان دەکرێت" (تالیب حوسێن عەلی،۲۰۱٤ : ۸۳) هەروەها کاتێك "ڕستە دو یا زیاتر لە یەك ڕۆنانی ژێرەوەی هەبێ لێڵی دروستدەکات" (Fromkin, V. R.1978; 232) جگە لەمە هێز دەورێکی سەرەکی لە دەرخستنی واتادا دەبینێ واتە لێڵی ڕێزمانی کاتێك دروست دەبێت کەڕستەیەك لەگەڵ ئەوەشدا کە لە واتادا جیاوازن، یەك شێوە وەربگرن ئەمە دەبێتە هۆی بونی زیاتر لە لێکدانەوە و بۆچونێك بۆ واتای ڕستەکە یان فرێزەکە. ئەم جۆرە لێڵیە بەدی دەکرێن. وەك:

- من دەزانم ،کە پێم دەبڕێ .

ڕستەیەکی لێڵە، لێڵیەکەی لە پاڕستەی (کە پێم دەبڕێ.) دایە، کە دو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

١- قاچ بڕانەوە.

٢- قازانج کردن.

هـۆی لێڵـیەکەش ئەوەیە کە بەگـوێرەی واتـای یەکەم: یاسـایەك هەیە دەشـێ ڕانـاوی سـەربەخۆ بکرێ بەلکاو بە مەبەستی کورتبڕی بەمە (پێی من) دەبێتە (پێم) لەم بـارەدا (ی)ی بەسـتن دەوری نامێنێ و لادەچێ بەپێی ئەم یاسایە واتای ڕستەی (پێی مـن دەبـڕێ.) دەبێتە (پێم دەبڕێ.).

بەگـوێرەی واتـای دووەم: لە زمـانی کوردیـدا دەشـێ بەهـۆی یاسـایەك ڕانـاوی سـەربەخۆی بەرکـار بە ڕانـاوێکی لکـاو جێگیـر بکـرێ ئەگەر ڕانـاوەکە دوای (بە) هـاتبێ. (بە ) دەبێـتە (پـێ) بەم یاسـایە (بەمـن) دەبێـتە (پـێم) و واتـای پاڕسـتەی (بەمـن دەبـڕێ.) دەبێـتە (پـێم دەبـڕێ.) کە لەگەڵ ڕسـتەکەی تـر دەبێـتە هـاو سـیما. لێڵـیەکەش کـاتێ سـەر هەڵـدەدات ئەگەر ڕسـتەکە بە نوسـراوی خـرابێتە بەر چـاو. بەڵام لە کـاتی ئاخاوتنـدا ئـاخێوەر دەتـوانێ ئەو لێڵیـیە تـاڕادەیەکی زۆر کەم بکـاتەوە لە ڕێـگەی ئـاوازەوە کە دەیخـاتە سـەر ڕسـتەکە جـگە لەمەش دەوروبەر دەورێکـی زۆر گرنگـی هەیە بـۆ لابردنـی لێڵـی و ڕووانـدنەوەی. وەك لە نمـونەکەی سـەرەوە. کە دو جۆرە شیکردنەوە دەگرێتە خۆ:





- ئازاد پیاوەکەی دیت. کە میوانی بو.

ئەم ڕستەیە لێڵە لێڵییەکەی لەوەدایە کە ئایا (ئازاد میوانی پیاوەکە بوە.) یا (پیاوەکە میوانی ئازاد بوە.) پاڕستە دیارخەری (کە میوانی بو.) تێهەڵکێشی ڕستەی سەرەکی کراوە. پاڕستە دیارخەریەکە دو جۆرە لێکدانەوە لە خۆ دەگرێت. لێڵیەکەش زیاتر بۆ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ی) دەگەڕێتەوە. کە بە (میوان)ەوە لکاوە. ئەمەش دو ئاراستەی پێداوە جارێکیان بۆ (ئازاد) دەگەڕێتەوە جارێکیان بۆ (پیاو)ەکە دەگەڕێتەوە.

- <u>ئازاد</u> <u>(ئازاد میوانی پیاوەکەبو.)</u> <u>پیاوەکەی دیت</u>.

ڕ١ ڕ٢ ڕ١

ئینجا فرێزی ناوی (ئازاد) کە لە ڕستەی سەرەکیدا (بکەرە) لە پاڕستەی دیارخەریدا بە یاسای گوێزانەوە **Equideletion** لادەبرێت. هەروەها (پیاوەکە) لە شاڕستەدا بەرکارە لە پاڕستەکەشدا هەیە لادەبرێت. بەم شێوەی خوارەوە.

ئازاد (ئازاد (کە) میوانی پیاوەکە بو.) پیاوەکەی دیت.

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئازاد | Ø | میوانی | Ø | بو | پیاوەکەی | دیت |

هەروەکو لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە.




ئینجا بە پێی یاساکانی گوێزانەوە پاڕستە دیارخەرییەکە دەگوێزرێتەوە دوای فرێزە ناوییەکە، ڕستە ئاڵۆزەکە ئەم فۆڕمە وەردەگرێت.

- ئازاد پیاوەکەی دیت، کە میوانی بو.

دووەم ئەگەر بەم جۆرە لێکدانەوەی بۆ کرا ئەوا بنجەکەی بەم شێوەیە دەبێت.

- ئازاد پیاوەکەی (پیاوەکە (کە)میوانی ئازاد بو.) دیت.

١　　　　　٢　　　　　١

ئینجا (پیاوەکە) لە پاڕستە دیارخەرییەکە بە پێی یاسای **Equidelation** هەمان لابردن لادەبرێت، هەروەها (ئازاد)یش بەهەمان شێوە لادەبرێت. بەم شێوەی خوارەوە.

هەروەکو لەم هێڵکارییە درەختییەدا ڕوونکراوەتەوە.




ئینجا بە پێی یاسایەکی گوێزانەوە پاڕستە دیارخەرییەکە دەگـوازرێتەوە دوای کـارەکە و ڕستە ئاڵۆزەکە ئەم فۆڕمە وەردەگرێت.

- ئازاد پیاوەکەی دیت، کە میوانی بو.

کەواتە بەم شێوەیە ڕستەی دووەم لەگەڵ ڕستەی یەکەم بە هەمان سیما دەرکەوتن و دو واتای جیاوازی دروست کردوە. هەروەها دەشێ ڕستەیەك یەك ڕۆنانی ژێرەوەی هەبێ، بەڵام زیاتر لە ڕۆنانێکی سەرەوەی هەبێ. بۆنمونە.

- ئازاد هاتەوە، کە من تۆم بە ئەوان سپارد. ڕ ژ

١- ئازاد هاتەوە، کە من تۆم پێ سپاردن. ڕ س

٢- ئازاد هاتەوە، کە من بە ئەوانم سپاردیت. ڕ.س

## ٦-١/٤ کرتاندن لە ڕستەی ئاڵۆزدا:

کرتاندن کردەیەکی سینتاکسییە،کە بریتییە لە دەرنەکەوتنی هەندێ کەرستەی زیاد و ئاشکرا لە ڕستەدا. ( Trask, R. L. 1993; 76 ) کە مەبەست کەرستەی هاوبەشە لە نێوان ڕستەکان یان بە شێوەیەکی تر بریتییە لە "لابردنی شتێك و نەگوتنی بێ ئەوەی نەگوتنی ئەوشتە ببێتە هۆی دروست بونی تەمومژی واتایی، یان بەلای کەمەوە هیچ کاتێك ناتوانرێت، بڵێین ئەوەی نەگوتراوە گوێگر لێی تێنەگەیشتوە، بە پێچەوانەوە ئەوەی نەگوتراوە گوێگر لێی تێدەگات و دەزانێ کام توخم نەگوتراوە" (قەیس کاکل تۆفیق،٢٠٠٢: ١٥٣) واتە کرتاندنەکە کار لە گەیاندنی واتای ڕستەناکات، تەنیا کردەی گوتنەکە کورتتردەکات کە لە ئاستی گوتندا دەرکی پێدەکرێت. ئەم جۆرە کرتاندنە جگە لە ڕستەی سادە لە ڕستەی ناسادەدا زیاتر دەبینرێت، زۆر جار "یاسایێکی بەخورتییە لە ڕێبازی گوێزانەوەدا" (شلێر ڕەسول محەمەد،٢٠٠٤ :X) ئەم یاسا بەخورتییە بەسەر هەندێك کەرستەی ڕستەی ناسادەدا دەسەپێنرێ، واتە جگە لە بەرهەمهێنانی ئاستی سەرەوەی ڕستەکان بەهۆی گواستنەوە، لە هەمان کاتدا جۆرە بەشدارێکی تریش هەیە بۆ ئەم دەستکەوتە، کە بە یاسای کرتاندنی کەرەستەکان دێتە ئەنجام "ئەم کەرەسەیە لە ئاستی سیمانتیکی بونی خۆی هەیە، بەڵام لەئاستی ڕووکەشی ڕستەدا دەقرتێنرێت" (کاروان عومەر قادر،٢٠٠٨ : ٣٧) لە ڕستەی ناسادەدا کاتێك پرۆسەی "بەستنی دو ڕستە یان زیاتر زۆرجار دەبێتە هۆی دوبارە بونەوەی کەرەسەی وەك : کار – بکەر- بەرکار - ئاوڵگوزارە ، واتە هەندێ کەرەسەی ناوکۆ دێتە کایەوە، جا بۆئەوەی ئەم دوبارەکردنەوەیە ڕوونەدات لابردن دروست دەبێت" (بەکر عومەر عەلی،١٩٩٢: ٤٦) کرتاندنەکە دەشێ لەم جۆرەی ڕستەدا جێ بەجێ بکرێت بەسەر کەرستەکانی وەك: ئامرازی گەیەنەر – بەرکاری ڕاستەوخۆ – بەرکاری ناڕاستەوخۆ ... هتد کە لە دواییدا لەبارەیانەوە دەدوێین.

## ١-٦-١/٤ کرتاندنی ئامرازی گەیەنەر :

لە ڕستەی ئاڵۆزدا بەزۆری ئامرازی گەیەنەر لە هەندێ ڕستەدا دەکرتێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار کرتاندنی ئەم ئامرازە نابێتە هۆی ناڕێزمانی ڕستەکە بەڵام دەبێت شوێن پێی لەناو ڕستەکەدا بەجێبهێڵێت، واتە گەرچی لەئاستی سەرەوەدا بونی نییە کەچی لەئاستی ژێرەوەدا بونی هەیە و هەستی پێدەکرێت. وەك:

- ئەو قوتابییەی، زۆری دەخوێند، خەڵاتی وەرگرت.ـ

## ٢-٦-١/٤ كرتان لە پارستەی دیارخەریدا:

ئەم کرتاندنە تا "ئەو شوێنەی ڕێی پێدەدرێت کە کەموکوری واتایی دروست نەکات" (عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩: ١٨) لەئەنجامدا دەگەینە ئەوەی بە هۆی کرتاندن ئاخێوەری زمانی کوردی دەتوانێ ڕستەیەك بە دو ڕستە و هەمان واتاوە دابڕێژێتەوە، ئینجا بەستن و لێکدان بەپێی یاساکانی گوێزانەوە دەکرێت. لەم جۆرە پارستەیەدا کرتاندن ڕوودەدات بەم شێوەیە:

- ئەو کچە دانیشتوە.

- ئەو کچە هاوڕێمە.

لە ئەنجامی تێهەڵکێش کردن ڕستەیەکی ئاڵۆزی لەم جۆرەی لێ بەرهەمدێت .

- ئەو کچەی کە دانیشتوە، هاوڕێمە.

کرتاندنێکی بەخورتی بەسەر فرێزی ناوی (ئەو کچە)دا هاتوە، لەهەمان کاتدا لە ئەنجامی جێ بەجێکردنی ئەم پرۆسە ڕێزمانییە (ی) هاتۆتە ناو ڕستەکە کەواتە "ڕێککەوتنی بکەری و ڕستەی شەقکراو، لە ڕێی سەری ڕستە سەرجێناوەکەوە لەگەڵ بکەری ڕستیلەی ڕستەی سەرجێناوییەکەدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمەی دواییان ببێتە جێناوێك، دەرئەنجامی ڕێککەوتنی لەگەڵ ئارگومێنتە ناوەکیەکەی بەشی کرداری ڕستیلەی سەرجێناوییەکە ئەوەیە کە ئەم ئارگومێنتە دەبێتە کلیتیك" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١: ٣٠٨) کەواتە فرێزی ناوی (ئەو کچە) کە لە هەر دو ڕستەکەدا بونی هەیە لەکاتی لێکدانی هەر دو ڕستەکە (ئەو کچە) وەك هاوبەشێك دەچێتە سەرەتای ڕستەی سەرەکیی ڕستەی سەردیارخراو بەجێناوی هێما دروست دەکات و بەخورتی فرێزی ناوی (ئەو کچە)ی پارستە کرتاوە، لەگەڵ ئەوەشدا (ی)ی خستنەسەر هاتۆتە ناو ڕستەکە فۆڕمی (ئەو ...ی) وەرگرتوە، کە شوێنپێیەکەی بە **Pro** جێگیر دەکرێ چونکە زمانی کوردی زمانێکی بکەرخراوە .وەك:

- ئەو پیاوەی کە هات، **Pro** باوکمە .

## ٣-٦-١/٤ کرتانی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە پاڕستەی دیارخەریدا:

لەو ڕستە ئالۆزانەی کە کاری لاڕستەیان تێپەڕە دەشێت "ئەو گرێ ناوییەی، کە لە لاڕستەکەدا دوبارە دەبێتەوە ئاماژە بە یەك شت دەکەن، لەگەڵ هەمان شت لە ڕستە سەرەکییەکەدا لاببرێت" (شلێر ڕەسول محەمەد،٢٠٠٤ : X) واتە ئەو فرێزەناوییەی کە لە شاڕستە هەیە، هەمان ئەو فرێزەیە کە لە پاڕستەکەدا پرۆسەی کرتاندنی بەسەردا دێت "چونکە لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆی لاڕستەدا هاونیشانەیە و شوێن پێیەکیش لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی لە ڕستەی سەرەکی بەجێ دەهێڵێت و کلیتیکی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی کۆپی دەکات و بۆ ناو ڕۆنانی کاری ڕستەی سەرەکی دەگوازرێتەوە، بەرکاری ڕاستەوخۆی لاڕستە شوێنپێ و کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەی سەرەکی هاونیشانە دەبن" (خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول،٢٠١٢: ١٩٣) .

- من کتێبەکانم خوێندنـــەوە، کە تۆ هێنابونـــت.

بە پێی بنەمای وزەپارێزی (ئیکۆنۆمی) لە زماندا، لە ئاخاوتنی ئاساییدا ڕستەکە بەم شێوەیەش دەبیسرێ:

- کتێبەکانم خوێندØەوە، کە تۆ هێنابوØت.

لەم ڕستە ئالۆزەی سەرەوەدا لە بەشی پاڕستەی دیارخەریدا بەرکاری ڕاستەوخۆ کرتاندنی بەسەردا هاتوە، کە هاونیشانەیە لەگەڵ بەرکاری (کتێبەکان)ی شاڕستە لێرەدا ئەم پرۆسەیە زیاتر ئەرك و مەبەستی دیارخەری پاڕستەکە ڕووندەکاتەوە، چونکە (کتێبەکان) ئەگەرچی لە پاڕستەدا کرتاوە، بەڵام پاڕستەی (کە تۆ هێنابوت،) ڕاستەوخۆ ئاماژە بە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی سەرەکی دەکات و بۆتە دیارخەری هەمان کەرستە.

## ٤-٦-١/٤ کرتانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە پارستەی دیارخەری :

لە ڕستەی ئالۆزدا، دەکرێ لە پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ بکرتێنرێ ئەو کەرستانەی کە لەگەڵی دەردەکەون لادەبرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە کەرستەیەکی تر کەرستە کرتاوەکە جێگیر بکرێت. وەك:

- هێلین دەچێ بۆ سەیران، بۆیە منیش دەچمØ.

لێرەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆی (بۆ سەیران) لە شارستەدا هاتوە و لە پاڕستەدا دوبارە نەبۆتەوە و کرتانی بەسەردا هاتوە، کەواتە کەرستەی کرتاو لە پاڕستەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆی (بۆ سەیران)ە.

## ٧-١/٤ڕیزبونی کەرستەی(مۆرفۆسینتاکسی):

ڕیزبونی کەرستە لە ڕستەی زمانی کوردیدا جگە لە شێوەی ئازاد کە کەرستەکان بە شێوەی سەربەخۆ واتە دیار و ئاشکرا لە ڕستەدا بەپێی یاسایSOV ی ڕیز دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ لە شێوەی جێناو لە ڕستەدا دەربکەون، لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی نوساوی پۆلۆسێنسیتیکییە بەتایبەتی لە وشە مۆڕفۆسینتاکسییەکاندا "کە تیایاندا ڕستەیێکی تەواو لە قاڵبی تاکە وشەیەکدا دادەڕێژرێ" (وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٦: ٨-١٤) کە بە هۆی "مۆرفیمە بەندەکان بە تایبەتی گیرەکە وشە گۆڕەکان و نوسەکەکان بەشداری لەداڕشتنی دروستە مۆرفوسینتاکسیەکاندا دەکەن" (ئومێد بەرزان برزۆ،٢٠١١ :١٠٧) وە ئەو پرۆسەیەیە کە لەئەنجامی بەجێناوکردنی فرێزێکی ناوی یان زیاتر و لکاندنی بە کەرستیەکی تر لە ڕستەدا دروست دەبێ، کەرستەکان ڕۆڵە بابەتییەکانیان لە دروستەی قوڵدا وەردەگرن ئەمە ئەوە دەبەخشێت کە ئەم کەرستانە لە دروستەی ڕووکەشدا ڕۆڵی بابەتانەی خۆیان هەیە و زوتر پێیاندراوە، لەبەر ئەوەیە کەرستەکان بۆیان هەیە لە ئاستی ڕووکەشدا شوێنە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و بەخۆیان و ڕۆڵە بابەتییەکانیانەوە لە شوێنی تازەدا بنیشنەوە بەڵام ناتوانن تەواو بە ئازادیی و بێ مەرج جێگۆڕکێیان پێبکرێت یان لابرێت یان بگوازرێنەوە. (محەمەد مەحوی،٢٠٠١: ١٣٣) لەبەر ئەوەی مەرج و ئاراستەی تایبەت بە خۆی هەیە ئەو کەرستانەی کە ئەم پرۆسەیەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ لە ڕستەدا جگە لە کار ئەمانەن: (بکەر– بەرکار– جێگری بکەر ... هتد) وەك:

- من تۆ دەگرم . ← دەتگرم.

کە بە هۆی کلیتیکەوە جێگیردەکرێت واتە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا زۆر جار ڕستە سیستەمی ڕیزبونی (SOV) گۆڕانی بەسەردادێت دەشێ وەك یاسایەکی سەرپشکی پێشنیازبکرێ کە بەهۆی یاسای گواستنەوە و بەکلیتیك کردنەوە دێنەدی و لەڕۆنانی سەرەوەدا بەرهەم دەهێنرێن. ئەم جۆرە ڕستەیە لە بواری ئیکۆنۆمی زماندا

ڕۆڵێکی چالاك دەبینێت کە زۆرترین واتا بە کەمترین کەرستە دەردەبڕێت جۆرەکانی لە خوارەوە دەخەینە ڕوو:

## ١-٧-١/٤ کلیتیکاندنی بکەر لە پاڕستەدا:

لە ڕستەی زمانی کوردیدا دەشێ بکەر بەکلیتیك بکرێ کە بەشێکە لە کار و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا دەنوێنێت لە ئەنجامدا گۆڕان بەسەر فۆڕمی بکەر دادێت لە سەربەخۆوە دەگۆڕێ بۆ لکاو یاخود لە فۆڕمی کەتیگۆرییەکی بەتاڵدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە دوای کات و کەس کە بە هۆی یاساکانی گواستنەوە لەئاستی سەرەوەی ڕۆنانی ڕستەدا دەرکی پێدەکرێت "کلیتیکی بکەری حوکم ناکرێت و دۆخی ڕێزمانی وەرناگرێت بەڵکو لەگەڵ کاتدا وەچەپێکهاتەی (INFL) پێکدەهێنێت، دۆخی ڕێزمانی بکەری بەو کەرەستەیە دەدات کە لە شوێنی بکەر دایە، لەبەر ئەوەی هەرچی وەچەپێکهاتەیەك هاونیشانە بێت لەگەڵ بەشی کرداردا لەڕووی کەس و ژمارەوە لەلایەن کات و کەسەوە حوکم دەکرێت و دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤ وەردەگرێت" (ئومێد بەرزان برزۆ ،٢٠١١: ١١٣) لە ڕستەی ئاڵۆزدا دەکرێ شوێنی بکەر بە Pro پڕ بکرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە "فۆڕمی سەربەخۆی بکەر و کلیتیکی بکەریش هەر دوکیان بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەدا دەکەن لەم بارەدا فۆڕمی سەربەخۆی بکەر بۆ جەختکردن بەکاردێت" (خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول،٢٠١٢ : ٩٨) فۆڕمی سەربەخۆی بکەر لە شاڕستەدا هەیە و فۆڕمی مۆڕفۆسینتاکسی بکەر لە پاڕستەدا هەیە، کە پاش دەرکەوتنی لە ناو پێکهاتەی کارەکەدا بە شێوەی لکاو شوێنە بنجییەکەی بە pro پڕ دەکرێتەوە لە ئاستی سەرەوەی ڕۆنانیدا. وەك:

ا - من پوشەکەم دیت، کە پوشەکە دەسوتا.

ب- من پوشەکەم دیت، کە pro دەسوتاØ .

لەبەر ئەوەی "لە زمانی کوردیدا بکەر و بەرکار ڕێکدەکەون" (وریا عومەر ئەمین،١٩٨٢ :١٦-١٩) لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کاری ڕستەدا، لێرەدا بە بەراورد کردنی نمونەی (ا) لەگەڵ (ب)دا دەردەکەوێت بکەری پاڕستەکان هەم کلیتیکاندنی بەسەردا هاتوە و هەم کرتاندنی بەسەردا هاتوە کە لەئەنجامی کرتاندنەکە کلیتیکاندنەکە ڕوویداوە. کلیتیکاندن لەڕۆنانی ژێرەوەی کاردا بونێکی بەخورتی هەیە لەبەر ئەوەی لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ فرێزی ناوی بکەریدا هاونیشانەن.

## ٢-٧-١/٤ كليتيكاندنی بەرکاری:

بەرکاری ڕاستەوخۆ لەناو ڕستەدا وەك کەرستەیەکی بەخورتی داواکراوە لەلایەن کارەوە لەو ڕستانەدا دەبینرێ کە کاری ڕستەکانیان تێپەڕە. بەرکاری ڕاستەوخۆ وەکو "ئارگومێنتێك ڕۆڵی واتایی لە کار وەردەگرێت و دۆخی ڕێزمانی پێ دەبەخشێت" ( Cook, 1997, 167) کە کلیتیکاندنی بەسەردا ڕوودەدات لە ئاستی سەرەوەدا شوێنی بنەڕەتی خۆی کە ڕیزبوونی بەپێی یاسای SOV یە دەگۆڕێت. بەخۆی و ڕۆڵە بابەتییەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ ناو فرێزی کاری کاتێك کە گۆڕا بۆ جێناوی لکاو لە شوێنە بنجییەکەی شوێنپێیەك بەجێ دەهێلێ کە لەگەڵ کلیتیکە گوێزراوەکە لەڕووی کەس و ژمارەوە هاونیشانەیە. ئەم پرۆسەیە بە هۆی ئەم پێڕەوە جێبەجێ دەکرێ دەستەی B هەمیشە بە ڕەگی کارەوە دەلکێ، دەستەی A بە یەکەمی ئەم بەشانەی ڕستەوە دەلکێ بەم ڕیزە:

بەرکاری ڕاستەوخۆ – بەرکاری ناڕاستەوخۆ – پێشبەند – یەکەم پێشگر – ڕەگی کار. بەرکار دەکرێتە ڕاناوی لکاو ئەگەر کاتی کارەکە ڕابردو بو دەستەی A ئەرکی بکەر دەبینێ بۆ بەرکار ڕوو لە دەستەی B دەکەین. بەپێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە ڕاناوە لکاوەکە وەردەگیرێت و بەپێی یاساکانی شوێن جێگیر دەکرێ. وەك لەم پاڕستەیەدا:

- من ئەو شتە دەزانم، کە ئەوان تۆیان بۆ من هەڵبژارد.

لە پاڕستەی (کە ئەوان تۆیان بۆ من هەڵبژارد) کاتی کارەکە ڕابوردوە. ڕاناوی لکاوی بکەری (یان) لە دەستەی A یە. بۆ بەرکار ڕوو لە دەستەی B دەکەین. (تۆ) بەرکارە لە دەستەی B دا (یت) بەرانبەریەتی.

(یت) شوێنی (تۆ) دەگرێ و بە کۆتایی کارەکەوە دەلکێت ڕاناوی بکەری (یان) بەڕەڵا بو. گەر بەرکاری ڕاستەوخۆ نەما بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێ و ڕستەکە بەم شێوەی لێ دێ:

- من ئەو شتە دەزانم، کە ئەوان بۆ منیان هەڵبژاردیت.




بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆی ئەم ڕستە ئاڵۆزە ڕاناوی لکاوی بکەری (یان) سەر بە دەستەی A یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی B دەکەین. (من) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە لە دەستەی B دا (م) بەرانبەریەتی. کەواتە (م) شوێنی (من) دەگرێ و بەڕەگی کارەکەوە دەلکێ و ڕستە کە بەم شێوەی لێ دێ:

- من ئەو شتە دەزانم، کە ئەوان تۆیان بۆ هەڵبژاردم.

ئەگەر هەر دو بەرکار کران بە کلیتیک هەر دوك سەر بە دەستەی B ن. هەر دوك بە ڕەگی کارەوە دەلکێن بەم ڕیزە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ – بەرکاری ڕاستەوخۆ) (وریا عومەر ئەمین ،٢٠١٤: ٧-١٦) ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێ.

- من ئەو شتە دەزانم، کە ئەوان بۆیان هەڵبژاردمیت.

بۆ دەوری بەرکاری کۆمەڵی A دەوری بکەری لە ڕابردودا دەبینێ و دەوری بەرکار لە داهاتودا دەبینێ. کۆمەڵی B دەوری بکەر لە داهاتودا دەبینێ و دەوری بەرکار لە رابردودا دەبینێ. واتە دەرکەوتنی ڕاناوە لکاوەکان بۆ دەوری بکەری و بەرکاری لەگەڵ کاری تێپەڕ لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە.






لەم ڕستەیەدا كـاری پاڕسـتەكە ڕانەبـردوە، ئەو جێنـاوەی دەوری بـكـەری بینیـوە (یـن) لە كۆمەڵی B ـە، بۆ بەركاریش ڕوو لە كۆمەڵی A ـی دەكەین (تۆ) كە كەسی دووەمی تاك دەگـرێتەوە لە كـۆمەڵی یەكەمـدا بەرامـبەرەكەی (ت)ـــە، لە كـاتی بەكلیتیـك كـردن جێناوی لكاوی (ت) كە لە كۆمەڵی یەكەمە شوێنی جێنـاوی كەسـی سـەربەخۆی (تـۆ) دەگرێتەوە و دوای لابردنی بەركاری ڕاستەوخۆ بە بەركاری ناڕاستەوخۆ دەلكێت وەكـو لە سەرەوە ڕوونكراوەتەوە، بەڵام كاتێك كـاری ڕسـتە ڕابـردو بێت، بەركـاری ڕاسـتەوخۆ بە جێناوێكی لكاو جێگیر دەكرێت بەم شێوەیە .




هەروەها بەركاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەشـێ هەر دوك پـێكەوە بەكلیتیـك بكـرێ، كاتێك كاری ڕسـتە لە كـاتی داهـاتو دابێـت، هەر دو جێنـاوە لكـاوەكە بە پێشـبەندەوە دەلكێت بەم شێوەیە :




## ٣-٧-١/٤ كلیتیكاندنی دیارخەری :

كلیتیكی دیارخەری لەو ڕستانەدا بەدی دەكرێ كە دۆخی هەیـی (خـاوەنێتی) یـان تێـدایە كە یەكێكە لە دۆخەكانی ڕێزمانی و دەشـێ لە قـاڵبی مۆڕفۆسینتاكسـی دابڕێژرێـت "چ وەك ڕستەیەك بێت یان فرێزێكی ناوی كە جێناوێكی جودا یـان ناوێـك دەبێـتە دیـارخەری ناوێكی تر، واتای هەیـی بگەیەنێـت بەهـۆی مـۆڕفیمی خسـتنەپاڵەوە ئەم فرێـزە فـراوان دەكرێت و دۆخی ڕێزمانی پێ دەبەخشـرێت، نـاوی دووەم دەكـات بە خـاوەنی نـاوی یەكەم،

هەر بۆیە فرێزی خاوەنێتی وەکو دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی لە ئاستی ژێرەوەی ڕستەدا دەردەکەوێت بەهۆی ئامرازی خستنەسەری (ی) بەپێش خۆیەوە دەبەسترێتەوە. دوای جێگیرکردنی بەجێناوی لکاو لە فۆڕمی کلیتیکدا دەردەکەوێت و بەپێش خۆیەوە دەلکێت. لە ئەنجامدا کلیتیکی دیارخەری لە شێوەی فرێزێکی خاوەنی بەرهەم دێت لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کاری ڕستەدا ڕێکدەکەوێت.

وەك:- من بەچاوی خۆم دیتم، کە کوڕەکەی ئەوان هاتەوە .

⇩

- من بەچاوی خۆم دیتم، کە کوڕەکەیان هاتەوە .

لە پاڕستەی دیارخەری (کە کوڕەکەی ئەوان هاتەوە.)دا مۆڕفیمی (ی) دۆخی دیارخەری بە فرێزەکە دەدات، پەیوەندی دیارخراو و دیارخەر دروست دەکات. بەمەش فرێزێکی ناوی خاوەنێتی (دیارخەری) دروست دەکات. دەتوانرێت ئەم دیارخەرە بەکلیتیك بکرێ بە جێناوێکی سەر بەهەمان کەس و ژمارە پاش گوێزانەوە جێگیر بکرێت و لە فۆڕمی (یان) دەربکەوێت کە جێناوێکی سەر بەدەستەی خاوەنییە، لە ئەنجامدا مۆڕفیمی خستنەپاڵی (ی) هیچ گۆکردنێکی فۆنەتیکی نابێت.

## **٤-٧-١/٤ کلیتیکاندنی بەرکار لە پاڕستەی بکەرنادیاردا:**

لەو ڕستانەدا بەدی دەکرێ کە کاری ڕستە کارێکی تێپەڕی بکەرنادیارە دەشێ جێگری بکەر بە جێناو بکرێ کە مەبەست بەرکارە دوای نادیارکردنی بکەر کاتێك کارەکە ڕابوردو یان ڕانەبوردوی بکەرنادیار بێت.بکەرنادیاری بەپێی یاسای گوێزانەوەی ڕستەی مۆڕفۆسینتاکسی بکەرنادیار دروست دەبێت:

١- ناو و ئەو ڕاناوە لکاوەی ئەرکی بکەری دەبینن، دەکرێن بە مۆڕفیمی (ر)ی بکەرنادیار.

٢- ڕەگی کارەکە وەردەگیرێ.

٣- مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.

٤- ئەگەر کاتی کارەکە ڕابوردو بێت (ا)ی دەخرێتە سەر.ئەگەر داهاتو بێ(ێ)ی دەخرێتە سەر.

٥- ئەگەر کاتی کارەکە داهاتوبێت، دەستەی Aوەك بەرکار دەردەکەوێ. کە ڕستەکە دەکرێتە بکەرنادیار ڕاناوەکە دەگۆڕێ بە ڕاناوی بەرانبەری لەدەستەی Bدا.

لە بکەردیار (A) ← لە بکەرنادیار (B)

٦- ئەگەر کاتەکەی ڕابوردو بێت بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە دەستەی B یەوە دەبێ. کە ڕستەکە دەکرێتە بکەرنادیار ڕاناوەکە دەگۆڕێ بە ڕاناوی بەرانبەر لە دەستەی A دا. (وریا عومەر ئەمین،٢٠١٣ : ٧-٢٠)

لە بکەردیار (B) ← لە بکەرنادیار (A)

وەك: - ئازاد ڕۆیشت، کە ئەو ئێمەی دەنارد.

لە پاڕستەی (کە ئەو ئێمەی دەنارد.) کاتێ دەکرێتە بکەرنادیار لەبەر ئەوەی کاری پاڕستە (ڕابردوە) جێناوە بەرامبەرەکان (ی) لە دەستەی (A) دایە بکەرە. (ین) لەدەستەی (B) دایە بەرکارە. (نێر) ڕەگی ڕابردوی کارەکەیە ئینجا بەپێی هەنگاوەکانی بکەرنادیاری دەبێتە (کە ئێمە دەنێرراین.) (ئێمە) جێگری بکەرە و کلیتیکاندنی بەسەردا دێت. ئەم شێوەیە وەردەگرێ (ئازاد ڕۆیشت، کە دەنێرراین.)

## ٨-١/٤ کۆنترۆڵ و پاڕستە :

لە ڕستەی ئاڵۆزدا پرۆسەی کۆنترۆڵکردن بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، لە نێوان ڕستەی سەرەکی و پاڕستەی دیارخەریدا. ئەم پرۆسەی کۆنترۆڵکردنە کە لەلایەن گوزارەی ڕستەی سەرەکییەوە بۆ پاڕستە ئەنجامدەدرێ، لە ڕستەی ئاڵۆزدا بە دو شێوە دەبێت "تەواوکەری داخراو closed complement و تەواوکەری کراوە open complement" (شادیە ساڵح مستەفا ،٢٠١٤ :٧٩)

**١- تەواوکەری داخراو :**

ئەو پاڕستەیەیە کە بکەرێکی ناوخۆیی هەیە و هاو ئاماژەیە، واتە هەمان نیشانەی نیهادی (subject) ڕستەی سەرەکی هەیە و بەخورتی کرتاندنی بەسەردا هاتوە و لەشێوەی **pro** دا دەردەکەوێت، جۆری کاری ڕستەی سەرەکیش لەشێوەی کاری کۆنترۆڵکەر دایە، چونکە لە توانایدا هەیە کەرستەیەك لە پاڕستە کونترۆڵ بکات.

- تابان پێی وایە، **pro** دەردەچێت.ئەم ڕستەیە خۆی بەم شێوەیەیە (تابان پێی وایە، خۆی دەردەچێت.)

**٢ – تەواوکەری کراوە :**

ئەو پاڕستەیەیە کە نیهادێکی دەرەکی بەخورتی لە دەرەوەی لاڕستەکە بە شێوەیەکی ئەرکی کۆنترۆڵکراوە، واتە هەمان نیهاد لە ڕستەی سەرەکیدا نییە و خۆی بەم شێوەیە یە (تابان پێی وایە، دیار دەردەچێت.) بەڵکو پاڕستەکە خۆی بەخورتی ئەرکی دیارخەرە بۆ

بەرکـــاری ڕســـتەی ســـەرەکی دەبینێـــت. هەروەهـــا هەنـــدێ کـــار دەتـــوانن کـــۆنترۆڵی کەرســـتەیەکی تـــر بکـــەن کە بە pro جێگیرکـــراوە. لە کـــاری تێـــپەڕ کەرســـتە کۆنترۆڵکراوەکە پێی دەگـوترێ دیارخـەری بەرکـار .(Radford, A. 1997; 25). واتە ئەرکـی دیارخەری بۆ بەرکاری ڕستەی سەرەکی دەبینێت.

أ- وا دیارە، کە هێلین خەوتوە.

ب - ئەو بڕیاریدا، کە جگەرە نەکێشێ.

لە نمونەی (ا)دا چونکە کاری ڕستە سـەرەکییەکە چـاڵی بـکەری بەتـاڵە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە زمانی کوردیدا "گشت ڕستە تەواو کەرەکان کات و کەسدارن" (حـاتەم ولیا محەمەد.٢٠٠٩ : ٢٣٦) لە نمونەی (ب) کـارەکە کـۆنترۆڵی بەرکـاری دەرەکـی کـردوە. کە پاڕستەکەیە وەکو دیارخەر ئەرکەکە جێبەجێ دەکات.

## ٩-١/٤ گوێزانەوە و ڕستەی ئاڵۆز:

ڕێزمانی گوێزانەوە لەئەنجامی هەندێ کەم وکوری ڕێزمانی فرێـز پێکهێنـان دروسـت بـو، کە یەکـێکە لە بەرهەمەکـانی چۆمسـکی، ئەمە ڕێزمـانێکی فراوانتـر و پێشـکەوتوە. دەکـرێ بگـوترێ، ئەم مـۆدیلە وەرچەرخـانێکی تـری چۆمسـکییە. یاسـاکانی گـوێزانەوە دەکەونە دوای یاساکانی فرێز پێکهێنان بۆیە "یاساکانی گـوێزانەوە هەنـدێ جـار بەیاسـا تەواوکارییەکـان supprementary rules نـاودەبرێ لە کاتێکـدا یاسـاکانی فرێزپێکهێنـان بەیاســا ســەرەتاییەکانElementary rules ناودەبرێــت، چــونکە ڕێزمــان بەو یاســا سـەرەتاییانە دەست پێدەکات" (یوسف نوری مـحەمەد ئەمـین ،٢٠١٠: ١٦) داهێنـانی ئەم جــۆرە ڕێزمــانە ڕێــگە چــارەیەك بــو بــۆ ڕوونکــردنەوەی پەیوەنــدیی ڕســتەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی لەناو ڕستەدا ڕوودەدات، بەواتایەکی تر ئەو گۆڕانکاریانە ڕوونـدەکاتەوە کە بەسەر ڕستەدا دێـت کە لە ئەنجـامی یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان دروسـت دەبـن وەکـو (جێگورکێ، کرتاندن، گۆڕان، جێگرتنەوە ...هتد).

## ١/٤- ١٠ یاساکانی گوێزانەوە و ڕستەی ئاڵۆز:

یاســاکانی فرێــز پێکهێنــان نــاتوانن هەمــو جــۆرە ڕســتەیەکی نــاســادە بەرهەم بهێــنن، چــونکە لەم جــۆرەی ڕســتەدا زۆر دیــاردەی وەکــو کرتانــدن و جێگــۆڕکێ...هتــد. بەر چــاو دەکەوێ کە لە ئەنجـامی لێکـدانی دو ڕسـتە یـان زیـاتر بەرهەمـدێت، بـۆیە یاسـاکانی

گـوێزانەوە دەورێکـی چالاکیـان هەیە، لەبەرئەوەی "یاسـاکانی گـوێزانەوە لە سـەرێکەوە چالاکترن لە یاساکانی فرێز پێکهێنان. چونکە یاسـاکانی گـوێزانەوە هەڵدەسـتن بەڕیـز کردنەوەی کەرسـتەکان نەك یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان کە دەتـوانن کەرسـتە لابەرن و بتـاوێننەوە، یـان کەرسـتەی تـر بهێنـنە نـاوەوە، هەروەهـا گرنگیەکـی تـری لەوەدایە کە دەتوانن بەهەمو ئەو کـارانە هەسـتن، کە یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان بە تەواوی نـاتوانن پێیان هەستن. کەواتە هەر دو جۆر یاساکانی فرێز پێکهێنان و گـوێزانەوە کـاری یەکتـری تەواودەکەن و بەتەواوکەری یەکتری دادەنرێن. یاساکانی گوێزانەوە سەرەتا "لە خـوارترین گـرێ دەسـت پێـدەکات و بەرەو کەرسـتەی سـەروتر دێـت تـا دەگـاتە ئاسـتی ڕسـتەی سەرەکی، کە بەرهەم هاتوی گوێزانەوە، ئاستی سـەرەوەی ڕسـتەیە. Cowper, E. (A. 1992; 11) کەواتە هەمو بەستن و لێکدانێکی ڕسـتە بەپێـی یاسـاکانی گـوێزانەوە دەبێت لە ڕۆنانی ژێرەوە لێکدەدرێن، لە ئەنجامی سەپاندنی دەستەیەك یاسای گـوێزانەوە وەکو بەستن و کرتانـدن و ...هتـد، لە ڕسـتەیەکی ئـاڵۆزدا دەبینـرێنەوە. یاسـاکانی فرێـز پێکهێنان ناتوانن ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز و بکەرنادیار بەرهەم بهێـنن کە پەیوەسـتن بە توانست ڕێگە بە ئاخێوەری زمان دەدەن بـۆ بەرهەمهێنـانی هەمـو ڕسـتەیەکی ڕێزمـانی، واتە زیاتر ڕستەی سادەی بکەردیار بەرهەمدەهێنێت.

## ١١-١/٤ جێکەوتەی بکەر و بەرکار لە ڕستەی ئاڵۆزدا:

لە ڕستەی ئاڵۆزی سـەردیارخراو بەجێنـاودا ("جـێکەوتەی بـکەری(nom) یـان جـێکەوتەی بەرکاریacco جێکەوتەیەکی شکاوەی ناو ڕستەیەکی دیکەیە، کە سەرەتا یـان ناوەنـدی ئەم جۆرە ڕستەیە دەگرێت کە شەقی دەکات." (عەبدولجەبار مستەفا مەعـروف،٢٠٠٩ : ١١٧) کە لە ڕێی پێکهاتی فرێزەکە دەناسـرێتەوە. واتە بە فـۆڕمی١- "(Art+n) Dem +n دەکرێ فۆڕمی ڕسـتەکان دیـاریکرێ و جـێکەوتەی دوای خـۆی ڕسـتەن بەڵام ٢-ئەگـەر بە پارتیکڵ دروست بو ئەوا جێکەوتەی یەکەمی دوای خـۆی ڕسـتیلە (پاڕسـتە)و ئەویتریـان ڕستە دەبێت وەجێکەوتەی سەرەکە دیارخەرییە" (هەمان سەرچاوە :١٢١)وەك :

- کتێبێك، کە تۆ دات نابێت،بەسود دەبێت.

i j i j i

- دیارییێك، کە من بیکرم، جوان دەبێت.

کەواتە ئەو جێکەوتانە بۆ پێکهاتەکە بەخورتیە و تەواوکەرن و ڕستەی ئاڵۆز دروستدەکەن (ئەم ڕستانەبەندن) واتە پێویستن بۆ بەشداربونی ڕستەی ئاڵۆزەکە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جێکەوتەی **optional** هەن ڕوونکەرەوەی ڕستەی پێش خۆیانن واتە دیارخەرین کە جێکەوتەی دوای خۆیان **optional** ن ئەمانە ڕستەی ئاڵۆزی ئازاد دروست دەکەن، ئەگەر لابدرێت واتای ڕستەی سەرەکی تێك ناچێت تەنیا دەبێتەوە بە ڕستەیەکی سادە. وەك:

- من بە ڕۆژ دەخوێنم، بۆیە زو دەنوم.

## ١٢-١/٤ ڕستەی سەرجێناوی و سروشتی پاڕستە دیارخەری دیارخراوی:

ئەم جۆرە ڕستەیە بریتییە لە ڕستەیەکی گەیەنەر، زانیاری دەربارەی سەری ڕستەی سەرجێناوی دەدات و بە ئەرکی دیارخەری هەڵدەستێت کە "نزیکایەتی و تایبەتیەتی و پەیوەندیەکی واتایی هاوبەش لەگەڵ کەرەسەیەك یان بەشێك" (صلاح حويز رسول،٢٠٠٦: ٩٧) لە ڕستەی سەرەکی دروستدەکات. لە ڕووی پێکهاتەوە ئەم ڕستەیە شێوەی تایبەتی خۆی هەیە کە لە خوارەوە لە بارەیانەوە دەدوێین .

## ١-١٢-١/٤ پێکهاتی شاڕستە لە پاڕستەی دیارخەری دیارخراودا:

جۆرێکی تایبەت لە ڕستەی ئاڵۆز هەیە، کە لە لێکدانی شاڕستە و پاڕستەدا، جگە لە ئامرازی گەیەنەری (کە) جێناوی نیشانە (ئەوە) لەگەڵ (ی)ی خستنەسەر ڕۆڵێکی واتایی بەرچاو دەبینن لە پێکەوە بەستنەوەی شاڕستە و پاڕستە و ڕۆنانی ئەو جۆرە ڕستە ئاڵۆزانە.

جگە لە سەرە (ئەو..ی) وەکو دیارخەر **Spec** سەرە ئەرك دەبینن کە دەکرێ بوترێ جۆرێکە لە جۆرەکانی مۆدیفایەر کە زیاتر زانیاریمان دەداتێ لە بارەی کەسێك یا شتێك کەقسەی لەبارەوە دەکرێ (**Omer, A. 2006; 11**) واتە وەکو بەشێکی ناسەرەکی بۆ زیاتر دەرخستن و ڕوونکردنەوەی فرێزی ناوی بکەری یان بەرکاری بەکاردێت، دەبێتە بەشی ناوی ڕستەی سەرجێناوییەکە، بەڵام ئەگەر بە تەنیا فۆڕمی (ئەوەی) بەکارهات. وەك:

- ئەوەی هات، برام بو.

کە لەسەرێکی جێناوی (ئەوە) و ئامرازێکی خستنەپاڵی (ی) دروست بوە. واتە دەبێتە سەرجێناوێکی ئاماژە لە ڕستەی سەرجێناویدا. هەروەها دەکرێ سەری ڕستەی سەرجێناوی بە ئامرازی (ناسراوی و نەناسراوی و کۆ) دیاریخرێ. کاتێك ناوبێ کە لەم بارەدا جێناوە ئاماژەکە دەرناکەوێت. چونکە "ناوی ئیشارەو (ەکە) و (ێك) هەرگیز لەگەڵ یەکتر دەرناکەون" (وریا عومەر ئەمین.١٩٨٦ : ١٨٣-١٨٩). وەك:

ئەو + ناو + ە + ی ئەو کچەی

ئەوە + ی ئەوەی

ناو + ەکە +ی کچەکەی

ناو + ێك پیاوێك

ناو + ەکە + ان + ی پیاوەکانی

کەواتە لە ڕستەی سەرجێناویدا سەرێکی ناوی مەرجی دروست بونیەتی. هەر دو فۆڕمی (ئەو + ناو + ی) یان (جێناوی ئاماژە + ی) دەتوانن لە شوێنی یەکتردا لە پەیوەندی ستونی دابن و هەمان ئەرك جێ بەجێ بکەن. وەك:

- ئەو کوڕەی، کە pro هات، دراوسێمانە.

- ئەوەی، کەpro هات.

هەر دو فرێزی (ئەو کوڕەی) و (ئەوەی) لە هەر دو ڕستەکەدا هەمان ئەرك جێ بەجێ دەکەن. لەم بارەدا دەکرێ بگوترێ بکەرەکان لە ڕستەی سەرەکی هەمان دۆخی بکەرەکانی ڕستەی تەواوکەری کات و کەسداریان هەیە.

## **٢-١٢-١/٤ پاڕستە دیارخەری دیارخراوی لە ڕستەی سەرجێناوی:**

ئەو پاڕستەیەیە لەڕستەی سەرجێناویدا، کە دەبێتە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی یان جێناوی لە شاڕستەدا یان کەرستەیەکی بەندە. بە ئامرازی لێکدەری (کە) دەست پێدەکات و زۆرجار بە (ی) خستنەسەر بەسەرەکەوە بەستراوەتەوە. هەرچەندە دەکرێ لە هەندێ باردا لە شوێنی یەکتری بەکاربێن و کاری یەکتری تەواو بکەن "ئەم جۆرە ڕستە شکاوانەی ناو ڕستەی ئاڵۆز هەمیشە دیارخەرین. ئینجا چ دیارخەری کەتیگۆری

بکەری یان دیارخەری کەتیگۆری بەرکاری ڕستەی سەرەکی بن" (دارا حمید محمد،٢٠١٢ : ١٣) زۆر جار ئەم پاڕستەیە دەکەوێتە ناو ڕستەی سەرەکییەوە لەدوای ناوی دیارخراوەوە دێت فرێزی ناوی دیارخراویش کە "سەری جێناوی واتە (جێناوەکە یان ناوەکە) لە زمانی کوردیدا دەگرێتەوە، بەپێی تافی کردار دابەشبونێکی تەواوکەرانەیان هەیە" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١ : ٢٦) کە پێویستی بە وەیە تەواو بکرێت یاخود دیاربخرێت. وەك:

- ئەو کتێبەی، من کڕیم ، دەربارەی زمانەوانی بو.

پ د دیا

## ٣-١٢-١/٤ گوێزانەوە لە پاڕستەی دیارخەری دیارخراوی سەرجێناویدا:

ئەو کەرستەیە کە گوێزانەوەی بەسەر دادێت "ئەو سەرە جێناوییە یە کە لە ڕستە شکاوەکە دەرهێنراوە و هێنراوەتە پێشەوە، گونجاوە لەگەڵ نیشانە تایبەتیەکانی وەچە دیاریکردنی کردارەکەدا ڕستیلەی ڕستە سەرجێناوییەکە، کە شوێن پێیەکی تێدایە کە شوێنی بنەڕەتی سەرجێناوییە گوێزراوەکەیە" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١ : ٢٦٦ ) ئەمەش لە ئەنجامی لێکدانی هەر دو لاڕستەکە دروست دەبێت، چونکە "کاتێك دو ڕستە لێکدەدرێت، کەرستەی هاوبەشی نێوانیان لە ڕستەی دووەم لادەچێت" ( Fowler, R. 1971; 150) کەواتە شوێن پێیەکە شوێنێکی بۆشی فرێزی ناوییە کە گوێزانەوەی بەسەردا هاتوە، لەگەڵ کەرستە گوێزراوەکە بەیەك دەبەستێتەوە. Cowper, E. A.) (86 ;1992شوێن پێیە بۆشەکە هەمان ئەرکی کەرستە گوێزراوەکەی دەبێت، پاڕستەکەش دەبێتە دیارخەری سەری ڕستە سەرجێناییەکە لە ڕستەی سەرەکیدا، بەیارمەتی ئامرازی (ی کە) لەم جۆرەی ڕستەدا، وەك:

- ئەو پیاوەی کە دانیشتوە، باوکمە.

- ئەو پیاوەی دانیشتوە، باوکمە.

کەواتە لەم ڕستانەدا بەهۆی یاسای گوێزانەوە کەرستە لە پاڕستەی دیارخەریدا کرتاوە شوێنپێیەکی لێ بەجێماوە، جگە لەمەش دەکرێ ئامرازی لێکدەر لاببرێت کە ئەرکیان بەیەکەوە گەیاندنی هەر دو ڕستەکەیە، بەڵام لە ئاستی ژێرەوە بونیان هەیە. وەك: - ئەوپیاوەی کە هات، دراوسێمانە.

ڕ ئا ← ڕ. سەردیارخراوی + پا. دیارخەری دیارخراوی

ئەو پیاوە هات. + ئەو پیاوە دراوسێمانە.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە پێکهاتە سەرجێناوییەکەی بە مۆرفۆلۆژی بەستراوە ئەوە دەردەخات کە ئارگومێنتەکان سنوریان بۆ دانەنراوە "چونکە هەم ئارگومێنتە دەرەکییەکە و هەم ئارگومێنتە ناوەکییەکەی بەشی کردارەکە دەتوانن لەڕستیلەی ڕستەی سەرجێناوییەکەدا لەلایەن ئەوەوە بەسەرجێناوی ببەسترێنەوە. ئەم پەیوەندی بەستنەوەیە دەتوانێت بەسەر چەند ئارگومێنتێکی جیاوازدا تێپەڕێت و بپەڕێتەوە و بیانگرێتەوە" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١ : ٢٦١) وەك:

- ئەو پیاوەی کە pro لێرەبو، pro مامۆستای ئێمەبو.

## ١٣-١/٤ ئەرکی فرێزی سەردیارخراو بەجێناو لە ڕستەی ئاڵۆزدا:

## ١-١٣-١/٤ ئەرکی دیارخەری (بکەر لە شاڕستە - بەرکار لە پاڕستە):

واتە لە هەر دو بەشە ڕستەی ناو ڕستەی ئاڵۆزدا، بکەر لە شاڕستە و بەرکار لە پاڕستە، فرێزی ناوی لە ڕستەی دیارخراو بەجێناوی شاڕستەدا جێکەوتەی بکەری هەیە، بەڵام هەمان فرێز وەك کەرستەیەکی شکاوەی ناو ڕستە (پاڕستە) ئەرکی دیارخەری بەرکاری پێدەسپێردرێ و وەك ئارگومێنتێك کە لەلایەن کارەوە داواکراوە ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەیە لەکەس و ژمارەدا واتە لە پاڕستەدا ئەرکی دیارخەری بەرکاری وەرگرتوە. وەك:

- ئەو کوڕەی، کە pro باوکی خۆشی دەوێت، هات.

I بەرکار i

کەواتە فرێزی ناوی (ئەوکوڕە) لە ڕستەی سەرەکیدا ئەرکی بکەری هەیە کە هاونیشانەیە لەگەڵ (ی) ڕستە تەواوکەرەکە، بەڵام لە ڕستەی تەواوکەردا ئەرکی بەرکار جێبەجێ دەکات، ئەمە جیاوازی جێکەوتەکان دروست دەکات لە ڕستەکانی ناو ڕستەی ئاڵۆزدا.

## ٢-١٣-١/٤ ئەرکی (بکەر لە شاڕستە – بکەر لە پاڕستە):

فرێزی ناوی لە شاڕستەدا جێکەوتەی بکەری هەیە، وەك کەرستەیەکی شکاوەی ناو پاڕستە هاونیشانە دەبێت کاتێك هەمان ئەرکی ڕستەی سەرەکی هەبێت لە ناو پاڕستەدا، فرێزە ناویەکە لە هەر دو ڕستەکەدا شێوەی (+بکەر ،pro+ بکەر) وەردەگرێ، "بکەری ڕستیلەی ڕستە سەرجێناویەکە (شاڕستە)" (محەمەد مەحوی،٢٠٠١: ٢٢٦) کە

ڕستە سەرەکییەکەی پێدەناسرێتەوە بەئاشکرا دەرکەوتوە و گونجاوە لەگەڵ وەچە دیاریکردنی کارەکە و شوێنپێیەکی لە پاڕستەدا بە شێوەی**pro** بەجێهێشتوە، کە هەمان ئەرك جێبەجێ دەکات کە شوێنی بنجی سەرجێناوییە گوێزراوەکەیە بەمەش ئەم **pro** یە لە پاڕستەدا وەك ئارگومێنتێکی ناوەکی کار ڕەفتار دەکات. وەك:

- ئەوکوڕەی، **pro** کە باوکی خۆش دەوێØ، هاتØ.

ئامادەنەبونی فرێزە ناوییەکە وەك ناوێکی سەربەخۆ لە پاڕستەی دیارخەری و ئاماژە پێکردنی بە ڕاناوی ڕێککەوتن (Ø) ئەوە دیاردەکات کە هەبونی بکەری شاڕستە ئەوکاتە بونی نیهادی پاڕستە دەسەلمێنێ، کە ئەم بکەرە لەگەڵ نیشانە تایبەتیەکانی کەس و ژمارە و دیار و نادیاردا یەکبگرنەوە کە بە**pro** شوێنی پڕ دەکرێتەوە.

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

١ـ هەموو پاڕستەیەك دیارخەریە و وەك ڕستەیەکی لاوەکی وەسفی کەرەسەیەك لە کەرەسەکانی شاڕستە دەکا. ئەگەر وەسفی ناوێکی کرد، دەبێتە پاڕستەی ئاوەڵناوی و ئەگەر وەسفی لایەنێکی کاری شاڕستەی کرد، دەبێتە پاڕستەی ئاوەڵکاری.

٢- هەمو جۆرە پاڕستەیەك هەر چییەکی بێ ئەرکی ڕێزمانیی، بەهەمان دەستە یاسا تێهەڵکێشی شاڕستەکە دەکرێ.

٣- یاساکانی تێهەڵکێش کردنی پاڕستە بە شاڕستە بەم هەنگاوانە ئەنجام دەدرێ:

ا- دەستنیشان کردنی بنجی **Deep structure** ی، شاڕستە و پاڕستەکان.

ب - هاو کرتاندن.

پ- خستنەسەری (ی)ی بەستن و ئامرازی (کە)، یان دەشێ بێ ئامرازیش بێ.

ت - ڕیزکردنی ڕستە و وشەکان بەپێی یاساکانی ڕیزبەندیی وشەکان و بەشە بنجییەکان لە ڕستەدا.

٤-لە کاتی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار بکەر لانابرێ، بەڵکو دەگۆڕدرێ بۆ مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار، بەرکاریش هەر بە بەرکاری دەمێنێتەوە، بەلام بە پرۆسەی بەلوتکەکردن دەبێتە نیهادی ڕستە.

٥- بە پێی ڕێزمانی بنیاتنان و گوێزانەوە، پرۆسەی ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆز، سەرباری لایەنە واتاسازیەکەی پرۆسێسێکی ماتماتیکییە کە بە ژمارەیەکی سنوردار وشە و ژمارەیەکی کەم یاسا ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕستە دادەڕێژرێ.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

**ئازاد ئەحمەد حسەین** (٢٠١٢) یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا- شێوەزاری سلێمانی. گ. زانکۆی کۆیە. ژ٢٢.

**ئازاد ڕەمەزان عەلی** (١٩٩٩) لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی زمانی کوردی. نامەی ماستەر. کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕووشد. زانکۆی بەغدا.

**ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم** (٢٠٠٨) ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلی دا. نامەی ماستەر. کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان. زانکۆی سەلاحەددین.

**ئومێد بەرزان برزۆ** (٢٠١١) دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا. چ. گەنج. سلێمانی.

**ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا** (١٩٩٠) بکەر وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا. نامەی ماجستێری بڵاونەکراوە. زانکۆی سەلاحەددین.

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف** (٢٠١٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی. چ٢. چ. ڕۆژهەڵات. هەولێر.

**ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم** (١٩٨٠) ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتوی دیارخەر. دەزگای ڕشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – بەغداد.

________ (١٩٨٦) هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا. چ١. چ. علاء. بەغدا.

**بازیان یونس محێدین** (٢٠١٠) ڕستەی شوێنکەوتو لە زمانی کوردیدا. گ. زمانناسی. چ. منارە. هەولێر. ژ٦.

**بەکر عومەر عەلی** (١٩٩٢) بەستن و کرتاندن لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سلاحەددین.

________ **و ئازاد ئەحمەد حسەین** (٢٠١٢) تێڕووانینێکی نوێ بۆ ڕستەی ئاڵۆز. گ.

زانكۆی كۆیە. ژ٢٥.

**پەسار محەمەد حەسەن سەعید** (٢٠١٣) ڕۆڵی لاڕستێ دڕستێن لێكدای و ئاڵۆزێن زمانێ كوردیدا. نامەی ماستەر. فاكولتیا زانستێن مرۆڤایەتی. سكولا ئاداب.زانكۆیا دهۆكێ.

**تالیب حوسێن عەلی** (٢٠١٤) هەندێ لایەن لە پەیوەندیی نێوان ڕستە و واتا لە كوردیدا. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

**حاتەم ولیا محەممەد** (٢٠٠٠) فرێزی ناوی و فرێزی كاری لە كرمانجی ژوروداِ نامەی ماستەر. كۆلێژی زمان. زانكۆی سلێمانی.

________ (٢٠٠٩) پەیوەندییە ڕۆنانییەكانی نواندنە سینتاكسییەكان.چ. خانی. دهۆك.

**خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول** (٢٠٠٨) بەركار لەزمانی كوردیدا – بەپێی ڕێبازی فۆڕمی. چ. وەزارەتی ڕۆشنبیری. هەولێر.

________ (٢٠١٢) ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لەڕووانگەی دەسەڵات و بەستنەوەدا. نامەی دكتۆرا. فاكەڵتی ئاداب. زانكۆی سۆران.

**دارا حەمید محەممەد** (٢٠١٢) شیكاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕووانگەی پڕاكماتیكەوە. نامەی دكتۆرای بڵاونەكراوە. فاكەڵتی پەروەردە. زانكۆی سلێمانی.

**دیار عەلی كمال** (٢٠٠٢) ڕێزمانی كوردی ڕووانگەیەكی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە. نامەی ماستەر. كۆلێژی پەروەردە. زانكۆی سەلاحەددین.

**ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی** (٢٠٠٣) ئامرازی بەستنەوە لە زمانی كوردیدا. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

**ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی** ( ٢٠٠٣) ڕستە و پاش ڕستە – تێڕووانینێكی ئەركی. نامەی دكتۆرای بڵاونەكراوە. كولێژی ئاداب. زانكۆی سەلاحەددین.

________ (٢٠١٠) ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی كوردی. چ. حاجی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ـــــــــــــــــــــ (۲۰۱۳) هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی. چ. حاجی هاشم. هەولێر.

**سەباح ڕەشید قادر** (۲۰۰۹) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لەزمانی کوردیدا. چ. حاجی هاشم. هەولێر.

**سەلام ناوخۆش** (۲۰۰۷) تێڕووانینێك لە : لە یاسا بنجییەکانی داڕشتنی ڕستە لە زمانی کوردیدا. ڕۆژنامەی بەدرخان. ژ ۸۳ ی ۲۰۰۷/۷/۲۲.

**شادیە ساڵح مستەفا** (۲۰۱٤) هەندێ لایەنی ڕێزمانی فەرهەنگی – ئەرکی لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی پەروەردە. زانکۆی سەلاحەددین.

**شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی** (۲۰۰٤) یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لەزمانی کوردیدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەددین.

**شێرزاد سعید صدیق** (۲۰۰۸) ڕستەی زمانی کوردی بەپێی تیۆری (کەتیگۆری و پێوانە) ی هاڵیدەی – لێکۆڵینەوەکی وەسفییە. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمانزانکۆی سەلاحەددین .

**شیلان عومەر حسەین** (۲۰۱۱) پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا. نامەی دکتۆرای بڵاو نەکراوە. کۆلێژی زمان . زانکۆی سلێمانی.

**صلاح حویز رسول** (۲۰۰٦) ڕستەسازی و واتاسازی (بون). نامەی ماستەر. کۆلێژی پەروەردە. زانکۆی کۆیە.

**عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان** (۲۰۰۹) فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.

**عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول** (۲۰۱۱) پۆلینکردنی ڕستەی کوردی- توێژینەوەیەکی ڕستەسازییە. گ. ئەکادیمیای کوردی. ژ۱۷.

ـــــــــــــــــــــ (۲۰۱٤) پوختەیێکی وردی ڕستەسازیی کوردی. چ۳ . چ. هێڤی. هەولێر.

**عەبدولجەبار مستەفا مەعروف** (۲۰۰۹) دروستەی ڕستەی ئاڵۆز. نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

**غەریبە عەگید خەلیل** (٢٠٠٩) بەراوردکرنا ڕستا ئالۆز د ناڤبەرا زمانێ کوردی – گۆڤەرا بەهدینی و فارسیدا. نامەی ماستەر. کۆلێژا ئاداب. زانکۆیا دهۆکێ.

**ڤیان سلێمان حاجی** (٢٠٠٩) کەرستە بەتاڵەکان لەڕووانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە- شێوەزاری کرمانجی سەرو. چ. حاجی هاشم. هەولێر.

**قەیس کاکل تۆفیق** (٢٠٠٢) پەیوەندییەکانی نێو دەق. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەددین.

**کاروان عومەر قادر** (٢٠٠٨) ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا بەکەرەسەی کرمانجی خوارو. چ١. چ.تیشك. سلێمانی.

**کوردستان موکریانی** (١٩٨٦) سینتاکسی ڕستەی سادە لەزمانی کوردیدا. چ. دارالحریە. بەغدا.

———— (٢٠٠٠) سینتاکسی ڕستەی کوردی. چ١. چ. وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

———— (٢٠٠٤) سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ. چ١. دەزگای ئاراس. هەولێر.

**محەممەد مەحوی** (٢٠٠١) ڕستەسازیی کوردی. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

**محەمەد مەعروف فەتاح** (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. کۆکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر. چ ڕۆژهەڵات. چ١. هەولێر.

**محەمەد ئەمین هەورامانی** (١٩٨١) زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراورد دا. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغدا.

**میدیا جلال مجید** (٢٠١٢) سینتاکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.

**نوری عەلی ئەمین** (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی. چ. کامەران. سلێمانی.

———— (٢٠١٤) ڕێزمانی کوردی. چ٤. چ. ڕۆژهەڵات. هەولێر.

**نەوزاد ئەنوەر عومەر** (٢٠١٤) کۆزەتیڤ لە زمانی کوردیدا. چ. حاجی هاشم. هەولێر.

**هـ. د. ویدۆوسن** (٢٠٠٨) سەرەتایەك بۆ زمانەوانی. و. هۆشەنگ فاروق. چ١. چ. خانی. دهۆك.

**وریا عومەر ئەمین** (١٩٨٢) ڕێککەوتن لە زماندا. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ٩٢.

________ (١٩٨٦) بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ١١١.

________ (١٩٨٦) مردنی وشە. گ. کاروان. ژ. ٤٥.

________ (١٩٨٦)ڕێزمانی ڕاناوی لکاو. د. ڕۆشنبیری بەغدا.

________ (١٩٩٢) لە پەیوەندییەکانی بکەر نادیار. گ.ڕۆشنبیری نوێ. ژ١٢٩.

________ (١٩٩٥) لێڵی لە زمانی کوردیدا. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ١٣٦.

________ (١٩٩٨) مەرج و یاساکانی لە زمانی کوردیدا. گ. کۆڕی زانیاری. بەغدا. ژ٢٧-٢٨.

________ (٢٠١٣) بکەرنادیاری مۆرفۆسینتاکسی. گ. ئەکادیمیای کوردی. ژ٢٦.

________ (٢٠١٤) مۆرفۆسینتاکس وەك سەرچاوەیێك بۆ داڕشتنی وشە لە زمانی کوردیدا. گ. ئەکادیمیای کوردی. ژ٢٩.

________ (٢٠١٥) ئەرکی ڕێزمانی و لۆژیکی. ڕۆژنامەی بەدرخان .ژ١٧٢.

**یوسف شەریف سەعید** (٢٠٠٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی. چ. حاجی هاشم. هەولێر.

**یوسف نوری محەمەد ئەمین** (٢٠١٠)هەندێ لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.

# سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

**Amin, W. O.** (1979) Aspects of the Verbal Construction in Kurdish. D.Phil Thesis presented to the University of London. Published (2011) by Kurdish Academy.

____________.( 1976) Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure. London

**Aziz, A. O. (2006)** The Syntax of Relative Clauses in English with implication for teaching. Salahaddin University. Arbil.

**Boskany, S. A. F.** (2014) Acontrastive Analysis of Agreement in Standard English and Standard Kurdish. P. Haji Hashim. Eirbil.

**Chomsky ,N. (**1965) Aspects of the Theory of Syntax. MIT Press. Cambridge. Mass.

____________ (1985) Knowledge of Language: Its nature , Origin Use. New York. Praeger.

**Cook , V. J. & Newson, M.** (1997) Chomsky's Universal Grammar. 2$^{nd}$ ed. Blackwell

**Cowper , E. A.** (1992) A concise Introduction to Syntactic Theory. The GB Approach . Chicago. University of Chicago Press.

**Crystal, D. (2012)** A Dictionary of Linguistics and Phonetics. 6$^{th}$ ed. Blackwell. Education.

**Fillmore , c. J.** (1968) The Case for Case. In Bach and Harms.

**Finch, G.** (2005) Key Concepts in Language and Linguistics. 2$^{nd}$ ed. Palgrave Macmillan.

**Fowler, R.** (1971) An Introdoctio to transformation syntax, redwood burn, London.

**Fromkin, V., Rodman , R.,** (1978) An Introduction to Language 2$^{nd}$ ed. Holt, Rinehart and Winston, New York.

**Galali, R. R. S.** (2007) Acomparative Study of Verb Phrase Structure In Standard English and Central Kurdish. MA.Theses. Salahaddin. University.

**Hamash. K. & Abdulla. J. J.** (1979) A course in Modern English Grammar. Baghdad.

**Huddleston, R.** (1976) An Introduction to English Transformational Syntax. Longman

**Jacobsen , B**. ( 1976) Transformational Generative Grammar. North – Holland.

**Omer, A. A (2006)** The syntax of Reltive Clauses in English with Implications for Teaching. M.A Theses. Salahaddin. University.

**Radford , A.** (1997) Syntax : A minimalist Introduction. Cambridge. Cambridge University Press.

**Smith, N. & Wilson , W.** (1979) Modern Linguistics – The Results of Chomsky's Revolution. Penguin.

**Tallerman. M**. (2009) Understandig Syntax, 2nd ed. Hodder education, London.

**Trask, R. L**. (1993) A Dictionary of Grammatical Terms in linguistics. Routledge. London.

# ABSTRACT

A sentence is a linguistic unit which consists of one or more than one word, that are grammatically linked which expresses a complete thought

Universally and structurally there are four types of sentences: (Simple, Compound, Complex, and Compound-Complex)

Simple sentence consists of an independent clause, so it contains a subject and a verb Compound sentence consists of two or more simple sentences joined by conjunction articles (and, but, or…in English) Complex sentence consists of a combination of an independent clause and a dependent clause Compound-complex sentence consists of a combination of combination of simple and complex sentences

This thesis which is entitled (Sabordinate Sentence in Central Kurdish), Deals with complex sentence in Kurdish It specifies its types, its constituents and its formation rules It consists of four chapters

**Chapter One** deals with the title, aim, purpose, limitations, problem hypothesis, theoretical framework and the data of the research

**Chapter Two** is entitled (Syntax of Simple Sentence), it presents definition of sentence , Its main parts, and rules of formation in term of the (PSR) Phrase Structure Rules

**Chapter Three** which is entitled (The types of embedded Sentences) is two sections First section deals with the types of sentences The division of sentences into simple and Complex and the types of Complex sentence into coordinated and Subordinated Second section deals with the types of subordinated (Nominal, Adjectival and Adverbial) sentences

**Chapter Four** is entitled (Aspects of complex Sentences) deals with the word Order, and the transformational rule of generating Passive Voice, Ambiguity, Clticization and Conditional sentences within complex sentences The data are analyzed and manifested by tree diagrams

The thesis ends with some conclusions and a bibliography

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Sabordinate Sentence in Central Kurdish

A THESIS

**Submitted to the Council of College of Education University Salahaddin - Erbil in Partial Fulfilment of the Requirements for the Ddegree of Master in Kurdish Language**

**By**

**Viyan Bakir Abdulrahman**

B.A. - Salahaddin University 2007

**Supervised by**

**Prof. Dr. Waria Omar Amin**

Erbil, KURDISTAN

August 2015